
عەبدوڵڵا پەشێو

# هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا



شیعری ١٩٨٠-٢٠٠٥




# نووسینی کتێبەکان

13 Pending Posts

Activity Log Edit Profile View as

# برووسکه‌چاندن

١٩٨٠ - ١٩٨٨

# ئیدیا

چەند ڕۆژێکە،
ئیدیای شیعرێ،
وەک مەلێکی سپیی تیژباڵ،
لێم ناگەڕێ و لێم ناگەڕێ.
هەرچەندِ خۆمی لێ ون دەکەم،
لە پڕێکا
هەوری بیرم دەقڵیشێنێ و تێدەپەڕێ.

هەدا نادەم!
نازانم کەی
ئەو باڵندە کێویلەیە هەڵدەنیشێ؟
کەی ڕام دەبێ؟ کەی لێم ڕادێ؟
دەڵێی ژنە!
دوای دەکەوم ـ بۆم ناگیرێ.
دەکشێمەوە ـ بە دوامدا دێ.

٢٩/١/١٩٨٠- بوداپێست

# تا نیوەی ڕێگە هاتووین

تا نیوەی ڕێگە هاتووین.
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟!
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

* * *

ها گولله، لێی بپرسن،
پاش ئەوەی ئاگر دەدرێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟

ها وشە، لێی بپرسن،
کاتێ لە دەم هەڵدەفڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟

ها جۆگە، لێی بپرسن،
کە بەرەو چەم ڕێ دەبڕێ
قەت ئاوڕ دەداتەوە؟

تا نیوەی ڕێگە هاتووین.
بیر لە چی دەکەنەوە؟
تازە بۆ کوێ؟ بۆ دواوە؟
دە تەماشای دواوە کەن،
چ شوورەیەک بە هێسکی
شەهیدان هەڵچنراوە!

۱۹۸۰/۲/۹

# بۆ قەرەجێك

( ١ )

بەس تەماشای ناولەپم کە!
خۆ من نامەوێ پێم بڵێی
دەبم بە باوکی چەند منداڵ،
زەنگین دەبم یا هەروا لات...
تەنیا شتێکم پێ بڵێ:
هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،
یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟!

٢٥/٢/١٩٨٠- مۆسکۆ

( ٢ )

ئاسمانی تۆ بەرپێی خۆتە.
سەرت شۆڕ کە،
ملت کەچ کە،
چاو مەگێڕە
بۆ ئاسمان و ئەستێرە و خوا ـ
ئەوەی بستێک خاکی نەبێ
خوا و ئەستێرە و ئاسمانی کوا؟!

پۆتسدام -١٩٨٢/١/١٨

( ٣ )

مەراق مەخۆ،
سەغڵەت مەبە، من بۆ تۆمە.
بەری دەستم کەس تێی ناگا،
نهێنییەکەی هەر لای خۆمە.
ناولەپ نییە!
نەخشەیەکی پڕ نەوال و چیا و چۆمە!

١٩٩٢/٢/٢٩ - مۆسکۆ

# نهێنی

خانمۆڵەکەم!
دە پێم بڵێ:
لەکوێ فێر بووی،
هۆنراوە بکەیتە پەخشان؟
لەکوێ فێر بووی،
دەریای یاخی
ئارام بکەی وەکوو ئاسمان؟

خۆ تۆ شلکەنەمامێکی، گیانی گیانان،
چۆن دەتوانی
سندم لە پێی گڕکان بکەی،
لغاو بکەی دەمی زریان؟

چۆن بە ساتێک
ئاوا ژینم دەڕەنگێنی،
بە ساتێکیش
بەستەڵەکی تیا دەکەیتە سەرچۆپیکێش؟
چۆن بە ساتێک
وەکوو ئاگر هەڵمدەکەی،
بە ساتێکیش ئاوا دەمکەی بە خۆڵەمێش؟

١٩٨٠/٣/١٥- مۆسکۆ

## ئێمە درەختی...

ئێمە درەختی زڕ و بێبەر نین،
تا لە چوارلاوە بمانبڕنەوە.
ئێمە تووتن نین،
چەرچی و بازرگان
بمانفرۆشن و بمانکڕنەوە.
ئێمە بە هەنیەی دنیاوە تف نین،
بە سووکەدەستێک بمانسڕنەوە.

ئەو دڵە پاکەی گوانەنەوتێکی داگیرکەرانە -
سبەی ملیۆنان ڕمی باڵدارە.
ئەو نیشتمانەی بەردەبازێکی بەرپێی هەموانە
سبەی ملیۆنان سەنگەری سوارە.

* * *

هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!
لە هەستاندا ئێوە یەکن:
یەک بیر، یەک ڕێ، یەک مەبەستن.

هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!
لە هەستاندا ئێوە زۆرن:
چل ملیۆن چاو، چل ملیۆن قاچ،
چل ملیۆن مەچەک و دەستن.
هەستن، هەڵۆی شاخان، هەستن!

١٩٨٠/٤/٢٢ - مۆسکۆ - وارشۆ

# نزا

بیستوومە، دەڵێن:
خۆر، وەک مەلێکی پەڕوباڵ زێڕین،
ناولەپی مەزدەی کردۆتە لانە.
تا ئەم نەبزوێ،
خۆر لە جێگەی خۆی ناجوڵێتەوە:

ئاهوورەمەزدە!
زۆر نا، هەر جارێک،
هەوارگەکەی خۆت وەبیربێتەوە...
تەکانێک بدە،
دەستێک ببزێوە،
بەڵکوو تیرێژێک بیگرێتەوە.

٢٦/٤/١٩٨٠ - پۆڵۆنیا / ئەپۆلی

# بۆ ڕۆزە

کاتێ من وەکوو
پاسارییەکی ڕاوکراوی تۆ،
لەرزەلەرزم بوو
لە بەر بارانی شینی چاوی تۆ،
لە دەنگی تۆدا
بە ئاستەم زەنگی کڵێسە لێی دا:

« کوردم خۆشدەوێ...

کورد جەنگاوەرە... »

سا توخوا وەرە!

خۆ من کوردم و تا سەر هێسک کورد...

بۆیە ببوورە گەر لێت بپرسم:

پێم ناڵێی بۆچی

هێندە لە ژوانی

بارانی شینی چاوت دەترسم؟!

١٩٨٠/٥/٩ - پۆتسدام

# تەنیایی

ئەم دنیایە لە هوندوڕی جەنگەڵ دەکا
شێی نەفەسبڕ
ڕەگی بوونم گەندەڵ دەکا،

بگرەوبەردەی نابڕێتەوە،
هەر تەنیایی
چرای هزر و خۆبینینم بۆ هەڵدەکا

بەڵام بریا، خاتوونەکەم، تۆ دەتزانی
هەندێ شەوان تەنیایی چیم لەگەڵ دەکا!

دێ، دەتەنێ دەشتی ڕۆحم بە هۆبەی خەم،
بەهاریش بێ شینکەم نوقمی خەزەڵ دەکا

هەر ئەو دەمبا بۆ خەڵوەتگە،
هەر ئەویش دێ،
لە پڕێکا میحرابەکەم چەپەڵ دەکا

وات چەش کردووم بە تاموبۆی سفرەی لەشت
جارجار نەفسم لە گورگێکی زیتەڵ دەکا

تا بەیانی دەلوورێنێ و مانگ ڕاو دەنێ،
ئەلهای کەزی و شلکەی ڕان و کەفەڵ دەکا

پەریی شیعر، ئەوەی کچی تەنیاییمە،
تۆم لا نەبێ لە تارمایی و کۆتەڵ دەکا

هەر ئیکسیری باوەشی تۆ
هەردوو بەهەشت،
گۆشەگیری و گەرمیی بەدەن، تێکەڵ دەکا

گوناهت کرد کە نەهاتی،
تووڕەش نابم -
کچ نەمامە،
پێش گڕگرتن دووکەڵ دەکا!

١٩٨٠/٥/١٠ - پۆتسدام

# دەفتەری سوور

ولاتانی تێری جیهان
دەفتەرێکی سووریان هەیە،
بۆ ئەو مەل و گیاندارانەی
کە کوشتنیان قەدەغەیە.

تکا دەکەم لە یۆنیسکۆ،
لە دەفتەرە سوورەکەیدا

ناوی منیش تۆمار بکا.
لە ڕاوکەر و بازرگانان
کەوڵ و پێستم ڕزگار بکا.

ئەمن چبکەم!
نە خزۆکم، خشپەیەک هات،
بۆ زەندۆڵێک تێتەقێنم،
وەک با تەی کەم خەرەند و هەڵدێر و تەلان.
نە دەعباشم،
بە کەڵبە بێچوو هەڵگرم،
کونەشاخێک بکەم بە لان!

ئەمن چبکەم!
نە باڵندەم
دەرگەی ئاسمان ڤەکەم بە باڵ.
نە ماسیشم
ناخی دەریا پەنام بدا و
پەی پێم نەبا چاوی خەیاڵ...

من هەم و نیم دووپێیەکم،
کەچی ئەوا زەردەواڵەی دووپێ دەمخۆن،
تێم ئاڵاون
لە ڕاست و چەپ، لە خوار و ژوور.
سەرتاپام هەمووی برینە،
پەنام بدە،
دەخیلت بم، دەفتەری سوور!

٢/٦/١٩٨٠- مۆسکۆ

# دوێنێ و ئەمڕۆ

دوێنێ ویستم
بێمە بەردەمت، چۆک دادەم.
پەردە لەسەر چاوی شینی ئەوین لادەم.
نەفسی بەرزم ڕێگەی نەدام،
ترسام بڵێی:
« ئارام بگرە... هێشتا زووە...»
کەچی ئەمڕۆ

لە کاتێکدا تۆ خۆت هاتووی،
کژ گۆڕاوە،
قاز و قورینگ
قەتارەیان بۆ لایەکی دی بەستووە،
دڵی منیش
ڕووەو عەرشی شۆخێکی تر
سەری ماندووی داخستووە!

١٩٨٠/٦/٢١ - مۆسکۆ

# بێدەنگی

کە من کڕ دەبم تۆ مەمدوێنە.
تا مێوەی داری سەرم پێ نەگا
چڵی زمانم ڕامەوەشێنە!

* * *

هەر من بێدەنگ نیم!
تۆ سەرنج بدە،
کە ڕەوەزی چیا
سنگ دەداتە بەر قامچیی برووسکە
چەند کڕ و کپە!

کە چەکەرەی گیا
پەل دەهاوێژێ ڕووەو ترووسکە
چەند کڕ و کپە!

* * *

کە من کڕ و بێدەنگ دەبم
وا تێ نەگەی بارسووکەڵە و دەستبەتاڵم -
بڕوا بکە،
وەک پلوورەی هەنگە سەرم، هێند سەرقاڵم!

* * *

هێنده باسی نیشتمانی خۆم بۆ کردی،
هەتا گیانت لێوانلێو بوو لە ئەڤینی.
بە ئاواتی جارێک بچی
چاو بڕێژی بە شار و دێی،
دەستێک بدەی لە برینی؟
کە من کپ بووم، کپیم زین کە،
تەماشام کە و زەنگۆ لێدە:
نیشتمانم خڕ دەبینی!

١٩٨٠/٨/٥- پۆتسدام

# خۆکوشتن

من بە خوێنی خۆم شیعر گۆش دەکەم،
گەرچی دەزانم گیانکێشم ئەوە؛
شەو لە توێی خۆیدا گزنگ هەڵدەگرێ،
گەرچی دەزانێ
یەکەم تیری ڕۆژ بۆ جەرگی شەوە!

١٨/٨/١٩٨٠- پۆتسدام

# خوو

هەموو ڕۆژێ، سبەینان زوو،
دڵیژگەی خۆم تژی دەکەم
لە تیشکی ڕۆژ،
لە پێلی سووری کارەبا.
وەک نامەیەک دەیپێچم و دەیدەمە با.
با ـ سەرپشکە، لێی ناپرسم بۆ کێی دەبا!

١٨/٨/١٩٨٠ـ پۆتسدام

# له ڕۆما

یا

## نامەیەک لە ڕۆماوە بۆ مۆسکۆ

چەند بەخشندە و دلۆڤانی!
لە سایەی تۆ
سەرم لێوانلێوی ژنە،
ئەوەی ژنی ئەم شارەیە -
هەڵبژاردەی دڵی منە.

* * *

ئازیزەکەم!
تۆ ئادگاری خۆت بەخشیوە بە هەموویان:
ڕەوت و ڕامان،
ئاخافتن و تریقەی بۆن -
لە هەر کوێ بن،
تۆیان تێدا دەخوێنمەوە و هەموو هی تۆن!

لەم شارەدا،
ڕوو دەکەمە هەر کونجێک - تۆی.
لای جامخانەی هەر کۆگایەک،
لە هەیوانی هەر تەلارێک،
لە بەردەرگەی هەر زنجێک - تۆی.

لەم شارەدا،
هەر لێوێ لێوێک ڕاموسێ -
ڕاموسانی من و تۆیە.
هەر دەستێ بکرێتە گەردن -
دەستەملانی من و تۆیە.

* * *

ئێوارەیە.
ئەوا دوودوو، لێرە و لەوێ،
ئەوینداران دەخزێنە بن باڵی یەکتر،
بە سرتە گفتوگۆ دەکەن.
من، بێ ئەوەی نێزیکیان بم،
سوور دەزانم، کە باسی من و تۆ دەکەن.

* * *

چەند بەخشندە و دلۆڤانی!
وا لە سایەت،
لەم شارە دوور و نامۆیە،
سەرم لێوانلێوی ژنە،
سەرم لێوانلێوی تۆیە!

رۆما - ١٩٨٠/١٠/٢٤

# چەند دەترسم

چەند دەترسم
کە دێمەوە
هەواڵێکی تاڵت پێ بێ.

چەند دەترسم
کە باوەشت پێدا دەکەم
بۆنی نامۆیەکت لێ بێ.

چەند دەترسم
که دێمەوە
گرامەری زمانی چاو،
ڕێنووسی هێمات گۆڕابێ.
چەند دەترسم
پلەی گەرمیی پەنجەکانت
وەک بەجێمهێشت وا نەمابێ.
لەمەش زێتر،
چەند دەترسم، کەسم، هاوڕێم،
که دێمەوە،
تۆ وەک خۆت بیت، من بگۆڕێم!

۲۸/۱۰/۱۹۸۰ - ڤیەننا

# جودایی

هەموو شەوێک،
کە باڵینێک
سەرمان، وەک دوو قوتبی زەوی،
بۆ سەر خوانی خەم بانگ دەکا؛
جودایی دێ،
وەک خەنجەرێک ڕادەکشێت و
بریسکەی دێ لە نێوانا...

خەوم دەزڕێ،
چاوی بێداری تێدەبڕم،
جا نازانم،
تۆش وەک من دەیبینی، یا نا!

* * *

هەموو شەوێک،
کە باڵینێک
سەرمان، وەک دوو قوتبیَ زەوی،
بۆ سەر خوانی خەم بانگ دەکا؛
دڵم وەک گۆ هەڵدەکورمێ
لە بەردەمی قاشۆی مردن -
دەترسم من پێش تۆ بمرم،
شێت دەبم تۆ بمری پێش من!

مۆسکۆ ١٩٨٠/١٢/٧

# بۆ شڤان

ئەی نێرەهەڵۆی ڕەوەزان،
ئەی کەڵەکێوییەکەی باکوور،
ئەی سێدارەی بەژنبڵند،
ئەی نیشانەی مەرگی سنوور:
بێدەنگ مەبە، بچریکێنە.
ئاسمانی بە تریاک نووستوو ڕاچڵەکێنە.

بێدەنگ مەبە.
دەنگت: ئەلبۆمی دەنگانە.
دەنگت: پەلکەزێڕینەیە،
جێی زەماوەندی ڕەنگانە.

دەنگت:
سروەی بایە، سرتەی ژوانە،
بوومەلەرزەیە، بورکانە.

دەنگت:
نێسکەنێسکی هەسپێکی خورتی کەوێتە،
نێڵەنێڵی ئاگردانی قەرەجانە.

دەنگت:
ترپەترپی بەئاستەمی خوناوکەیە،
گرمەی هەورە،
ڕمبەی هەرەسی شاخانە.

دەنگت:
کەروێشکەی گەنمی قەراجە،
هاڕە و نەعرەی
پڵنگێکی بریندارى دوورەلانە.

* * *

بێدەنگ مەبە!
دەنگت: باڵی سیمرخێکە،
هەموو ڕۆژێک
دڵی تەنگم بەسەر دوندی چیا دەخا.
لە بەرپێمدا
پێدەشتی ئومێد ڕادەخا.

* * *

بێدەنگ مەبە!
کە دێمە سەر لووتکەی دەنگت؛

کە هەردوو پێم دەچەسپێنم
لەسەر زنارێکی ئەوێ
نە ڕەشەبا دەمبزوێنێ
نە کرێوە و تۆفی شەوێ،
ماڵنووستنان
هەردوو باڵم دەکەمەوە،
لە چوارلاوە
زام بانگ دەکەم، بێ، بسرەوێ.
سبەینانیش، پێش هەموو کەس،
گوێم لە هەناسەی تەم دەبێ،
تیشکی ڕۆژم پێ دەکەوێ.

* * *

ئەی کەڵەکێوییەکەی باکوور!
بێدەنگ مەبە، بچریکێنە.
ئاسمانی بە تریاک نووستوو ڕاچڵەکێنە!

که دێمه سەر لووتکەی دەنگت -
هەر پەڵەهەورێک لەبەر کەم
زرێیەکی پڕ بە بەرە؛
هەر گزنگێک ڕمی دەستە؛
هەر دەوەنێک بۆم سوپەرە؛
هەر زنارێک ئەسپی شێیە،
وەک برووسکە لەسەرپێیە،
لە نیشتمانی لەتلەتما
دارێک بدزن،
بەردێک بدزن،
جێم بڵندە و ئاگام لێیە!

١٨/١٢/١٩٨٠ مۆسکۆ

# مەزاد

کێ کڕیارە؟
هەرچیم هەیە
هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم.
کێ کڕیارە؟
دەی، وەرنە پێش!
فەرموون: ئەمە کالانەی چاو،
بڕبڕەی پشت و کاسەسەر،

کڵاوی کەریم خانی زەند،
شیر و زرێی سەلاحەددین،
مێژووی لنگەوقووچی بێبەر،
یەکە یەکە
بەندەکانی پەیمانی مۆرفینی سیڤەر،
دەندەکانی نیاندرتاڵی
پیرەئەشکەوتی شانەدەر!

* * *

کێ کڕیارە؟
هەرچیم هەیە،
هەمووی تاڵانفرۆش دەکەم:
سواڵەت و ئاتەشکەدە،
دیوانسەرای شاهەکانمان
به بنچینه و بنیادەوە،
بەردەنووس و نەخش و نیگار
به تەخت و تاجی مادەوە...

مەزاد... مەزاد...
هەرچیم هەیە هەمووی مەزاد...
بە پارچەیەک پەڕۆی سادە،
کە هەڵبکرێ و بشنێتەوە
لەسەر بستێک زەویی ئازاد!
مەزاد... مەزاد...
هەرچیم هەیە... هەمووی مەزاد!

١٩٨٠/١٢/١٩ مۆسکۆ

# کڕێوە

کڕێوە بوو، دنیا بولێڵ...
لەپم کردە لانەی کلوەبەفرێکی وێڵ.
وەک ئاشقێک، تا توایەوە تێمڕوانی...
کە بوو بە ئاو ناسیمەوە:
لە کوردستان
دڵۆپێک بوو لە ناو کانی!

١٩٨١/١/١٢– مۆسکۆ

# دوا وانه

منداڵەکان،
بووکەشووشەی بەختیاریتان
لە تاقچکەی ئەشکەوتێکی دووردەستایە -
نایگەنێ تا ملیۆنان سەر
نەبن بە ڕێبواری بیرێ.
ئەشکەوتەوان:
ئەژدیهایەکی چوارسەرە و بەرزەفت نابێ،
تا ملیۆنان دەست نەبنە گەو بۆ زنجیرێ!

کانوونی دووەمی ١٩٨١ - پۆتسدام

# ڕامانێك

هاوڕێم!
دوێنێ، دەمەو ئێوارە بوو،
تا بڵێی بیری تۆم دەکرد.
کز دانیشتبووم،
سەیری زەردەی ئاسۆم دەکرد.
تۆ دەزانی چۆن هەتاوم هاتە بەرچاو؟
وەک کیژێکی کەزی زەردی گەردنبڕاو!

هەر ئەوساکە بڕیارم دا
زمانی خۆم بسووتێنم،
هەتا ماوم
تۆ بە هەتاو نەشوبهێنم!

١٩٨١/٢/١٨ پۆتسدام

# له (هاینێ) یەوە #

ڕۆژێک تۆ ڕێزی گەرمیی پیاو دەگری
کە پەژمردە بوو تەمەنی گوڵت،
کە بەفری دڵت نیشتە سەر کوڵم و
ئاگری کوڵمیش بەربووە دڵت!

شوباتی ١٩٨١ - پۆتسدام

---

# **هێنریخ هاینێ** ( ١٧٩٧ - ١٨٥٦ ) شاعیرێکی ئەڵمانە.

# چاوچنۆکی

بەزەییت پێمدا نێتەوە!
لە هەرچیدا بەدبەخت بم
لە ئافرەتا بەختم کۆکە.
من شایانی بەزەیی نیم -
خوا دەزانێ بەدەنتێرم،
چبکەم، گیانم چاوچنۆکە!

شوباتی ١٩٨١ - پۆتسدام

# داگیرسان

کە سەیرت دەکەم ـ
هەردوو گلێنەم
دەبنە کانیلەی سایەی کەپری مێو.

کە ماچت دەکەم ـ
وەکوو دڵۆپێک خوناوی شاخان
دەتکێیتە سەر لێو.

که به ئاستەمیش قامکم دەتگاتێ -
دەبم بە زەلێک،
دەمهێنێ و دەمبا
وردەشەپۆلی تەزووی ڕۆحئەنگێو!

١٩٨١/٤/١٤ - مۆسکۆ

# ژوان

هاوڕێم!
تۆ پێم ناڵێی
کێ نهێنیی ئەم ژوانەی درکاندووە؟
چ دەستێک، بەم نیوەشەوە،
بنەشەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟
لەو ساتەوە کە تۆ هاتووی
تریفەی مانگ بەپێدزە دێتە ژووری.

سروە پەردەی پەنجەرەکەم دەلەرێنێ.
گەڵا دەچێتە تەک گەڵا و
ڕازی ژوانی ئەم شەوەمان دەچرپێنێ.

هاوڕێم!
تۆ پێم ناڵێی
کێ نهێنیی ئەم ژوانەی درکاندووە؟
چ دەستێک، بەم نیوەشەوە،
بنەشەوبۆی ئەم هەواڵەی تەکاندووە؟

١٦-١٩٨١/٧/١٧-پۆتسدام

# ڕووبار

هەرچەند من و تۆ ئاوێتەین
وەک خاک و خۆڵی یەک زەوی،
بەڵام چبکەم!
تاوێک نییە نیشتمانم وەکوو ڕووبار
بەسەرماندا ڕانەبووڕێ و
لەتمان نەکا وەک دوو کەنار!

١٩٨١/٧/١٧ مۆسکۆ

# سەدان ساڵە

سەدان ساڵە،
لە وێرانەماڵی خۆمدا،
کتکەکۆرەی گۆشەی متبەقی سوڵتانم.
سەدان ساڵە
حەوشوبەرەی خۆم والایە و
لە بەردەرگەی دزانی خۆم پاسەوانم.

* * *

سەدان ساڵە،
ڕۆژێک دەبم
بە مەیتەری والیی بەغدا.
ڕۆژێک لە تاران کوتاڵم.
ڕۆژێک لیفکەم
پشتی ژنی سوڵتان دەشۆم.
ڕۆژێک گەسکم شام دەماڵم!

* * *

سەدان ساڵە،
وەکوو چنگێک دانەوێڵە،
ئاشی مێژوو فڕێی داوم.
هەرچوار دەورم شارۆچکەیە و
مێرووله دەمیان تێ ناوم.

* * *

سەدان ساڵە
کاسەسەرم منارەیە،
کێ بێ، دەنگی تیا هەڵدەبڕێ.
سەدان ساڵە
نیشتمانم نێرگەلەیە،
کێ بێ، بە دەمیەوەی دەگرێ.

* * *

سەدان ساڵە
لە بەردەرگەی تەکیەی جیهان
جووتێک سۆلی پینەپینەم،
کێ لە پێم کا بۆ ئەو دەشێم.
سەدان ساڵە
دوای تلیشێک فڕێ دەدرێم.
سەدان ساڵە
دوای پینەیەک لە پێ دەکرێم.

* * *

من پشتێکی بریندارم،
لە قامچیی خۆم ڕاپەڕیوم.
من لافاوێکی لاسارم،
لەو کەنارانە هەڵساوم
کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم.
نانیشمەوە... نانوومەوە...
بێئارامم...
ئارامی من چرایەک بوو
ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت.
بێبەزەییم...
بەزەیی من زەریایەک بوو
بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت.
نانیشمەوە... نانوومەوە...
کە من دان بم، کوا دەرفەت؟
یا من، یا مێروو.
کە من خوێن بم، کوا دەرفەت؟
یا من، یا زێروو.

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
دان و مێروو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
خوێن و زێروو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
ماسی و چەنگاڵ،
مشک و جەواڵ،
دەست و چزوو برای یەکن.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن:
پەت و گەردن،
گوێزان و موو برای یەکن.

وەرن خەڵکە!
لە نێچیر و زام بپرسن،
بڵێن، توخوا،
خەنجەر هەیە زام تیمار کا؟
ڕاوچی هەیە نێچیر نەخوا؟

دە خەڵکە، لە کا بپرسن،
قەت ئاگری ساردی دیوە؟
لە هێلانەی مەل بپرسن،
بەنیازی ماچ،
قەت مار دەمی تێ ژەنیوە؟!

دە لە داربەڕوو بپرسن،
تەوری دیوە داربڕ نەبێ؟
دە لە کەرێکیش بپرسن،
گورگی دیوە کەردڕ نەبێ؟!

قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن
ماری شیرین ژاریش هەیە.
قەحپەن ئەوانەی پێم دەڵێن
تەوری برای داریش هەیە.

* * *

من پشتێکی بریندارم،
لە قامچیی خۆم ڕاپەریوم.
من لافاوێکی لاسارم،
لەو کەنارانە هەڵساوم
کە تەنگیان پێ هەڵچنیوم.
نانیشمەوە...
نانوومەوە...
بێ ئارامم...
ئارامی من چرایەک بوو
ڕەشەبای دەورم خوێنی ڕشت.
بێ بەزەییم،
بەزەیی من زەریایەک بوو،
بینیان پێوەنا و هەڵیانمشت!

٢/٩/١٩٨١- پۆتسدام - بەرلین

# هەڵۆ و درەخت #

هەندێ جاران،
تۆ دەتەوێ
ببیتە گیا و دەوەن و دار:
لە کوێ ڕوای،
لەوێ ڕەگت بچێتە خوار.

هەندێ جاریش،
تۆ دەتەوێ هەڵۆیەک بی،
تا چاو هەتەر دەکا بفڕی،
لە بەرزاییی ئاسمانەوە
سەرنجی دەشت و دەریا دەی.
کام شاخ دوورە...
کام دوند بەرزە...
بە بای شاپەڕ گەردی لادەی.

من دەمەوێ ببم بە تۆ -
ڕەگم ڕەگی درەختان بێ،
بەرزیش بفڕم وەکوو هەڵۆ

کانوونی دوەمی ١٩٨٢ - پۆتسدام

---

# پاڵەوانی ئەم هۆنراوەیە مرۆڤی چاخەکانی ئایندەیە... جەمسەری بەهایە نەتەوەیی و ئینسانییەکانە - کەسێکی وەک ئیسماعیل بێشکچییە.

# ترس

بەفر تا جێی بڵندتر بێ
پتر لە هەتاو دەترسێ.
ژن تا شۆخ و دەلالتر بێ
گەشتر چرای ترسی پیری
لە نیگایدا دادەگیرسێ.

* * *

لەم جیهانە
هەرکەس لە شتێک تۆقیوە:
کوندەبۆ ـ لە ئاوەدانی.
دز ـ لە سەگ و کۆکەی بێدار.
کەر ـ لە هەوراز.
دیوار ـ لە سینگ.
دار ـ لە بزمار.
کەڵەکێوی ـ لەخڕەی بەرد، لە خشپەی دار.

منیش زراوم ڕژاوە.
دەترسم لە سەرەمەرگا
سییەکانم بزریکێنن
بۆ تۆسقاڵێک هەوای وڵات.
دەترسم بمنێنە خاکێک
نە من ئاشنای بۆنی ئەو بم،
نە زمانم ئەو تێی بگات!

پۆتسدام - ١٩٨٢/١/١٥

# نامۆ

نیوەشەوە.
کزەبایەکی ساردی دێ.
تەنیام، ناشنام.
وەک سمۆرە سرکە نیگام -
بە ماڵاندا هەڵدەگەڕێ...
هەڵپە دەکا
بۆ نەوایێ چرایەکی تیا بسووتێ،
بۆ پەنایێ ئاگرێکی تیا بگرێ.

دۆزییەوە!
پەنجەرەیەک... وا لەولاوە...
دوگمەی زیوە و
بە بەرۆکی
قەشەی شەوەوە دراوە!

لەودیو پەردەی تەنکی سپی
تاپۆیەکی شلک و زراڤ
لەپڕ هات و خێرا ون بوو.
چی بوو؟ کێ بوو؟
گرنگ نییە!
لە بەرچاوی خەیاڵی من باڵای ژن بوو.
چ بیناسم، چ نەیناسم،
نێزیکترین کەسی من بوو!

١٩٨٢/١/١٢ - پۆتسدام

# حەسرەت

سەد مخابن!
ئەو ئازیزانەی ڕۆژگارێک
بژوێنی حەسانەوەم بوون،
ئەوانەی شەکرەمێوانی
دڵی هەردەم کراوەم بوون،

هەنووکانە
یا نەماون لە یادمدا،
یا ماوێکی کاڵ و ماتن.
کەچی ئێستاش
هەر چاوەڕێی ئەو ئاسکانەم
کە بەڵێنیان دا و نەهاتن!

٢٥/٤/١٩٨٢ - مۆسکۆ

# مردن

ئەوەی دنیا جێدێڵێ
سوارە و ئەسپ تاو دەدا،
زینە جێگەی مردنی؛
ڕەتبردن و گلانی
چۆن بوو هەروا دەمێنێ
لەلای دۆست و دوژمنی.

* * *

مردن! مادام تۆ هەر دێی،
ڕۆژێکی ئاوا وەرە
خۆم بۆ لات بەڕێوە بم.

ڕۆژێکی ئاوا وەرە
گڕم دانەمرکابێ،
سەربەرز و بەپێوە بم!

١٩٨٢/٥/٧ - مۆسکۆ

# گەنجی و پیری

هەرچەند دەکەم
گەنجی و پیری لەیەک جودا ناکەمەوە.
من هەردووکیان دەپەرستم:
بەیانییان ڕووەو شەفەق،
ئێوارانیش ڕووەو زەردە
سەرسام و ملکەچ دەوەستم!

١٥/٥/١٩٨٢- مۆسکۆ

# شاکار

هەڵبەستم زۆرن:
هەندێکیان شارن،
هەندێکیان گوندن،
هەندێک تەلارن،
هەندێک خانیلەی تەپیو و نەوی.
بەڵام ئەوانەی بۆ تۆم نووسیون
دەبن بە شاکار،
بە ڕووناکترین پایتەختی زەوی!

حوزێرانی ١٩٨٢- لەندەن

# شادی

شادیی زەوی وەکوو خۆرە ـ
تاوێک دیارە، تاوێک بزر.
ئەلها دەکەم بچمە ئاسمان،
تاکوو لەوێ ببمە ڕێگر.
شادییەکت بۆ داگیر کەم،
نە خەم بگاتە کەناری، نە ژاکان بەلایدا ڕەت بێ
شادییەک بێ،
لە ئاسمانان هەر ئەستێرە،
لەسەر زەویش هەر تۆ هەت بێ

مۆسکۆ –١٩٨٢/٩/٢٥

# لەتبوون

له چاوی تۆدا جەنگەی بەهارە.
له چاوی مندا چلەی زستانە.
له زاری تۆدا خۆشی لێورێژە.
له زاری مندا خەم تا چۆکانە.
نیوەم لەتەک تۆ
وەکوو خۆڵەمێش سڕ و مردووە.
نیوەکەی ترم
لای شۆخێکی دی گڕی گرتووە.

٢٠/١٢/١٩٨٢ - بەرلین

# پیاو

له دنیادا،

چ کانیاوێ زوڵاڵتره له دەنگی تۆ؟

کێ زمانی ڕۆح دەزانێ

وەکو چاوی سەدڕەنگی تۆ؟

لەم شارەدا

گەردنکێل و

گوڵبەژنێکی وەک تۆ کوانێ؟

# پیاو

له دنیادا،
چ کانیاوێ زوڵاڵتره له دەنگی تۆ؟
کێ زمانی ڕۆح دەزانێ
وەکو چاوی سەدڕەنگی تۆ؟
لەم شارەدا
گەردنکێل و
گوڵبەژنێکی وەک تۆ کوانێ؟

کێ وەکو تۆ، ڕۆژێ سەدجار،
لە داوێنرا هەتا قوللە
بە خەممدا هەڵدەڕوانێ؟

چییە دیسان
ئەو مووچڕکە کارەباییەی
لە سەراپای بەدەنمدا هاتوچۆ دەکا!
چییە دیسان
ئەو گورگە برسی و بێشەرمەی
لە هوندوڕما دەلووڕێنێ و مڵومۆ دەکا!

چییە دیسان
چنگی نیگای پەردەدڕم
مەمکبەندی شەقامەکان دادەماڵێ؛
قامچیی برووسکەی خەیاڵم،
کەمەر کەمەر،
بەلەک بەلەک،
لەم شل دەبێ و لەو دەئاڵێ!

چییە دیسان…
چییە دیسان…
بۆچی چاوم قەت تێر نابێ؟
بۆ تەنیا ئەشقی تۆ نابم؟
لەبەر ئەوەی
تۆ هەمیشە لە بەردەمما
بێدەنگ دەسووتێی وەکوو مۆم؟
بۆ هەر بە تۆ قنیات ناکەم؟
لەبەر ئەوەی
بووی بە کۆیلەی دەستەمۆی خۆم؟!

٢٦/ ١٢/ ١٩٨٢ - بەرلین

# له باخێکدا

پیاوێک سەری بە شانی شۆڕەژنێک کردووە.
زارۆیەکی ئارامە و لە بێشکەدا نووستووە.
خۆزگەم بە خۆی!
من وەک ئەو نیم، بۆیە چاوم پێی هەڵنایێ -
من چەند جاری سەر بە شانی ژنێک دەکەم
لەبەر سرتەی ژنانی دی خەوم نایێ!

٣/٣/١٩٨٣- مۆسکۆ

# کەڵکەڵە

ئەمشەو مەستم،
ئەمشەو گێژم،
ئەمشەو کاسم ـ
لەسەر تەختی سەری یاخیم
ژنێک تاجی لە سەر ناوە... کە نایناسم!

٧ ـ ١٩٨٣/٤/٨ – مۆسکۆ

# تا چرای ئێمە نەسووتێ...

(ئەو گەلەی گەلێکی تر دەچەوسێنێتەوە خۆی ناحەسێتەوە )

**بیرمەندێک**

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان.
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر،
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان!

* * *

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
گەر بشمرین
تەنیا دیلی دەدۆڕێنین،
چ هەیە لە دیلی تاڵتر؟
گەر بشمرین هەر سەرکەوتووین،
کوا لە کۆیلەی شەهید زاڵتر؟

* * *

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
دوای مردنیش،
لێ ناگەڕێین
نیشتمانمان بکەن بە ماڵ.
لێ ناگەڕێین
گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ.

گەر هیچ نەبێ
دەبینە خاڵۆزەی پێستان،
زیوانی ناو دەغڵ و دانتان.
دەبینە لم،
دەچینە ناو پارووی نانتان.
دەبینە مار،
پەپکە دەخۆین لەناو نوێنتان.
دەبینە شێرپەنجە و میکرۆب،
گەرا دەخەین لەناو خوێنتان.

دەبینە کوان،
هەردەمەو لە جێیەک دەردێین.
دەبینە ژان،
لە سەد لاوە تێتان وەردێین.
دەبینە زێرووی هەزارپێ،
دەم گیر دەکەین لە گەرووتان.
دەبینە تامیسکەی سەر لێو،
باپشکێوی سەر پێڵووتان.

قڕمان دەکەن؟
قوڕتان بە سەر!
دوای مردنیش
لێ ناگەڕێین نیشتمانمان بکەن بە ماڵ.
لێ ناگەڕێین گۆشتمان بخۆن وەک قەل و داڵ.
شایی بکەن ـ دەیکەین بە شین.
پرسە دانێن ـ کاستان دەکەین بە پێکەنین!
دەبینە لەکەی زمان و تانەی سەر چاو،
دەبینە مووی ناو خۆراک و خڵتەی ناو ئاو!

تا چرای ئێمە نەسووتێ
ئێوە هەرگیز ڕووناکایی
نابینن بە چاوی خۆتان.
تا ئێمە دیل و کۆیلە بین
هەر کۆت و نیر،
تۆق و زنجیر دەکەین بۆتان!

٢//٧/١٩٨٣ – مۆسکۆ

# ئێشکگرتن

ئەمشەویش، وەک شەوانی دی،
کارمامزی سرکی خەوم
لانەی چاوی بەجێ هێشتووم.
بەختیاریی تۆ گەنجینەیە،
نەک بیدزن،
وا بەدیاریەوە دانیشتووم!

١١-١٢/١٢/١٩٨٣- مۆسکۆ

# گومان

بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووکەی؟
بۆچی دیسان لە دەروازەی گومان دەدەی؟
کێ دێ گلم بداتەوە؟
کێ دێ لە تۆم بڕفێنێ؟
تۆ نەبیت، لەم دنیایەدا،
بێپەنایەکی وەکوو من
چ خەمخۆرێک داڵدەی دەدا؟

بۆچی هێندە لە هاتنەوەم بە تالووکەی؟
پەلەی چیتە؟
هەتا لێت دوور بم باشترە:
وا نامۆیی دەرسی ئەشقم پێ دەخوێنێ.
سۆزی دووریت
پەڕ و باڵی بڕووسکەییم لێ دەڕوێنێ!

٢٦/١٢/١٩٨٣ - پراگ

# گەر سێوێك بوو...

گەر سێوێک بوو، لەتی دەکەم:
لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.

بزەیەک بوو، لەتی دەکەم:
لەتێک بۆ خۆم، لەتێک بۆ تۆ.

خەفەتێک بوو، بەشت نادەم،
هەڵیدەمژم وەک دوا پەتۆ!

٣١/١٢/١٩٨٣ - پراگ

# بۆ مارگرێت#

ڕەنگی وشە
لە چی بکا چاکە بۆ تۆ:
لە ئەرخەوان؟
لە پەلکەزێڕینەی حەفتڕەنگ؟
لە وەنەوشە، یا لە هێرۆ؟

ئەی بۆنەکەی
لە چی بکا چاکە بۆ تۆ:
لە دووکەڵی پاش بۆردومان، یا گوڵەباخ؟
لە خاک و خۆڵ، یا لە شەوبۆ؟

دەنگی وشە
لە چی بکا چاکە بۆ تۆ:
لە سرتەی ژوان، یا هاژەی چەم؟
لە بالۆرەی مازووچنان،
یا شەقژنی باڵی هەڵۆ؟

هەموو جارێ،
کە دەمەوێ
هەڵبەستێک بنووسم بۆ تۆ،
قەڵەمەکەم چاو شۆڕ دەکا،
وەک ئەو سمێڵبابڕانەی
سەنگەریان لێت کردە گڵکۆ.

دەحەپەسێم،

لێم دەشێوێ،

نازانم بۆ هۆنراوەکەم

چبکەم بەدەنگ؟

چبکەم بە ڕەنگ؟

چبکەم بە بۆ؟

ئەی ئەو خاچەی لە خاچ درای،

شێرەژنی خاوەنشکۆ!

٢٢/٦/١٩٨٤ - مۆسکۆ

---

# **مارگرێت**: کچەپێشمەرگەی ئاسووری و پاڵەوانی ئەفسانەییی شۆڕشی ئەیلوول.

# پیلێنانێ

«کێت لەگەڵدایە، تەرەس؟»
«کێت لەگەڵدایە، سەگباب؟»
ئێستا دانی پیا دەنێم،
بەسە، لێم مەدە، جەناب:
ئاوی چەم و ڕووباران،
داری شیو و کەناران،
دڕندەی دەشت و شاخان،
فڕندەی ڕەز و باخان،

تەمی دۆڵ، کوچکی بەستان،
بای گەرمێن، بەفری کوێستان،
ملیۆنان دیلی زیندان،
زیندانی شار و گوندان،
ئەندامی شانەکەمن،
هەموویان لەگەڵ مندان!

٢٨/٦/١٩٨٤ - مۆسکۆ

# ئۆتۆنۆمی

نە خەندەیە، نە گریانە،
نە مردنە، نە ژیانە!

* * *

پێناسەکەی وا لای منە:
کوردکوژە، هیواخەسێنە،
دەست و دەم و پێ بەخوێنە.

ڕێگایەکە نابڕێتەوە -
لە نوێنەوە بەرەو سەنگەر،
لەوێشەوە بەرەو نوێنە!

عەیامێکە من دەیناسم:
دێوجامەیە،
خەمەگڕووی هەزار ڕەنگە،
قوتابخانەی
بێسەوادی و دەبەنگییە،
کانگای گولی و
سووزەنەک و
فەڕەنگییە.

* * *

تا نەیکوشتووین،
وەرن، چنگی بەخوێن سووری پێ هەڵبڕین،

به شەق ڕووی پێ لە دیوار کەین.
تفەنگی خۆکوژ فڕێ دەین،
تفەنگی ئازادی سوار کەین.
زرمە لە جەرگییەوە بێنین...
لە بازرەقەی خوێنی ئەودا،
یەکەم تیشکی ڕۆژ هەڵسێنین!

١٩٨٤/٦/٢٨ - مۆسکۆ

لەوساوە دنیا دنیایە،
ئادەمیزاد ئەشقی گەوهەر، زێڕ و زیوە.
لە پێناویان
بنی دەریا و قوللەی کێوی پشکنیوە.
کەچی من هەموو سبەینان
گەنجینەیەک دەدۆزمەوە،
کە دەبینم کەزی و بسکت
نیوەی بالیفمی تەنیوە.

١٩٨٤/٨/١٠- ئۆدێسە

# چلچرا و مۆم

هەیە پێش نووسین،
چلچرایەکی شاکاری دەوێ
بۆ دۆزینەوەی ڕێی دڵی سوڵتان.

هەیە پێش نووسین،
بنەمۆمێکی ساکاری دەوێ
بۆ خۆبینین و گڕ لە خۆ بەردان.

بۆیە، پێش ئەوەی
قامک درێژکەم بۆ قەڵەمی خۆم،
تەماشا دەکەم،
کامیان دەسووتێ: چلچرا یا مۆم!

١٩٨٤/٨/١٢- مۆسکۆ

# گەشبینی

بۆ باران هەیە گەر جارێک
لە نیوەی ڕێ تەڕم نەکا؟
بۆ بەفر هەیە گەر جارێک
تێی نەکەوم و سڕم نەکا؟
قووڵیی ئەڤین چۆن بپێوم،
گەر ئازیزێک جارێک دەستبەردارم نەبێ؟
ژیان بە چی بەراورد کەم،
ئەگەر مردن نێزیکی کەنارم نەبێ!

١٨/٨/١٩٨٤ – مۆسکۆ

# گەوهەر

گەر بە دەریا بێ،
چی لە ناخدایە دەیدایە شەپۆل.
گەر بە شەپۆل بێ،
چی لە ناخدایە دەیدایە کەنار.
کەچی لە ساڵان، لە مانگان جارێک،
دەنکە گەوهەرێک بە شەپۆل دەبڕێ،
ئەویش دەیخاتە کۆشی کەنارێک!

پەلەم لێ مەکەن!
منیش پێلێکم
بێ ئۆقرە و ئارام، هەردەم بەڕێوە.
بە دەگمەن دەریا
دەنکەگەوهەرێک لە مستم دەنێ،
ئەویش ڕادەدەم بۆ کۆشی ئێوە!

١٩٨٤- مۆسکۆ



# موفاوەزات

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
چیمان کەمە؟!
وا کەشتیمان ڕوو لە کەنار، پشت لە بایە؛
خێروبێری کۆمپانیای خوێن
شەپۆل داوێ، بنی نایە؛
سەرمان بەرزە وەک ئاڵامان،
هاوڕێی هەور و لووتکەی چیایە!

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
چیمان کەمە؟!
شەلین؟ کۆڕین؟ لاڵین؟ کەڕین؟
چیمان کەمە؟!
کەی بۆ کەزی و بسکی دایکان
وەکوو ئێستا هەش زۆر بووە؟
کەی لە سایەی
تەیمانی هێسک و پرووسکا
گوڵی ئاوا گەش زۆر بووە؟
کەی گۆڕستان وا بە هەڕمێن و پڕ بووە؟
کوانێ، لە کوێ
بێدەنگی وا چاڕدراوە و
مناڵیشی پێ کڕ بووە؟!

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟

سەرفرازین،
وەک ڕانەمەڕ
لەناو گەلەگورگی چاوتەنگا.
تێرین، وەکوو وردەماسی
لەناو هەناوی نەهەنگا!

ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
شوانی گورگزادە خۆش بن،
ئازادترین ڕانەمەڕین!

١٩٨٤/٩/١٢ – مۆسکۆ

# دیوار

## ( ١ )

تۆ چەکەرەی چەمەنزاری،
من درەختێکی ڕەهندە.
چۆن تێک بگەین؟
دیوارێکمان لە بەینایە،
بیستویەک بەژن بڵندە!

## ( ٢ )

- « سەرت وێرانەی کۆنەیارانە.
ئاخ، بۆچی زووتر لە دایک نەبووم،
تا خۆم گشتیان بام بە تاقی تەنێ... »
+« خۆزگە درەنگتر دەهاتمە دنیا،
دەبووم بەوانەی پاش من دەتگەنێ!

٣٠/١٠/١٩٨٤ - مۆسکۆ

# ژن

## ( ١ )

بە بینینت
من دەبمەوە بنیادەمی چاخی بەردین،
دەچمەوە ناو ئەشکەوتی تار، جەنگەڵی چڕ.
گوێ شل دەکەم
بۆ برووسکە و گۆڵەی هەوڕ و بارانی خوڕ،
شارستانیی دوگمە و وایەر بزر دەبێ،
ئاتەشگەکان پڕ دەبنەوە لە پێت و گڕ.

## ( ٢ )

چیت مەرام بێ دەچێتە سەر:
تۆ دەتوانیت بە نیگایەک
سەوزەڵانێک بە ڕووتەن کەی.
لە دەستت دێ بە هێمایەک
بەردەڵانێک بە چیمەن کەی.

چیت مەرام بێ دەچێتە سەر:
تۆ دەتوانیت باڵی زمانم ببەستی و
درەختی پەنجەم بێبەر کەی.
لە دەستت دێ چەمی دەنگم تژی ماسی و
هەر پەیڤێکم پڕ گەوهەر کەی.
تۆ دەتوانیت بمکەیتە کۆیلەی مل بە تۆق.
لە دەستت دێ تاجی سەروەریم لە سەر کەی.

( ٣ )

لەبن کۆمەی خۆڵەمێشدا
تۆ ژیلەمۆی گەشی خولیای.
لە گێژەنی تاریکیدا
تۆ بریسکەی بەفری چیای.

لە بیابانا ـ هاژەی چەم و
لە نەهاتا ـ هەڵمی نان و
لە غوربەتا ـ داڵدە و پەنای:

کلیلداری بەهەشتی تۆ.
تۆ نەک نیوە: هەموو دنیای!

٢٨ /١١/١٩٨٥ ـ تەرابلوس

# کۆنگرەی شووشان

دوێنێ کۆنگرە بوو...
کۆنگرەی شووشان بوو.
هەر وڵاتێک و شووشەیەکی نارد.
هەر شووشەیەک و
بەسەرهاتی خۆی پوختە گێڕاوە:
چەند قاوەخانە و چەند ماڵ گەڕاوە،
لەسەر چەند مێزان تاج لەسەر بووە،
چەند دەمی دیوە و چی تێ کراوە!

پێش ئەوەی کۆنگرە کۆتاییی پێ بێ،
بوتڵێکی ڕەشی
لە سپێدەوە کڕ و کپ و مۆن
قوت بۆوە و هاتە بەردەم میکرۆفۆن:
« خوشکان، برایان!
من وەکوو ئێوە سەربردەم نییە،
نە مێزم دیوە، نە کۆڕی یاران...
نە گەشتی لادێ، نە بارِی شاران...
ڕاستیتان دەوێ؟!
ئەو ڕێیە دوورەم بۆیە بڕیوە،
تا پێتان بڵێم:
من شووشەی بەعسم،
لە پاش و پێشی مرۆڤ بترازێ، هیچم نەدیوە!»

۱۹۸٦/۱/۳۰ - تەرابلس

# تۆ دڵتەنگی...

تۆ دڵتەنگی
بۆ بێوەژن،
بۆ بێوەمێرد،
بۆ ئەو کۆرپانەی بێبابن...
منیش لە تۆ دڵتەنگترم
بۆ ئەو پەری و سوارچاکانەی
ساڵەهایە لەداک نابن!

١٩٨٦/١١/١٦- تەرابلوس

# لەدایکبوون

گوێم لە هاواری نەتەوەکەمە...
بەڵام دڵنیام
جیهانی سبەی گوشاد و ڕوونە:
لەدایکبوونی منالم دیوە ـ
قیڕە و لینگکوتان
یەکەم نیشانەی لەدایکبوونە!

٢٠/٥/١٩٨٧ـ تەرابلوس

# بۆ ئینتەرناسیۆنالیستێک

« بۆ هاوڕێی سەلڤادۆریم خۆسێ ڕۆمیرۆس »

سەرکۆنەم مەکە!
منیش وەکوو تۆ گۆی زەوی ماڵمە.
ئاسمانیش تافتەی کچی خەیاڵمە.
وەک تۆ خواکردم،
وەک تۆش دەمەوێ تاسەر خواکرد بم،
بۆیە سەربەندی شیعرم هەر کوردە،
چونکە کوردم و ناهێڵن کورد بم!

٢٥/٥/١٩٨٧ - تەرابلوس

## دووبەرەکی

شەو لە خەوما
ئارامگەی حاجیم دیتەوە.
چۆکم دادا، سوژدەم برد بۆی.
گوتم: «حاجی، پەرێشانین!»
سەری کز کرد،
دەستی دانا سەر دڵی خۆی.
گوتی: « مەرد بە، زیندووم کەوە! »

گوتم: « کەورەم،
من عیسا نیم،
چۆن زیندووت کەمەوە، بێژە؟ »
گوتی: « لێرە دەرم بێنە،
دووبەرەکی
لە شوێنەکەی من بنێژە! »

٢٠/١٢/١٩٨٧ - تەرابلوس

# قیبلەنما

بیری من و قیبلەنما وەکوو یەکن -
ڕوو دەکەمە
هەرجێیەکی ئەم جیهانە،
ڕووی میلی ئەو
تەنیا بەرەو کوردستانە!

١/١١/ ١٩٨٨ - تەرابلوس

## مۆزێ

له کوردستانی دوارۆژدا
گەورەترین مۆزێی دنیا دروست دەکەم.
بۆ هەر چاخێک - هۆڵێکی زل.
هۆڵی یەکەم ناو لێ دەنێم
هۆڵی چاخی بەر لە دیرۆک...
هۆڵەکانی تر هەموویان:
هۆڵی سونگی و کەڵبە و ڕنۆک!

١٩٨٨/١١/١ - تەرابلوس

# بۆ هونەرمەندێک

هەر چیت بیستووە دەربارەی
پەنجەشێر و گولی و ئایدز،
هەر چیت بیستووە دەربارەی
مشکە پەردەدڕەکانی بێریا و گێبلز،

هەر چیت بیستووە دەربارەی
گورگەکانی مۆسۆلینی،
سیسارکەکانی هۆنیکەر،

هەر چیت بیستووە دەربارەی
شاڵاوی جرجی تاعوونچێن،
لێشاوی مەغۆل و تەتەر:
بۆ پۆرترێتی دوژمنم
هەمووی لێکدە و
هەزار هێندەی باوێژە سەر!

* * *

لە کۆمەڵگەی ئادەمزادا
نەکەی چاوی لێ بگێڕی!
بڕۆ لەناو بێشەیەکی
پڕ درەختی کرملێداو،
لە هەوینگ و جەنگەڵێکی
هەتا کەمەر نوقمی زەلکاو،
لەو بوودرِ و زەندۆڵانەی
وەتی هەن دوورن لە هەتاو -
ورد ورد بگەڕێ، سەرانسەر،

چاو بگێڕە
لە پیسترین
دڕندە و جرِوجانەوەر...
بۆ پۆرتریتی دوژمنم
هەمووی لێکدە و
هەزار هێندەی باوێژە سەر!

تەرابلوس - ١٩٨٨/١١/٣

---

**بێریا لاڤرێنتی**(١٨٩٩-١٩٥٣): سەرۆکی پۆلیس و بۆ ماوەیەکیش وەزیری ناوەخۆی یەکیەتیی شوورەوی لە سەردەمی ستالیندا.
**گێبلز پاوڵ** (١٨٩٧- ١٩٤٥): وەزیری پرۆپاگەندەی ئەڵمانیای نازی.
**هۆنیکەر ئێریخ** (١٩١٢-١٩٩٤): سەرۆکی ڕژێمی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات (١٩٧٣- ١٩٨٩).

# دێوەرە و کەر #

دێوەرەیەک بە سواری کەر
ڕێیەکی دووری گرتە بەر.

نەیهێڵا کەر بدا بێنێ،
تا ڕێیان کەوتە بژوێنێ.

کەر کە بینیی وا لەو ناوە
گیاوگۆڵ سەری پێوەناوە،

مێوانی گەورەی سروشتە،
نە خێو، نە باری لە پشتە!

بە زەڕەزەڕ، بە غارەغار،
دنیای هەموو کردە بەهار.

لەپڕ خاوەن کەری زۆرزان
هەستی کرد وا لەودیو تەلان

هەرا و هۆریا و دەنگەدەنگە،
ئیتر زانیی کاری لەنگە!

گوتی: «کەرە گیان، گوێ گرە،
ئەو دەنگە دەنگی ڕێگرە!

هەتا زووە با بارت کەم
لە ڕێگران ڕزگارت کەم»

کەر دایە قاقای پێکەنین...
گوتی: « قوربان، هاورێی شیرین!

بارەکەی من لە خۆت بار کە.
هەتا زووە خۆت ڕزگار کە.

کە من کەر بم، بارەبەر بم،
کورتان لە پشت، هەشبەسەر بم،

فەرقی چییە؟ دەرد هەر دەردە،
کەری تۆ بم، یا هی جەردە!»

٢٤/١٢/١٩٨٨ – تەرابلس

---

# بیرۆکەکە خزمایەتیی هەیە لەگەڵ نەزیرە « فێبڵ» یێکی ئیزۆپدا( سەدەی شەشەمی پ.ز.)، دەسکاریم کردووە و بۆ مەبەستێکی تر بە کارم هێناوە.

# هیوا

له کاتێکدا
له سەرەوە، له لوتکەکان،
تۆف و زریان له دەوەن و داران وەردێن،
خەمت نەبێ -
له بنەوە، له دۆڵەکان،
گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن.

١٩٨٨/١٢/٢٥ - تەرابلوس

# بەرەو زەردەپەڕ

١٩٨٩ - ٢٠٠١

# بەرەو زەردەپەڕ

جاپی یەکەم - سوید ٢٠٠١

# گوڵەبەڕۆژە

نیشتمانی من:

هێلانەی خۆرە،

پڕشنگەجاڕە.

سەرم... سەر نییە:

گوڵەبەڕۆژەی هەمیشە لارە!

١٩٨٩/٤/١٣ - تەرابلوس

# لەدایکبوونی سەرکۆمارێک

سەدەی سێزدەم بوو
کاتێ... هۆلاکۆ
بە کوردستاندا وەک پەتا ڕەت بوو.
ئەوساش، وەک ئێستا،
سەردەمی تەکیە و دەف و گومبەت بوو.
بەژنی تێریمان هێندەی پنجەنۆک،
منارەئاسا خەم کەڵەگەت بوو.

که بەغدای ئەنگاوت،
کاتێ میحرابی
بۆ هەسپەکەی خۆی کردە تەویلە،
کاتێ قەڵـغان و ڕمبی هەڵپەسارد -
جادووبازێکی گۆڕستاننشین
هێلکەمارێکی بە دیاری بۆ نارد.
دێڵەگورگێکی هاری هۆلاکۆ
لە کەندڕێکی شێدار و تاردا لەسەری وەرکەوت،
لە سەدەی بیستەم هێلکە ترووکا:
سەری بەدوومی ئەژدیها دەرکەوت!

١٩٨٩/٣/١٠ - تەرابلوس

# هەڵەبجە

## (١)

پێم سەیر نییە گەر لێرە و لەوێ
چاوم بە هەندێک بنیادەم کەوێ
لەباتی ددان کەڵبەیان هەبێ.
لەباتی نینۆک ڕنۆکیان هەبێ.
ئەوەی پێم سەیرە وەک موعجیزەی خوا
هەڵەبجەخنکێن
دوو چاوی هەبێ و بە دوو پێ بڕوا!

١٤/٤/١٩٨٩ - تەرابلوس

## (٢)

له سوێی هەزاران

زیرە و چریکەی له هەوکا قەتیس،

له سوێی هەزاران

پرسی باڵگرتوو بەرەو عەرشی خوا،

کە داوەرین و خنکان له ڕێدا -

شەو و ڕۆژ ئۆقرەم لێ هەڵگیراوە،

سوکنایيم نایێ، چ بە بێداری، چ لەناو جێدا،

دەپرسم، دەڵێم، لەعنەت لە کێ کەم :

شەیتان یا ئەوەی فیکەکەی لێدا؟

١٨/٩/١٩٩٣- مۆسکۆ

# بۆ شاعیرانی میربەد *

سەر هەڵبڕە، تاماشاکە!
تۆ تەماشای ئەو خەلیفە
پاشەڵدڕاوەی بەغدا کە.

لێرانەوە من دەیبینم.
چرووتەکەی لالغاوی بۆڕیی نەوتە،
هەروا مژی لێدەدات و تاوناتاوێ

مەمکدانی سوورەگوڵێ،
پزووی دەرپێ،
قەفی سمێڵ،
گۆشتی خاوی سەربڕاوێ
بەرەو نووسکە و لوورەلووری میربەد داوێ.
خێراتەکە،
پێش ئەوەی بگاتە زەوی،
هەر شاعیرە و تێی ڕوو دەبێ،
کلک بەرز و ئەستۆ نەوی!

۱۱/ ۱/ ۱۹۹۰ - تەرابلوس

---

**میربەد** : شوێنێکە لە پارێزگەی بەسرە، لە دێرزەمانەوە پێشبڕکێی شیعرخوێندنەوەی تێدا دەکرێ. لە حەفتاکانەوە بۆتە دەڵاڵخانەی قەڵەمفرۆش و جاشکەشاعیر و بەعسی و مەعسییان.

# لە کاتی بۆردوماندا #

ئاگربارانە...
ئاگربارانە...
کامیان هەڵگرم؟
کامیان دەرباز کەم؟
ئەمیان نەخۆشە و نۆبەرەمانە.
ئەوی دی تازە پێرەوکە بووە،
چاو پڕ بیبیلە، دەم پڕ زمانە!

* * *

دوو دەستم هەبوون:
یەک دوژمن بردی، یەکێکم ماوە...
کامیان هەڵگرم؟
کامیان دەرباز کەم؟
ئەمیان بەندی دڵ،
ئەوی تریشیان گلێنەی چاوە!

سەرەتای ١٩٩٠ – تەرابلوس

---

بیرۆکەی ئەم شیعرە و (زیندان) م لە سەربردەکانی پێشمەرگەیەکی کۆمۆنیستی عەرەب وەرگرتووە، کە دوای ئەنفالەکان ئاوارەی لیبیا ببوو.

# چاوم تاریکە...

چاوم تاریکە، دڵم بێخولیا.
لێم گەڕێن بۆ خۆم تەنیا بم... تەنیا،

وەکوو بیرێکی فەرامۆشکراو،
کە یەک پشکەئاو نەبێ لەبنیا.

نیشتمانی من شانیشتمان بوو،
ئاخ، سەدەی پیترۆڵ. ئاخ، گاز و کیمیا!

ئاخ چییان لێ کرد:
تەرەسی عۆجە و
گای بنەی خۆیی و
گەوادی دنیا.

ترووسکەگرێک هێشتا هەر ماوە
لە ئاگردانی گیانی پڕ بریا...

هەر فووی لێ دەکەم، بەڵکوو ڕۆژێک بێ
بەربێتە سەدەی گێبلز و بێریا.

* * *

وا تەپەی پێ دێ، گوێ هەڵخە، دڵە،
ئەی بزنەکێویی چاوماری وریا!

کێیە؟ - «کوردستان!
توونی گەرماوی مافی مرۆڤ و پرۆلیتاریا»

وەرە ژوورەوە!
ئەی ئەو چاوانەی
لەگەڵ گریانیان کەسێک نەگریا؛

ئەی ئەو ماسییەی دەریاش ڕاوکەرتە،
ئەی ئایەتەکەی لە قورئان ڕەمیا؛

وەرە ژوورەوە، خۆشەویستەکەم!
وەرە بن باڵم، بنوو دڵنیا.

ئەوەی دەیدوورم یەکێ لە دووانە:
کفن، یا ئاڵای ترۆپکی چیا!

مارتی ١٩٩٠ - تەرابلس

# زیندان

هەردوو دەستی
وەک پەلی شێر بەند کرابوون.
گورگی کەڵبە و چنگ خوێناوی
لە چوارلاوە تێی ئاڵابوون.

له سووچێکدا
زەردشەمامەیەکی گوشراو
تووڕ درابوو،
وەک نیشانەی
پرسی بوون و نەبوونی خوا
هەڵکورمابوو.

* * *

- «سەرەتایەتی...
هێشتا لە عومری خونچەگوڵدایە.
دەسنێژی خۆمە،
هەر کوردستان و خوای لە دڵدایە.

فەریکەگەنمی قەندەهارییە،
چۆن ڕێژنەی کوللە داکاتە سەری!
قەتێی چاوڕەشی دەشتی گەرمێنە،
چۆن سیسارک و قەل ببنە چەمبەری!»

* * *

ڕووی کردە گورگێک، لە هەموان بۆرتر،
تنۆکەخوێنی سەر شانەکانی
لەناو ڕەوەدا لە گشتیان زۆرتر :
ـ « تکایەکم لەسەر زارە...
ئەگەر بۆمی جێبەجێ کەن
ڕازی گرکان دەدرکێنم،
گەر نەمدرکاند، سەرم ژێ کەن »

چەند گورگێکی هار تێی ڕووبوون.
پەلکێشیان کرد بۆ دەرەوە.
ئێستا دوو بوون :
تەنیا خۆی و ئەفسەرەکە
(ورگنە شان سێ پشکەخوێن لەسەرەکە)

+« دەی، ئێستاکە هەر من و تۆین...
قارەمان بی یا ترسنۆک،
من نەبم کێ ئاگای لێیە؟

مخابنە تۆش بکوژرێی،
بلێ! بزانم چیت پێیە! »

- « بەڵێ، قوربان!
لە هەر جێیەک سووتمان هەبێ
دەزانم... کێ... دەستەچیلەکە پێ دەکا.
ئاگام لێیە...
کێ ڕەشەبای ژینهەڵوەرێن
بۆ شار و دێ بەڕێ دەکا.
بەڵام، گەورەم!
هەزار بریا دەتانزانی
خەمەکەی من چ خەمێکە!
ئەم خوشکە ئاگرپارەی من
لەگەڵ چەتان تەبا و ڕێکە.
با هەزارجار ئەو خوشک بێ و من برا بم،
ترسێک هەیە و بەرم نادا...
لێ ناگەڕێ خاترجەم و دڵنیا بم...

ناهەقیش نیم…
ژین جارێکە…
گیان هەر گیانە…
من دەزانم… لێم عەیانە…
هەر ئەو ڕۆژەی ڕەها دەکرێم
چزووی تیژی دەردەکێشێ
ئەو دووپشکە بێئامانە…
لەگەڵتاندام
لە ئێستاوە هەتا ماوم.
مەرج ئەمەیە:
خوشکم بکوژن لە بەرچاوم»

ئەفسەرەکە
(ورگنە شان سێ پشکەخوێن لەسەرەکە)
چەند چرکەیەک بەجێیهێشت و گەڕایەوە…
هێندەی نەبرد
دەسرێژێک دەنگی دایەوە.

زریکەیەک بازرەقەی بەست لە پرێکا:

ـ « خودا، ئاسمان،،شەمامەکەی منیان پێکا!»

لاشەیان هێنا بەردەمی؛

قەدی داری بورکان لەبن

بەسەر لکە بڕاوەکەی خۆیدا چەمی؛

تەوێڵی زەردی ڕامووسی و هەڵسایەوە؛

ڕاست ڕاوەستا،

پێی داچەقاند وەک داربەڕوو؛

شریخاندی:

« ئێستا لە با باڵسووکترم!

دە بمکوژن، تەرەسینە،

قاڵبەکانی ژەنگ و کەڕوو!

با هەر کەسە و هی خۆی ببا:

ئێوە خوێن و ئێمە ئابڕوو!»

۲۱/۳/۱۹۹۰– تەرابلوس

# بۆ هادی عەلەوی#

تۆ، لە سەردەمی کورتەباڵایان،
باڵای بەرزی خۆت لەکوێ هێناوە؟
تۆ، لە سەردەمی قاتی و نەهاتا،
وەرزی سەوزی خۆت لەکوێ هێناوە؟
لەبەر خرینگەی
شیر و... زرینگەی
ئاڵتوونی قورەیش

چۆن گوێت لە ناڵە و نرکەی عەلی بوو؟
چۆن لەبەر ژاوەی ئایشە و حەفسان
گوێت لە سکاڵای ماریەی قیبتی بوو؟

* * *

خۆ سەدەکانی ئێمە هەموویان
لکی درەختی چاخی جاهیلین :
کڵێسە و مزگەوت،
شوورا و پەرلەمان،
بارەگا و دیوان،
هەموو بازاڕی گەرمی عوکازن...
نابیغەکانیش هەمان نابیغەن:
خودایان ورگە، نەوەی بەرازن،
لەملا بەرزگی شای غەساسینە باوەشێن دەکەن،
لەولا بۆ بنپێی شای مەنازیرە وەک بەردەبازن.

* * *

لە ڕۆژهەڵاتی ڕۆژ لەبن پێدا،
لە ڕۆژهەڵاتی
دەستنوێژ هەڵگرتن بەخوێن و پێترۆل،
لە ڕۆژهەڵاتی
مارەبەجاش و ڕشک و ئەسپێدا،
لەو ڕۆژهەڵاتەی
نامووس فیرارە و
پەنابەرێکە لەناو دەرپێدا:
سەرم سوڕماوە،
چۆن توانیت، گەورەم!
بێدەنگی قانگ دەی؟
تۆ چۆن زاتت کرد
ئەو کوولەکەیە بدەی بە عەردا و
پڕ بە دەنگ بانگ دەی!

* * *

ئەی ڕۆژهەڵاتی کورتەباڵایان،
ئەم باڵا بەرزەت سەدجار پیرۆز بێ.
ئەی چاخی قاتی و ساڵانی نەهات،
ئەم وەرزە سەوزەت سەدجار پیرۆز بێ!

٢/١٢/١٩٩٠ - مۆسکۆ - ستارەمینسکایا

---

**هادی عەلەوی**: بیرمەندێکی عیراقییە و یەکێکە لەو نووسەرە دەگمەنانەی عەرەب، کە لە هەژمەتی شەهیدکردنی هەڵەبجە حاشای لە ناسنامەی عەرەبایەتیی خۆی کرد و سەربەخۆیی کوردستانی بە ڕەوا زانی.
**ئایشە**: کچی ئەبوبەکر، خێزانی پێغەمبەر (د). **حەفسە**: کچی عومەری کوڕی خەتتاب، خێزانی پێغەمبەر (د).
**مارییەی قیبتی**: کچێکی کۆیلە بوو، لە میسرەوە بە دیاری بۆ پێغەمبەر هات و کردییە هاوسەری خۆی.
**عوکاز**: بازاڕێکی عەرەبان بوو، سەکۆیەکیش بوو بۆ پێشبڕکێی شاعیران.
**نابیغە زوبیانی**: شاعیرێکی عەرەبی سەردەمی جاهیلی بوو، کێ زێتری دابا، بەویدا هەڵدەگوت. لە نێوان شای مەنازیرە و شای غەساسینەدا، کە دوژمن بوون، لە هاتوچۆدا بوو. ڕەمزی شاعیری خوێڕی و فرەئاخوڕە.

# ماچ

ئەوەی تۆ گوشیت دەست نەبوو :
ئەژدیهایەکی پێنجسەر بوو.

ئەوەی ماچت کرد ڕوو نەبوو :
تۆماری قانوونی جەنگەڵ،
شوورەی بەرلین، سمی کەر بوو.

ئەوەی پێکەنی دەم نەبوو :
گەڵی قەحپە،
بنکلکی سەگ،
کوورەگازێکی هیتلەر بوو.

ئەوەی خواردت خۆراک نەبوو :
گۆشتی زارۆ،
خوێنی داوێن، کاسەسەر بوو.

ئەوەی شەوێ تێیدا ڕازای
پێخەو نەبوو :
خۆڵەمێشی وڵاتێکی
لە ئەتڵەسان دەربەدەر بوو.

* * *

ئەوە چیت کرد؟
دەستیت گوشی؟

بڕۆ، چارەی دەستی خۆت کە هەتا زووە،
دوای تەوقەکە
تووشی گولی و ئاڵۆش بووە!

ئەوە چیت کرد؟
هەناسەی ئەوت هەڵمژی؟
بڕۆ، چارەی سیپەلکت کە هەتا زووە،
دوای ماچەکە
گازی سیانیدی تێ چووە!

نیسانی ١٩٩١ – مۆسکۆ

# ئێرە و ئەوێ

هەموو شەوێ
لەسەر گازی پشت ڕادەکشێم،
بۆ بێدەنگی گوێ هەڵدەخەم:
« ئارام بگرە!
بەیانی زوو گزنگی هەتاو دەتگاتێ،
هەسپێکی شێت بۆ زین دەکا و
تێشووی سەفەرت دەداتێ.»

ئیتر هەتا خۆر دەکەوێ
لەشم لێرە کۆتەرەیە و
تەڕاتێنی گیانە لەوێ.

کاتێ خۆریش
هێلکەی ئاسۆ دەترووکێنێ و
دەست دەنێتە هەوکی چرام
یەکەم تیرێژ ڕادەسپێرێ،
وەکوو پەیکێک بگاتە لام:
« بۆ کوێ دەچیت، ئەی ئازارە باڵسووکەکە؟!
ئەی نازانیت
میرغەزەبی سنوورەکان
ڕێگەکانیان خڕ تەنیوە و
نیشتمانت جەنگەڵی ڕم و کێردانە؟
پەلە مەکە!
چاوەڕوانی تاریکی بە،
تاریکی - قەڵای مێردانە!»

* * *

هەژدە ساڵە
(هەژدە بەهار،
هەژدە هاوین،
هەژدە پایز،
هەژدە زستان،
هەژدە عومری بێ کوردستان)
شەو دەمداتە دەست گزنگ و
گزنگ دەڵێ :
«پەلەی چیتە!
ئارام بگرە هەتا شەوێ...»
هەژدە ساڵە
خۆشم سەرم لێ شێواوە ـ
نازانم... لێرەم... یا لەوێ!

١٩٩١/٧/١٦ - ستارەمینسکایا - مینسک

# خەنجەر

من خەنجەرێکی ڕووتم،
نیشتمانی من و زام - کالانێکی دزراوە.
کەس نەڵێ بەخوێن تینووم!
یەخەی کالاندز بگرن،
ئەو منی هەڵکێشاوە!

١٩٩١/٧/١٦ - ستارەمینسکایا - مینسک

# وەڵام

چۆن چک دەکەم؟
تەماشام کەن،
ئاسۆی گیانم بێشەڵانی شۆر و نوورە.
گوێتان هەڵخەن،
سەراپام گوڵبانگی داک و
سرتەی خاک و
گرفەی گڕی خوار و ژوورە.

* * *

چۆن چک دەکەم؟
لە بیابانا من زۆزانم لە خوێندایە،
تا هەنیشکان
دەستم لەناو بەفری بەدەنتەزێندایە...

لە قوتببیشا
ترسم نییە، جێم گەرمێنە،
پێم تا چۆکان
نوقمی ئاوی شلەتێنە...

* * *

لە هەر کوێ بم وەکوو یەکە:
قەڵەمەکەم -
جارێک چڵی گوڵەباخە،
جارێک سێرەی سەر تفەنگە.
بەری دەستم -
ساتێک هۆبەی دڵدارانە،

ساتێک شووره و قه‌ڵای جه‌نگه.
چ له‌وێ بم، چ لێرانه،
که‌مه‌ربه‌ندی ئه‌م زه‌مینه
به‌ ناوقه‌دی عه‌شقم ته‌نگه؟!

١٩٩١/٧/١٧ - ستاره‌مینسکایا - مینسک

# ساردبوونەوە

بەڵێ، گوتم: « لەگەڵ تۆدا
شەپۆلێکی بێ کەنارم،
پەڵەهەورێکی بێ ئۆقرەم،
لەسەر بارینم و نابارم!»

شێتییەک بوو، هات و ڕۆیشت.
بەڵام تۆ چۆن بڕوات پێم کرد؟
بۆچی هێندە بە ئاسانی
داگیرسایت و پشتت تێم کرد؟

چما نەتدی، کە ئەمەم گوت،
چۆن ڕەنگم هەڵبزڕکابوو؟
چۆن گلێنەی دامرکاوم
فرمێسکی تیا قەتیس مابوو؟

چما نەتدی، لە هەژمەتان...
چۆن زمانم هەڵدەلەرزی
وەک چۆلەکەی بەر کرێوەی لانەوێران؟!
ئەی نەتبینی، پەیڤەکانم،
کارمامزی پێکراو ئاسا،
نووچیان دەدا و هەڵدەدێران؟!

* * *

با گەورەییم هی دەریاش بێ،
دەریا هەیە بێ گەرداو و پێلی لێوە؟
با سەنگینیم هی چیاش بێ،
چیا هەیە بێ هەرەس و بێ کرێوە؟

* * *

من نازانم،
شیرینەکەم،
دڵێک شۆر و سەودای تیا بێ،
دڵێک چاوگەی نەرمەپێڵی نووری خوا بێ،
چۆن وا کەڕ و مجرۆ دەبێ؟
چۆن لە نیگا حاڵی نابێ و
گوێلەمستی زمانێکی بەدگۆ دەبێ؟!

١٩٩١ - مۆسکۆ

# له پرسەی هەڵبەستێکدا

سەرم چەشنی زەریایەک بوو.
وەکوو ماسی
سەراو دەبوون... بناو دەبوون بیری ورد ورد.
تا بەیانی تۆڕم هاوێشت،
ماسییەکم وەگیر هێنا،
دوای چەند گەوزێک ئەویشم مرد!

١٩٩١- مۆسکۆ

# خۆتەفرەدان

هەر جارێک بوو،
نیگاکانمان
لێک گیربوون وەک چنگی بازان.
هەر تاوێک بوو،
پشتمان تێک کرد،
ڕێگەکانمان لێک ترازان.

لەو ڕۆژەوە
بە دارمێوی خەیاڵمەوە
ئاوێزانی وەک جوانترین هێشوەترێ.
پەیتا پەیتا...
تەرزی بیرم تێت دەئاڵێ و
لە دەورت دەبێتە گرێ.

* * *

ماوەیەکە
ڕێی جارانی خۆم گۆڕیوە،
نەوەک ڕۆژێک...
تووشت بێم و شێوەم نەکەی؛
نەوەک ئێستا...
لە گێژەنی یادی تۆدا
ونتر بم لە بەردی بن گۆم؛

ئاخ! دەترسم ئێوارەیەک
بە زریانی نیگای ساردت
هەڵوەرێنی گۆیکە و چرۆم؛
لەو بەهەشتەم وەدەر بنێی
کە دەزانم هی من نییە،
بەڵام کردوومە بە هی خۆم!

مۆسکۆ -١٩٩١/١٢/٢٧

# جاران و ئێستا

جاران... شیعر
بە تەماشای کەپکەشاخێک،
وەکوو کانی، لە پەنجەکانم دەردەبوو.

جاران... شیعر،
کە داغ دەکرام،
وەکوو زیرەی کۆرپەڵەیەک
لە بێدەنگیی شەو بەردەبوو.

جاران... شیعر،
دوای ماچێکی کۆڵانی تار،
وەکوو گزنگ
بە هەموو دنیا وەردەبوو.

ئێستا... شیعر
شنەشنی بەئاستەمی
ترووسکەی ئەولای تونێلە.

ئێستا... شیعر
لایەلایەی خەواندنی
بڵێسە و برووسکە و پێلە.
هەلاجێکە ژین و مەرگ پەڕە دەکا:
هەم بۆ بێشکە دەسرازەیە،
هەم قانەگیای دەوری کێلە!

١٩٩٢/١/١٧ - مۆسکۆ

# نەخشە #

مناڵەکان،
کتێبەکانتان وەلانێن!
کاغەزێک و هەندێک قەڵەم
لە بەردەمی خۆتان دانێن.
وێنەی پەڵەهەورێک بکەن ڕەنگاوڕەنگ بێ.
با لە سەری هەسپێک بکا،
مووگزنگ و چاوپەرەنگ بێ.

پەڵەهەورەکەم نیشان دەن!
لە چی دەچێ؟
سەری هەسپێ؟
تا شل دەبن تەماشای کەن،
با لە مێشک و خوێن بچەسپێ.

مۆسکۆ - ١٩٩٢/٣/٢٠

---

# نەخشەی ئیتالیا بە جزمەیەک دەچوێنرێ، هی فینلاند بە کچێکی سەماکەری یەکدەست. ئێرانییەکانیش نەخشەی وڵاتی خۆیان بە پشیلە دەشوبهێنن.

# گرەو

هاوین بوو، هاوینی کوردستان.
هەیوەشەو، ساماڵ بوو.
لەسەر گازی پشت بووین،
ڕایەخ گیای لاپاڵ بوو.
ئاسمان پڕ ئەستێرە،
سەر کەیلی خەیاڵ بوو.

لەناکاو پرسێک بە بیرمدا هات:
«ئەرێ ئەستێرەی ئێرە و هەندەران
هەمان ئەستێرەن؟
من دەڵێم جودان!
گەرنا چۆن هاوکات لەوێن و لێرەن؟!»
هەموویان گوتیان:
«نەخێر جودا نین،
هی ئێرە و ئەوێ
هەمان پەنگر و
ژیلەی پرژاوی لەخۆرجێماون،
دەنکی بڵاوی
هەمان تەسبێحی دەزووپچڕاون»

گرەومان کرد و کەوتینە سۆراخ:
چووینە بەر شنەی دەم و نەفەسی شێخ و مەلایان
خێوەتمان هەڵدا لە بەر تریفەی هزری زانایان
لێرەمان پرسی،
لەوێمان پرسی...

هەموویان گوتیان:
«ئەوانەی لەوێن، ئەمانەی لێرەن،
شکی تیا نییە هەمان ئەستێرەن!»

لە هەنگیرا
عومرێک بەسەر ئەو شەوەدا تێپەڕیوە...
دیسان لەسەر گازی پشتم،
چاوم لە ئاسمان بڕیوە.
گومانی ئەوسام ئێستا یەقینە:
ئەستێرەناسی
هەموو جیهانیش بە گژمدا چن
ئەستێرەکانی دنیای هەندەران
قەت لە ئەستێرەی کوردستان ناچن!

١٩٩٢/٣/١- مۆسکۆ

# بێهوودەیی

من لەخۆڕا دەتشارمەوە و

کەسێک دیار بێ ناتدوێنم.

هەرچی ڕازە و نادرکێنرێ،

زوو یا درەنگ

لە شیعرێکدا دەیدرکێنم!

٣/٣/١٩٩٢ - مۆسکۆ

# پێزانین

دەستم گوتیە پەنجەکانم:
«با لە مەیدان بتانبڕن
بەڵام هەرگیز نەتانکڕن!»

دەمیشم گوتیە زمانم:
«من بە درێژیی تۆ دەخوڕم،
مەپرینگێوە، بئەنگێوە!
سەروبەر بکەی دەتبڕم.»

* * *

گەڕام، سووڕام بە دنیادا...
چەند شار ویستیان
کچ ئاسایی بێنە دەستم.
بەڵام بووکی دیلی ئاسیا
نەیهێشت شایی لەگەڵ هیچیان داببەستم!

* * *

ڕۆژباش، پەنجەکانم، ڕۆژباش!
سوپاس، پەنجەکانم، سوپاس!
هەتا ئەمڕۆ
ئێوە چەند جار چوونە مەیدان،
درانە بەر شیر و تیران،
بریندار بوون، گلانە خوار،
بەڵام بە دیل قەت نەگیران!

ڕۆژباش، زمانەکەم، ڕۆژباش!
سوپاس، زمانەکەم، سوپاس!

تا ئێستا چەند جارت بەزاند
کەوشەنی پاوانی گەوران!
چەند جار بە ناو کێردەڵانا ڕچەت شکاند،
کەوتیتە کەمینی تەوران!
چەند جار دەرزیئاژن کرای،
لە خاچی ڕاست و چەپ درای!
بەڵام... سوپاس...
سوپاس کە تۆ هەر زمانی و
دەستت نەدا کارێکی تر.
هەر کلیلی سەری خۆمی و
نەچوویتە ناو زارێکی تر.
سوپاس کە تۆ،
لەناو سەنگەری دەممدا،
چەکی (نا) ت هەر لەسەرپێیە.
لە کاتێکدا دەست بۆ چەپڵە و
دەمیش تەنیا بۆ (بەڵێ) یە!

١٠/٥/١٩٩٢ - هەولێر

# ڕامان

سەرەتا بوو:
شەبەق گڕی لە شاقەلی ئاسمان بەردا،
کونچەکانی گیانمی پڕ کرد
لە گرفەگرف و نێڵەنێڵ...
بە گزنگی نۆبەرەیدا تۆشەی بۆم نارد،
پەنجەی ڕاداشت
بۆ ڕێیەکی چەوت و چەوێڵ.

هەنووکانەش...

ئێوارەیە و ماندووی ڕێگەم،

تیشکی ساردی زەردەی بنێس

خۆی هەڵدەسوێ لە تەوێڵم.

ترپەترپی پێی ئەستێران دەگاتە گوێم،

نوقمی ئارەقە و بوڵێڵم.

هەورازێکم ماوە و لەودیو

تەمێکی چڕ داپۆشیوە دوا کەوێڵم...

هەورازێکە و هەڵگەڕانێک...

نشێوێکە و داگەڕانێک...

لێ... چۆن بڕۆم؟

نە تۆشەکەی شەبەق ماوە،

نە هاڵاو و نێڵەنێڵم.

زەویش هەردوو لینگی گرتووم،

دیاریی دەوێ!

خوایە، چبکەم؟ چ بۆ زەوی جێبهێڵم!

۱۹۹۲/۷/۱۳ – مۆسکۆ

# شەهید

دوێنێ شەو خەوم زڕا،
چوومە دەرێ بە کڕی.
سەری برووسکاوێژم
بەرەو ئاسمان هەڵبڕی:

ئەستێرەم دین، ڕووتوقووت،
پۆل پۆل، هەزاران هەزار،
بە دەوری قووی کورکدا
پەرت بوون وەک دەنکەهەنار...

هاتمەوە و پرسەم دانا
بۆ ئەوان ئەستێرانەی
باڵئەنگێوڕاو، گەردنلار،
لە هەڕەتی ورشەدا
داکشان سەر بەرەو خوار!

١٩٩٢/٧/١٣- مۆسکۆ

# بزرکاندن

کەوێڵێکی داوێنی چیا،
ترپەترپی بەئاستەمی نمەی باران،
ئاگردانێک،
قرچوهۆڕی چیلکە و داران،
تاقچکەیەکی پڕ کتێب،
زارۆیەکی خەپەتۆڵەی ئاگرپارە،
ئازیزێکی زەردئەسمەری
کەزی و بسک تا کەمەری
گوێ بە گوارە،

ملەقوتەی تەنکەخەمێک،
هاژەهاژی لەدوورەوەی لێڕێک، چەمێک،
کترییەک چای بە دووکەڵی چڕ دەمکراو،
کۆتکەدۆیەکی کوندەڵان،
دووسێ نانی گەرمی تیری،
یەک بەرچنەی پڕ هەنار و
ترێی بۆنخۆشی ڕەشمیری!

١٩/٧/١٩٩٢ - ڕووسیا- گوندی شوکینە

# سووسەکردن

پەنجەرە دەکەمەوە.
مۆمێک دادەگیرسێنم.
بە چەپکێک گوڵی کێوی گوڵدانێک دەخەملێنم.
بە دەوری سەرینمدا
زوڵاڵترین شیعری خۆم دەپرژێنم وەک شەونم،
شەو درەنگە و دەزانم: گوڵبەژنێک دێتە خەونم!

٢/٧/١٩٩٢- گوندی شوکینا

# تەمەن

تا تۆم هەبێ، ئازیزم،
من چیم لە مانگ و ساڵە؟
هێشتا زەڕنەقووتە بووم
ڕیشی خەمم سپی بوو،
دەمگوت شادی مەحاڵە
ئێستاش لە سای ئەڤینتا
وا بە کۆڵێ ساڵەوە
تازە پێرەوکە دەبم، دەمم پڕ گڕوگاڵە!

١٢/٦/١٩٩٣- ڕووسیا - گوندی تشیریکۆڤە

# بەراورد

نیوەشەو بوو،
سروشت مات و دنیا بێهەست...
تۆ نووستبووی،
ڕوومەتت لەسەر پشتی دەست.
لە ئادگارت وردبوومەوە:
پێلی شەوبۆ هەڵیگرتم،
ڕایهەژاندم ئاوازێکی جاویدانی،

کتێبەکەی دەستم داخست،
خۆم ڕەها کرد لە زیندانی -
ڕووی پیرۆزی تۆم خوێندەوە،
نەرمە نەرمە، ئایەت ئایەت، تا بەیانی!

تشیریکەڤە - ١٩٩٣/٦/١٣

# ڕەشنووس

ڕەشنووسێکم،
ڕۆژگار وەکوو نەخشبەندێک
هەر دەمنووسێ و نەخشم دەکا.
ڕۆژێک دادێ:
تاتەشۆر - چاپ،
گۆڕ - جزووبەند،
کۆڕی پرسەش - پەخشم دەکا

١٩٩٣/٧/٤ – مۆسکۆ

# تۆ پێت وایە...

تۆ پێت وایە
شیعرەکانم
وەکوو بەردی لاڕێ سادەن؟

تۆ پێت وایە
پەیڤەکانم
ئاسمانگەڕ نین، زەویزادەن؟

ئاخر... چبکەم، دڵیژگەکەم!
وێنە و هزری وردیلانە
چرکەیەک دەبریسکێنەوە و
دەکشێن وەکوو گوڵەستێرەی
شەوەزەنگی باخ و ڕەزان،
هەر ئەوانەم پێ وەگیر دێن
کە ماندوون و دادەوەرن
وەکوو گەڵای وەختی خەزان!

١٩٩٣/٧/١٤- مۆسکۆ

# ڕۆژباش کچانی...

ڕۆژباش،
کچانی سەدساڵ لەمەوپاش!
ڕۆژباش،
کوڕانی سەدساڵ لەمەوپاش:
چاوەڕێم کەن،
وا تێنەگەن هێندە دوورم...
ئەو بەڵێنەی بە ئێوەم دا
هەنووکەش لەسەری سوورم.

چاوەڕێم کەن،
نابێ، ناشێ نەتانبینم.
مەپرسن کەی.
مەپرسن چۆن.
گومان مەکەن لە زڤرینم:

لەوانەیە،
ڕۆژی نەورۆز،
وەک پنجێک گیا،
لەسەر گردی مەلا مەروان بژییێمەوە. #
ڕەنگە شەوێک
لەگەڵ تیشکی برووسکەدا
داپەڕمە خوار و بێمەوە،
بێنێک وەکوو تاپۆی ئاڵا
لە بەرچاوان بشنێمەوە.
لەوانەیە،
هەر دوای ڕێژنە بارانێکی سەربەکڵاوە،

له داوێنی ئەسپینداریک
وەکوو کارگێک هەڵبتۆقم.
یا له دەشتی کاولەقەراج
شین بم وەکوو گوڵەجۆیەک،
یا له گەرمەی ڕەشبەڵەکدا
بترنجێمه ناو ئاپۆره و
لەپڕ بێمه دەستی دۆیەک.

* * *

ڕۆژباش!
کچانی سەدساڵ لەمەوپاش...
ڕۆژباش!
کوڕانی سەدساڵ لەمەوپاش:
که منتان دی
بانگم بکەن
بۆ سەر سفرەی پڕی خۆتان.

من دڵنیام
نانی ئێوە تامی خوێن و ڕۆندک نادا.
با شەوێکیش بەئارامی
بنووم لەناو پێخەوتانا -
لەم ژینەدا هەرچەند گەڕام بە دنیادا،
پێخەوی من
یا کەڵەکی سەر شەپۆل بوو،
یا لکێک دار لە بەردەمی ڕەشەبادا!

لێم گەڕێن، جارێک،
لە چەقی ڕێگە، بە ڕۆژی ڕووناک،
بێ فتوای مەلا و ئیزنی عەشیرەت،
لە ترس ڕەها، لە تانە بێباک،
تێر ئاوێزانی کچەکوردێک بم،
هەناسەی بۆنی نێرگزی لێ بێ،
بەری دەستیشی تام و بۆنی خاک.

* * *

ڕۆژباش،
کچانی سەدساڵ لەمەوپاش!
ڕۆژباش،
کوڕانی سەدساڵ لەمەوپاش:
تکا دەکەم،
بۆ ئەو ڕۆژە
- ڕۆژی زڤرین یا داپەڕین،
ڕۆژی شینبوون یا هەڵتۆقین -
پەساپۆرتێک بۆ من دانێن.
گرینگ نییە!
با ئەستوور بێ یا تەنکۆکە...
با لاکێش بێ یا چوارگۆشە...
گرینگ نییە!
چۆنی دەڵێن با ئاوا بێ:
زەرد بێ، سوور بێ،
شین بێ، مۆر بێ،
یا ڕەشێکی وەک قەتران بێ...

لەم ژینەدا بە حەسرەت بووم،
تەنیا ڕۆژێک
پێناسێکی زێدی خۆمم لە گیرفان بێ!

ڕۆژباش،
کچانی سەدسالّ لەمەوپاش،
ڕۆژباش،
کوڕانی سەدسالّ لەمەوپاش!

١٩٩٣/٨/١٤ – تشیریکۆڤە

---

**قەراج** : بە پیتترین زەویی باشووری کوردستانە، زێتر بۆ نیشاندانی خۆشەویستی و پەیوەندیی نێزیک دەگوترێ: کاولەقەراج، کاولەمەخموور، کاولەوڵات... هتد
**مەلا مەروان** : گردێکە نێزیکی گوندی بێرکۆت. بەهاران لەوەڕگەی بەرخەل و کانگەی پیفۆک و شیلمشاق و قێزبەلە و قوڕادە و شتی تر بوو.

# دەسەڵات

قەڵەمەکەم چەکوچە و

هەر پەیڤێکم ـ بزمار.

ستەم، لە هەر جێیەک بێ،

دەیسمم وەک تەختەدار!

١٩٩٣/٨/٢١ - مۆسکۆ

# مۆنۆلۆگ

کازێوەیە.
سەرینی تۆ باسکی منە،
سەری منیش لەسەر باڵی کرێوەیە.

کازێوەیە.
پۆلێک پرسیار بەرێ دەکەم،
پۆلێکی تر بەرێوەیە.

کازێوەیە.
گا ئازیزێک، کە زیندووە،
لەناو تابووت ڕاکشاوە و
شەلاڵی زەردەچێوەیە
گا هاوڕێیەک، کە نێژراوە،
چاوی زەق زەق تێم بڕیوە و بەپێوەیە!

* * *

هەنووکانە چاو لێک دەنێم...
ئەو دەلاقەیە دادەخەم
کە ڕابردووی لێوە دیارە،
شاباڵی ئەو بازەش دەکەم
کە لە فەزای ئایندەدا
سەرگەرمی ڕاو و شکارە،

* * *

من تێدەگەم :
ئەوەی ڕابرد - وەگیر نایێ،
ئەوەی دادێ - هەر مردنە...
هێندەم بەسە، کە تۆ ... ئێستا...
سەرت لەسەر باسکی منە.

* * *

دەڵێم، گەر دایەحەوا گوێڕایەڵی خودا با،
بەری حەرامی دیبا و قەپاڵی لێ نەدابا...
کوا، کێ دەڵێ من و تۆ
لەوێش من و تۆ دەبووین؟
کێ دەڵێ گەمیەی بازووم
سەرتی لەسەر پێلی شەو ڕادەژەنی هەنووکە؟
کێ دەڵێ لەو بەهەشتا
بەهەشتۆکەیەک دەبوو،
هەر من و تۆی تێدا بێ، وەک ئەم لانە بچووکە؟!

٨/١٠/١٩٩٣- مۆسکۆ

# دوودڵی

نیوەشەوێ
لەبن ڕێژنەی
هەودای تەزوو و برووسکەدا ژوانم هەیە.
کە دەیگەمێ
لەپی دەستێک بۆ ناو تۆفان گەمیەم دەبێ،
بەژنێک شیعر و تریفە و بۆن تێم دەئاڵێ،
کۆشێک داڵدەی هەنیەم دەبێ.

بۆ دوودڵم؟!
ئەگەر نەچم،
کێ دەزانێ،
لەم عومرە کورتەی کە ماوە،
کەنگی دیسان ژوانم دەبێ؟!
کێ دەزانێ
کەی شێتی باڵم پێ دەگرێ و
جارێکی تر دەرفەتی سووتانم دەبێ؟!

١٩٩٣/١٠/١٣ - مۆسکۆ

# لێکدابڕان

ئێوارە بێ یا کازێوە،
خۆرەتاو بێ یا شڵێوە،
لە هەر کوێ بێت:
لەناو کونە ئەشکەوتێکا
یا شارێکی پڕ هاتەهات،
لە کونجێکی تاراوگەدا
یا زنجێکی کاولەوڵات،

هەر کاتێکی مەیلت لێ بێ،
من دەبمە با و بە چرکەیەک دەگەمە لات.
تۆ هیچ نا، هەر هێندە بکە،
بڕۆ، درەختێک ڕاسپێرە
. چۆلەکە دەورەیان دابێ.
بڕۆ، جۆگەیێک ڕاسپێرە
پەیکی پێلی بەئاگا بێ.

١٣/١٢/١٩٩٣ ـ مۆسکۆ

# خەڵوەت

خوایە، بارم سووکتر کە!
پشتم شکا، دەرنابەم...
ئەوەی هەستی پێ دەکەم
بۆ بەندەیەک زۆرە، زۆر :
لە جەرگەی تاریکیدا
گەردی ڕاستی دەبینم
وەک بەفری بەر تیشکی خۆر؛

وەکو پەڕەسێلکەیەک
تا بکرێ نزم دەفڕم
بەر لە باران و تەرزە؛
وەک هەسپێک لەسەرهەستم،
ئارامم لێ هەڵدەگرێ
پێشبینیی بوومەلەرزە.

خوایە، بارم سووکتر کە!
پشتم شکا، دەرنابەم...
یا وا بکە زمانم
لێی تێکچێ کۆدی سەرم،
یا زاتێکم وەبەر نێ،
هەر شیعرێکی کە دەیڵێم
کفنێک بێ پڕ بە بەرم.

٨/٥/١٩٩٤- هەولێر

# پرێسکە

ئەنگوستیلەی کامەرانیم
لەناو پرێسکەیەکدایە.
پێیان گوتووم،
تەنیا جارێک تووشی دەبم،
هەر جارێک و ئیتر تەواو.
بۆیە، بگەمە هەر جوانێک،
بەو پرێسکە ئەفسووناوییەم دێتە بەرچاو.

١/٣/١٩٩٥ - مۆسکۆ

# دوگمە
# یا
# لە قاوەخانەیەکدا

وەک گورگی باراندیدە،
ئارەزووی لە شەوڕاوە نیگای دڵی چاوچنۆک.
لە لانی وەدەرناوم،
بۆ جوانێکی گەردنکێل
دایرِماندووم بۆ سەر چۆک.
دورگەیەکی نەبینراو گازم دەکا بۆ سەفەر،
بەڵام رِێگەی لێ گرتووم
تەلیسمی دوگمەی بەرۆک!

* * *

ئەو دوگمە بچووکانە
دەڵێی چاوی بازانن هێند لاسار و نەترسن،
ناترووکێن و ناترووکێن:
کلیلداری گەنجینەن، وەڵامی هەزار پرسن.

* * *

دەدوێن و حاڵی نابم -
دوگمەن یا لوغمی ڕێگە؟
ڕێگرن یا ڕێنوێنم؟
هەڵمەت دەبەم - ناگیرێن.
بۆڕ دەخۆم و کۆڵ دەدەم -
ئەوان دەکەونە شوێنم!

* * *

چبکەم! هێدی و ئارام بم،
یا کودەتا بەرپا کەم؟
ئاگرەکە خامۆش کەم، یا بڵێسەی ڕەها کەم؟

چۆن لەگەڵیان بسازێم؟
چۆن گڕ نەسێنێ خوێنم؟
چۆن هۆش لە سەر نەترازێ
ئەگەر نەیان ترازێنم؟!
شەوە و دەدرەوشێنەوە،
وەکوو چرای کەوشەنان،
منیش لەوەتی دەژیم...
شەوبای کەوشەنبەزێنم!

١٤ /١٠/١٩٩٥ ـ کۆرسۆ

# ئاشتی

تاکوو چەمێک نهێنیی خۆی
بە چەمێکی تر بسپێرێ،
تاکوو شاخێک
لەبەر شاخێک دابێتەوە،
تەور بە دار... گرمە بە چرپە نەوێرێ -

پێشنیازێکم هەیە بۆ خوا...
خوایە، تۆبە!
پێشنیاز ناکەم!
لەبەرت دەپاڕێمەوە...
دەپاڕێمەوە تا مردن:
تۆ وا بکەی نێریش وەک مێ
بکەوێتە زاوزێ کردن!

١٧/١٠/١٩٩٥ - کۆرسۆ

# گازانده

سوپاست دەکەم، خوایە:
جووتێک چاوت پێ بەخشیم -
لە چاوی باز بیناتر.
لە سنگما دڵێکت چاند -
وەکوو هەور بەخشندە،
چەشنی چیا خۆڕاگر.
ڕەنگم لە نووری خۆتە،
خوێنم لە شیلەی ئاگر.

سوپاست دەکەم، خوایە:
بۆ پڕانی زمانم
لە هەر ژێیەکی بەهەشت...
ئاوازێکت بۆم چنی.
بۆ خەملی نیشتمانم
نەخشینترین نیگارت
لە بەر بەهەشت داڕنی.

سوپاست دەکەم، خوایە:
شەپاڵت کرد بە زارۆم، پەریت خستە ئامێزم.
بەڵام بۆچی، خودایە،
هۆشێکی وات نەدامێ، خەڵاتان بپارێزم؟

هاوینی ١٩٩٥ ـ کۆرسۆ ( فینلاند)

# پایز

پێش ئەوەی وەکوو دەنکێک زەردەلووی
تەنیاجێماوی چڵۆپکی دارێ،
بای پایز لێم دا،
لەپڕ ترپەم بێ و بکەومە خوارێ -
ڕەخشی خەیاڵی مەودابەزێنم
وەک با تاو دەدەم،
سەر لە لانەی باز،
لە لووتکەی قیتی بەر هەتاو دەدەم،

ڕێ لە زریان و برووسکە دەگرم،

دەچمە بەر ڕێژنە و شۆڕابەی نەوی.

لێیان دەپرسم،

ئاخۆ لە کوێ بم،

کاتێ تریەم دێ و دەکەومە زەوی!

هاوینی ۱۹۹٤ ـ کۆرسۆر

# خوناو

تۆ دڵۆپەخوناوێکی
لەسەر گەڵای عومری بەهار.
تۆ، گیانەکەم، کچی شەوی.
زۆر دەترسم نێزیکت بم،
نەوەک بتکێی بۆ سەر زەوی!

١٧/١١/١٩٩٥ - هێلسنکی

# نیشتمان

بەهەشت و دۆزەخ بۆ من تازە نین.
هاوکات و هاوجێ
ئەویشم دیوە، ئەمیشم دیوە :
نیشتمانی من، لەوەتی هەیە،
بەهەشتە و دۆزەخ دەوری تەنیوە!

٢٨/١١/١٩٩٥ - هێلسنکی

# داگەڕان

ئێوارە وەختە،
تا چاو بڕ دەکا دەورم ڕووتەنە.
لەم دنیایەدا
من تەنیا خەونی ژوانی تۆم ماوە...
خەونی ژوانی تۆ
بۆ من سەرابی شینکە و قۆپەنە،
گلۆڵەتیشکی سەربەرەوخوارە،
بەری ئاوداری بڕکی تەمەنە.

لێ گەڕێ، گیانە!
دەبا ئەم خەونە
هەر بچریوێنێ و بچریسکێتەوە.
دەستی لێ مەدە، مەیشڵەقێنە،
با هەر درێژ بێ...
با هەر درێژ بێ و قەت نەبڕێتەوە.

* * *

مەرگی ئەم خەونە ڕەنگان ناهێڵێ و
دنیا پڕ لوورە و شەختە و ڕم دەکا.
خۆر لە گۆی زەوی دەشارێتەوە،
ئەستێران نوقمی تەپونم دەکا.

* * *

ئەدرەسی خۆمت دەدەمێ،
بەڵام ڕچە قەت نەشکێنیت.

ڕێگەی جێژوان گوڵڕێژ دەکەم،
بەڵام نەکەی بێیتە ژوانم.
بەیداخی سپی هەڵدەکەم،
دڵت بەرد بێ!
گوێ نەدەیتە چۆکدادانم.
گرمەم دێ و چەخماخە دەدەم،
خۆت نەبان کە لە ڕەهێڵەم... لە زریانم.
ئەگەر زۆر زۆر بیرت کردم،
جارجار وەرە بن ساباتی خەونەکانم!

هێلسنکی - ١٩٩٦/١٠/١٤

# نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم

## (١)

نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەک بێ تۆ ژیابم.
ڕێی تێ ناچێ،
بێ کووژەکەی دلۆڤانیت،
بە دۆزەخی ئەم عومرەدا
ڕەت بووبم و هێشتا مابم!

* * *

.كه منداڵ بووم،
گەر تۆ دەستت نەگرتبام،
چۆن دەمتوانی پێرەوکە بم؟
درەنگتریش،
بۆ تۆ نەبا
من کەپرۆکەم بۆ کێ دەکرد لە چیلکەدار؟
بۆ وەک نۆما،
بە پێی پەتی،
دەشتم تەی دەکرد سەروخوار؟

ئەگەر شیعریش
ئادگاری وەک تۆ نەبایە...
وەک تۆ نەبایە کتومت،
چۆن ئەو هەموو باڵدارانە
دادەبارینە سەر زمان؟
چۆن یەکەم دێڕ شیعرم دەگوت؟!

نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەک بێ تۆ ژیابم.
دەتناسمەوە :
لە تۆفانی شەستوسێدا
تۆ بووی شەوێک
بەرەو شاخ بووی بە ڕێنمام...
تۆ بووی لەناو ئەڵقەی گڕدا
شیعرەکانت چەپاڵە دام.
تۆ بووی خەونت بۆ زین کردم،
ڕەشمەی برووسکەت لە مست نام.

دەتناسمەوە:
هەر جارێکی کەوشەنێکم پەڕاندبێ،
لەگەڵما بووی هەنگاو هەنگاو.
تۆ بووی مۆتەی ترست دەکوشت،
دنەت دەدام بۆ ناو ئاگر، بۆ ناو گەرداو.

دەتناسمەوە:
لە هەر جێیەک گرماندبم،
تۆ چەخماخە و گەواڵە بووی لە سەرمدا.
ئەتۆ کاڵای ئاودامانی
گوللەبەند بووی لە بەرمدا.

نەخێر، هەرگیز باوەڕ ناکەم
چرکەیەک بێ تۆ ژیابم.
ڕێی تێ ناچێ،
بێ کووژەکەی دلۆڤانیت،
بە دۆزەخی ئەم عومرەدا

ڕەت بووبم و هێشتا مابم!

## ( ٢ )

من پێش تۆ هاتمە دنیا
تا گیانی خۆم تەیار کەم
بۆ گۆڤەندی ژوانی تۆ

تا بێتۆیی بچێژم،
هەر ساتێکی بینینت...
بۆ من ببێتە پەرجۆ

من پێش تۆ هاتمە دنیا
تا عومری گوڵ درێژتر،
گڕی ئاگر پەتیتر،
تەمی خەم تەنکتر کەم

تا فێر بم بە ئاسانی
لەسەر سنگت سەوز بم،
تۆ لە خۆمدا بزر کەم!

من پێش تۆ هاتمە دنیا
تا وا بکەم کارمامز
چیدی نەسەنگرێنەوە لە ئاوایی و دەراوان.
تا وا بکەم تەیروتوار
جێی چینەیان ناولەپ بێ و
نەکەونە تەپکە و داوان.

من پێش تۆ هاتمە دنیا
تا بتوانم، ئازیزم،
هەرکاتێ ئارەزوو کەی
ئەستێران وەک مۆم پێ کەم،
لە تووکی نەرمی مەلان
جێژوانێکت بۆ چێ کەم.

* * *

من پێش تۆ هاتمە دنیا

تاچاوی خۆم ڕابێنم،

لە تۆفانی ڕەنگاندا ئادگارت هاوێر بکا.

تا گوێچکەی خۆم فێر بکەم،

لە باهۆزی دەنگاندا سرتەت گوڵبژێر بکا.

* * *

من پێش تۆ هاتمە دنیا

تا بۆ نۆتەی لەشی تۆ

مووبەمووم هەمووی ژێ بێ.

تا شایانی ئەوە بم،

کلیلی تەخت و تاجی

خۆشەویستیی تۆم پێ بێ!

٢٩/١٠/١٩٩٦ - هێلسنکی

# لەوەتی هەم خەو دەبینم

لەوەتی هەم خەو دەبینم.
خەونی مەخمەریی خاسەڕەنگ!
خەونی بڵند وەک ئەستێرە،
خەونی تیژڕەو وەک تیشک و دەنگ.

لەوەتی هەم خەو دەڕوێنم.
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، ساڵ لە دوای ساڵ،
خەو دەڕوێنم.
کەوشەن بە کەوشەن، ماڵەوماڵ
خەو دەڕوێنم.

* * *

هەندێ جاران کە دەنووسم
پەیڤێک لێرە، یەکێک لەوێ، یاخی دەبن.
من پیادەم و ئەوان سوار.
من بێباڵ و ئەوان باڵدار.
هەرچەند دەکەم نایانگەمێ
هێندە سرک و دوورەدەستن.
کە دەڕازێم -
سەرم دەکەن بە پلوورە و
شانەی شیعر هەڵدەبەستن.

* * *

جار هەیە سمۆرەیەکی سرک و قیتەڵ
ئەم چڵ، ئەو چڵ، لێم ڕادەکا.
هەرکە خەوم لێ دەکەوێ -
بە پێی خۆی دێ،
لەسەر لەپم سەما دەکا.

* * *

جار هەیە جەنگی ئەستێران،
تشێرنۆبل، هەڵەبجەی وێران،
دەمامکەکەی مایکڵ جاکسن،
لە شووشەدا مرۆڤچاندن،
ئینتەرنێت و کونتێبوونی چینی ئۆزۆن...
ڕاوم دەنێن، دەمتۆقێنن...
کە دەڕازێم
گەردوون بەهەشتی سەرمۆرە:

ئەستێرەکان
یەکەم شەوە تاریکایی دەترووکێنن؛
یەکەم وەرزە، وەکوو بەهێ،
بە پەلوپۆی ئاسمانەوە دەجریوێنن!

* * *

کە بێدارم - دەبینم
چەند تنۆکەئاوێکی
زەندەقچووی بەرهەتاوین.
کە دەرِازێم - دەبینم
تیشکی خۆر دەخۆینەوە،
خورِەمان دێ، شەتاوین.

* * *

لەوەتی هەم خەو دەبینم:
ساتێک ئازیزەکەی ئەوێم

(کیژە ئەسمەرەکەی هەولێر)
لە فڕگەدا چاوەڕێمە
(هەر خۆی و باقەیەک کنێر)
پێش ئەوەی ماچبارانی کەم،
یا توند لە ئامێزی بگرم،
لێم دەپرسێ،
چۆن بەسەرچوو کۆڕی شیعری دیاربەکرم!
ساتێکی تر لەو خەوەدا
لە مەهاباد نەرمەشیعر دەخوێنمەوە،
قامیشلی بۆم لە قرمژنی چەپڵە دەدا.

* * *

من هەر وا بووم،
ئێستاش هەر وام:
لەوەتی هەم خەو دەبینم.
لەوەتی هەم خەو دەڕوێنم:

ساتەوەختێک
بە دەستێکم شواری کێوی حەمرین دەگرم،
دەستەکەی دیم شانەیەکە،
وردە پێلی (گۆلی وان)ی پێ دادێنم.

ساتێکی تر
پێیەکم لە هەورامانە،
ئەوی ترم...
بەرەو عەفرین سووک هەڵدێنم،
تا دەسماڵی سیاچەمانە
لە گەردنی کێلی لاوک بئاڵێنم.

* * *

لەوەتی هەم خەو دەبینم
لەوەتی هەم خەو دەڕوێنم:
ساتێک... لەوێ...
لە پۆستەخانەی بایەزید،

دەبینم... حەزرەتی خانی
خەرمانەی نوور دەوری داوە.
لێی دەچمە پێش،
سام دەمگرێ...
سەرنج دەدەم، ئەویش وەک من، شڵەژاوە.
من لە شەرمی گەورەیی ئەو،
ئەویش تا بە ئێکسپرێس کەوش و کاڵەک#
بۆ فەقێیە کۆییەکەی خۆی
ڕەوان بکا بەرەو باڵەک!

* * *

لەوەتی هەم خەو دەبینم.
لەوەتی هەم خەو دەڕوێنم:
نیوەشەوێک لە خەومدا
برووسکە لێی دام و مردم.

هاوڕێیانم
لە سێبەری دارەبەنێک،
لەسەر تاتەشۆرێکی ئاڵ،
تەرمەکەیان درێژ کردم.
ئاوەچۆڕەی دەوروبەرم
پەیتا پەیتا بوو بە جۆگە، پاشان بە چەم.
قازوقورینگ قەتاریان بەست،
ئاوێتە بوون پریشکی ئاو و تیشک و تەم.
لەو ناوەدا
بێشکەی دنیای ڕادەژەنی
شنەبایەکی یەزدانی.
یاسەمەن خوناوکەی دەکرد،
ئاسمان پڕ بوو لە ئەستێرەی ڕەنگ قەزوانی.
کە کفنیشیان کردە بەرم،
لەپڕ کفنەکەم خۆی هەڵخست،
بەرز بۆوە،
ڕەنگی گۆڕا،

بووه پەلکەزێڕینەیەک،
نەرم و شلک، ئاڵوواڵا...

زۆری نەبرد
هەڵیکردە کزەبایەک،
بینیم... پەلکەزێڕینەکە
شەکایەوە و بوو بە ئاڵا!

لەوەتی هەم خەو دەبینم.
خەونی مەخمەریی خاسەڕەنگ.
خەونی بڵند وەک ئەستێرە،
خەونی تیژڕەو وەک تیشک و دەنگ.

۱۹۹۷/٤/۳۰ - هێلسنکی

---

# ئاماژەیە بۆ بەیتێکی حاجی قادر، کە ڕووی دەمی لە مەلا عەبدوڵڵای جەلیزادەیە و تێیدا دەفەرمووێ:

وەبیرت دێ زەمانی چووینە باڵەک
بە پێخاوسی، نە کەوشم بوو نە کاڵەک

# دوو میوان

زەردئەسمەرێکم لایە،
ناوێرم بڵێم زێدە،
لێ شیرینە وەک زێدێ -
دەنگی فێنکاییی کەپرە،
مێرگی سینگ و بەرۆکی
بۆنی کنێری لێ دێ

* * *

له سووچێکی بەرامبەرم
بیرۆکەیەک هەڵکورماوە،
کەزی و بسکی دەکاتەوە و
دایدەهێنێ، چین چین، تا تا؛
بە شێنەیی دزە دەکا و
تەمی ناخم دەترووکێنێ
وەک تیشکی پیرۆزی گاتا.
خوایە، چبکەم؟
نازانم چۆن
دەستەملانی دوو ئازیز بم
لە یەک کاتا؟!

١٩٩٧/٨/١ – هێلسنکی

# لێکدانەوە

وا چرکەساتی لێکدانەوەیە ـ
هەرچی پرێسکە و
شڕەدەفتەری کەلاوەی یادە،
هەمووم هەڵخستوون وەک بازرگانێ...
پەشیمانم و پەشیمانیش نیم،
کەوا سەدەفی سەدان لەش گەڕام
بۆ دۆزینەوەی مرواریی گیانێ!

٢/٨/١٩٩٧ - هێلسنکی

# گەردوگوڵی بەیانییە...

گەردوگوڵی بەیانییە...
بەدیارتەوە دانیشتووم و
خەرمانی ڕووی نوقمی خەوت شەقڵ دەکەم...
هەروا بیرە و بیر هەڵدێنێ -
زۆر دەترسم، گەر خافڵ بم،
زەمان بۆلات خشکە بکا و
شەقڵی ڕوخسارت بشکێنێ!

* * *

گەردوگوڵی بەیانییە...
بەدیارتەوە دانیشتووم و
هەناسەکانت دەژمێرم.
دێ لە دەرگەی پرسێک بدەم:
« کێ پێش...کێ....دەم... »#
لە دەرگە نادەم... ناوێرم!

١٥/٣/١٩٩٨- هێلسنکی

---

# (دەمرێ) یە و (رێ)یەکەی پەڕێنراوە

# ژان

بەم نیوەشەوە
هەروا پرسیارەو فڕکەی باڵی دێ.
حەجمانم نییە،
دیسان گێژ دەخۆم وەکوو گەردەلوول.
هەندێ خەم چەشنی دەریا کراوەن،
هەندێ، وەک تۆمار، سەربەمۆر و لوول.

دیاره هەویری شیعرێکی تازە
هەڵاتووە بە خەم،

هەر هێندە ماوە
بە گزرەی خەیاڵ تەندوورێک جۆشدەم!

١٩/٣/١٩٩٨ - هێلسنکی

# ئەلارم

من: سەعاتێکی زەنگدارم.
بۆ ئەوە بووم،
تا لە کات و ساتی خۆیدا
بۆ زەنگلێدان لە خەو ڕابم.
دوگمەی دەنگم هەر لای مەرگە،
تا ئەو ڕۆژەش زەنگ لێ دەدەم،
لێ دەدەم و بێدەنگ نابم!

٣٠/٣/١٩٩٨ - هێلسنکی

# ڕواڵەت

وا لەسەر پشت ڕاکشاوم،
بە ڕواڵەت ئاسوودە و ئارام ...
گۆشەیەکی زەوی هەیە و خۆر نایبینێ،
من لێرەڕا لێی بە ئاگام -
دەنگوباسی هەر پەنگرێک لە کوانوودا،
نووچەی تەرزی هەر دارمێوێک دەگاتە لام.

ساتەوەختێک دەپشکوێم
وەک کەرکووکی نەورۆزەکەی نەوەتویەک،
چرکەساتێک
لە هەڵەبجەی شازدەی مارتیش دڵتەنگترم.
بەرواڵەتیش
وا لەسەر پشت ڕاکشاوم،
لە بیستۆکی تەلەفۆنێک بێدەنگترم!

٣٠/٣/١٩٩٨ - هێلسنکی

# تاسە

پەلەقاژەمە!
بەڵکوو تا زووە
هەندێ گەڵای دار،
هەندێ پنجەگیا و گوڵەکێویلەی
ئەوێ دەسگیر کەم.
ناترسم ناویان لە یادم بچێ،
بەڵام دەترسم بۆنیان لەبیرکەم!

٣٠/٣/١٩٩٨ - هێلسنکی

# ئۆتۆنەمان

کورد: مریشکەڕەشەیەکە
بە تۆپیش ناجولێتەوە.
نازانم ماوە یا مردووە.
دەیان ساڵە
لەسەر لوغمی ئۆتۆنۆمی... کڕ کەوتووە!

١٩٩٨- هێلسنکی

# نەستەلژی

- چەند بیری ئەستێران دەکەم!
+« تەنیا لەوێ
هەر ئەستێرەو بۆ جێژوانێک ڕێنمایە.»

- چەند بە عەزرەتی ئاسمانم!
+ « تەنیا لەوێ
ئاسمان دەریای ئاودامانی لەبەردایە»

- بۆ بۆنێکی خواکرد شێت بووم!

+» تەنیا لەوێ

هەر کولیلکێک شووشەبۆنی سەرواڵایە!

٢٦/٢/١٩٩٩ - هێلسنکی

# خەڵات

ژینێکی ترم خەڵات کە، خوایە!
با کورت بێ، وەک هی گوڵ و پەروانە،
بە هەر بستێ عەرد من قنیات دەکەم،
بەڵام تیا نەژیم وەکوو بێگانە!

١١/٤/١٩٩٩ – هێلسنکی

# باڵا

لەوەتی من هەم، سەرنجم داوە،
ڕێگەی گوڵگوڵیی تەخت و بەخت و کام
بە بنِ کەوانەی تاقێکدا دەڕوا
کە نەویترە لە خاچی باڵام.

من قەت دەسکاریی بەژنی خۆم ناکەم
هەتا ئەو ڕۆژەی سەر دەنێمەوە.
نەمام بووم زریان نەیچەماندمەوە،
خوایە، بە پیری... نەچەمێمەوە!

٢٨/٤/١٩٩٩ - هێلسنکی

# هەوێ

با بە تاقی تەنیا بم،
نە سیرەی دەرگەم دەوێ...
نە ترپەی هەنگاوی تۆ...
لێم دوورکەوە، ئازیزم،
من شەڵاڵی شیعرێکم
لە سەر سیحری چاوی تۆ!

٢٩/٤/١٩٩٩- هێلسنکی

# پیری

کاتێ جاران
تەمی خەمێک، لە سەد پێچ و کەنارەوە،
شەپۆل شەپۆل، قەف قەف دەهات،
دایدەگرتم بە ترۆپک و بنارەوە -
بیرم لەوە دەکردەوە
کە سەودایەک، عیشقێکی نوێ...
سبەی بە داری عومرەوە
گۆپکە دەکا و دەپشکوێ.

کەچی ئێستا،
کە دڵتەنگی قانگم دەدا،
کە دەبینم ئێجگار ماتم -
بیر لە جوانێک دەکەمەوە،
کە فلاّن ساڵ،
لە فیسار جیّ تووشی هاتم!

۱۹۹۹/۵/۳ - هێلسنکی

# شیعر و تاج

کە سەر بە شانم دەکەی - شای وڵاتی پەرییانم.
کە گڕ دەگری و دەتۆرێی - شاعیری خەم و ژانم.
ئەگەرچی تاج و شیعر،
وەتی دنیا دنیایە، چەشنی ڕەشەبا و مۆمن،
بەڵام، دڵەگۆڕکێت خۆش،
هەردووک لەبن ڕکێفمان، بە جووتە دەستەمۆمن!

هێلسنکی -۱۹۹۹/۹/۹

# ڕازێك

من دوو ساڵە
سەوداسەری درەختێکم،
کە جێی پشت پەنجەرەی منە.
سەد جاریش خۆی گەڵاپۆش کا
من بە ڕووتی ئەو دەبینم:
درەختی چی؟! شۆڕە ژنە!
بەڵام چەند دەکەم تێناگەم،

که بەهاران
شیرینەکەم ژان دەیگرێ و چرۆ دەکا،
که پایزان
جگەرگۆشەی دادەوەرن لەبەر بادا،
که شەوگاران
کرێوەیەک دەزریکێنێ و
هاودەنگ قاتە لە دنیادا ـ
خۆ من چرام تا بەیانی هەر دەسووتێ،
بۆچی جارێک لە پەنجەرەی ڕۆشنام نادا؟!

١٠/٩/١٩٩٩-هێلسنکی

# شەفەق لە زەردەپەڕدا

## (١)

بە مناڵی
شێتی کچەهاوسێیەک بووم:
ئەگەر ڕۆژێک نەمدیبایە
کفرم دەکرد،
وام دەزانی
عەرشی ئاسمان بێ خودایە.

ئەگەر ڕۆژێک ناوی منی نەهێنایە،
وام دەزانی
چیدی کێشکە چینە ناکەن لە پەساران،
پەڕەسێلکە ناسریوێن،
خۆر هەڵنایێ لە جێی جاران.

* * *

بە منالی
شێتی کچەهاوسێیەک بووم...
هەرجارێکی وەڕس دەبووین،
سەری خۆمان هەڵدەگرت و
لە شوێنێک، چەپەک و پەنا،
خانووچکەیەکمان چێ دەکرد،
ماڵێژگەیەکمان دادەنا :
هەرزاڵەیەک بۆ پێخەف و
کەندوولەیەک بۆ ئازووخە و
گۆزەڵەیەک بۆ سەر کانیاو.

هەر جارێکیش برسی دەبووین،
داردەستێکم زین دەکرد و دەچوومە ڕاو!
تا من لەوسەر دەهاتمەوە،
قوڕ دەکرایە زمانەگا و دەبرژێنرا لە بەرهەتاو!

* * *

بۆ ئەو کچە دراوسێیە
سەرتاسەری دنیا گەڕام :
لە وێستگەی شەمەندەفەران،
لە فڕگەکانی هەندەران،
لە مەیخانە و پەرستگاکان،
لە هەموو دەریا و بەندەران...
چاوم گێڕا،
بێ هوودە بوو!
نەمدیتەوە و نەمدیتەوە.
زۆرجار دەهات لە بیری کەم،
کەچی لەپڕ دەیترووسکاند
ژیلەمۆی بن خۆڵەکەوە.

(٢)

هەر ئەو شەوەی بۆ یەکەم جار
ستێرێکی چاونماویی قوتبی باکوور
بۆمان بووە قیبلەنمای یەکەم دیدار،
بە چرکەیەک مەودا سووتا، دیوار ڕمان،
سەرتاپامان بوو بە نیگا،
موو بە موومان بوو بە زمان.
دیتت چ زوو
هەردوو باڵت لە من ئاڵاند؟
دیتت چ زوو
سەری سپیم سنگی تۆی کرد بە نیشتمان؟
هەر ئەو ساتە، هەر ئەو شەوە
گرفەی هات و گڕی هەڵسا
ژیلەمۆی بن خۆڵەکەوە.

هەر ئەو ساتە، هەر ئەو شەوە،
تێگەیشتم
جوودایی من و هاوسێکەم
درۆیە، مۆتەیە، خەوە:

ڕوو هەمان ڕوو،
دەنگ هەمان دەنگ،
بۆنت هەمان بۆنی ئەوە

٢٨/٤/٩٩٩-هێلسنکی

# هۆنراوەیەکی ناتەواو

هەر بە وشە
نیگارێکی ئازیزەکەی خۆم کێشاوە.
سەیری دەکەم :
دەق خۆیەتی!
هەر بۆ گوێیە تەنکەکانی گوارە ماوە.

* * *

فەرهەنگەکان
با بە خۆیان هەر بنازن،
با بڕسکێن،
با بخەملێن بە هەزاران وشەی بەدەو.
بە چی دەچن،
کە پەیڤێکیان تێدا نەبێ،
بشێ ببێ بە گوارەی ئەو!

* * *

من ئەییووبم.
بە ئاسانی پشتی ئومێدم ناچەمێ.
وشەیەکە و عەودالیمە،
زوو یا درەنگ هەر دەیگەمێ -
لەسەر باڵی سیمرخیش بێت،
ئاسمان بست بست دەپشکنم.
بە زەویشدا بچێتە خوار،
بنزەویگەڕ هەبێ منم.

وشەیەکە و دەیدۆزمەوە،
ئەگەر بنپێی خەیاڵیشم
شەقشەق و پارەپارە بێ.

گەر هەر نەبوو،
دایدەتاشم!
ناهێڵم گوێی ئازیزەکەم بێ گوارە بێ!

۱۹۹۹/۱۲/۲۰ یوتوبوری

# هەڵچوون

ساردیت دەمکوژێ. دنیا پایزە و
بەدەنی منیش ڕووتترین خاکە.

هاوینی تینوو لە ناخمدایە
نمەی خوناوکە لێوم تەڕ ناکا.

دە بتریشقێنە، هەوری شاقەلشۆڕ،
دە ببرووسکێنە، ببارە، دا کە.

هێڵی سنووری نێوان من و تۆ
تراویلکەیە، وەهمی تریاکە.

گوارە و گەردانە فڕێدە لاوە،
بسکت بەردەوە، کەزیت ڕەها کە.

ئەوەی گرێیە بیکەرەوە بۆم،
بە دوڕگەی ئەودیو تەمم ئاشنا کە.

سنگت بەندەن و دەشتی مەفتەنە،
ڕێی ڕەوەئاسکی پەنجەم والا کە.

لەشێک دەماری گڕی تیا نەبێ
کۆتەرەدارە، داوەڵە، لاکە.

گەمارۆم ناوێ، پەلامارم دە!
سەنگەر و قەڵام تەفروتونا کە.

لێوم کافره، خوێنی حەڵاڵە،
گۆی مەمک و لێوت فێری غەزا کە.

لە ئاسوودەیی بەهەشت تۆقیوم -
هەناسەت گڕ دە، دۆزەخ ئاوا کە.

بێدەنگی بەزمی گۆڕنشینانە،
دنیا پڕ نرکە و زیرە و زەنا کە.

هەڵبە، گڕ بگرە، نێڵە و لرفەت بێ،
تەزوو بچێنە، شۆرش بەرپا کە.

گیا بە - بشنێوە، دەریا بە - پێل دە،
چاو لە بوولەرزە، لە ڕەشەبا کە.

پایزی لەشە و هاوینی ڕۆحە،
لە ترسی خەزان دڵم خەمناکە.

داباره سەرم! هەوری شاقەلشۆڕ،
نمەی خوناوکە لێوم تەڕ ناکا!

٨/١/٢٠٠٠ هێلسنکی

# دوو ئاوابوون

دانی ئێواران
سەرنج دەدەمە ئاوابوونی خۆر...
دەزانم، منیش،
زووبێ یا درەنگ، دەبێ ئاوا بم.
بەڵام، مخابن، دەمی ئاوابوون
وەکوو زەردەپەڕ سیحراوی نابم!

٧/١/٢٠٠٠ - هێلسنکی

# هێورکردنەوە

هێندە خەم مەخۆ کە پێش ناسینم
پرچی خۆت بڕی، ئەی خەمشیرینم !

من، کە تا ئێستا قەت دەربەست نەبووم
کورت بێ یا درێژ تاڵەمووی ژینم،

دەپاڕێمەوە عومرم درێژ بێ،
بەڵکوو درێژیی پرچت ببینم !

٢٠٠٠/١/٩ - هێلسنکی

# لەسەر گۆڕی عاشقێکی گەورە

«بۆ ڕەهبەر جەلال کۆیی»

هەموو جارێ
زوو دەژاکێ لەسەر گۆڕت
هەر گوڵێکی کە دەیچێنم -
خۆ دەزانم عەشقی گوڵی کام وڵاتی،
بەڵام چبکەم!
گوڵی ئەوێ لە کوێ بێنم؟!

٢٠٠٠/٤/٦ هێلسنکی

## کۆنتراکت

نیازم وایە
شەوورۆژێکم تەنیا هی تۆ بێ.
بڕیارم داوە
سەفەرەکانی سەرم ڕاگرم،
شەپۆلان سڕ کەم.
تەنیا ورینگەی تۆی تیابێ ماڵم،
دەرگە و پەنجەرە و بابوێر کونبڕ کەم.

خانومانەکەم!
تۆش تەنیا جارێ
خۆت تاقی کەوە...
با شەووڕۆژێک هەمووت هی من بێ:
هەرچی نەریتە با دەقی بشکێ،
هەرچی یاسایە با سەروبن بێ!

خۆت لە دەورووبەر،
لە کەس و کار و ئاشنا بدزەوە،
لە ئەستێرە و مانگ،
لە هەور و سامالّ،
لە بێنەوبەرە و خەمیزگەی دنیا
خۆت ڕاپسکێنە،
تەماشای میلی کاتژمێر مەکە،
وەک ڕۆژانی تر خۆت مەخەملێنە:
خۆ پیرەدنیا ژێروژوور نابێ،

تەنیا هەر جارێک،
بۆ شەووڕۆژێک،
نیوەژن بکوژە و ژنێکی ژن بە!
من شەووڕۆژێک دەبم بە هی تۆ،
تۆش شەووڕۆژێک تەنیا هی من بە!

۱۸/٥/۲۰۰۰- هێلسنکی

# گوڵمێخەیەک

له باخێکدا
گوڵمێخەکێک دڵمی ڕفاند.
بەخەمساردی
دەستم نایە بینەقاقای بۆ چنینی.
له پڕێکا
له جێگەی گوڵ گوڵم نەدی ـ خۆمم بینی!

ڕاچڵەکیم و بە بیرما هات:
« منیش ئەمڕۆ
وەک ئەو گوڵە دەشنێمەوە،
بێپەروام، ئاسوودەم، هێمنم...
ئەی کێ دەڵێ هەر وەک ئەویش
دەستی مردن نێزیک نییە لە گەردنم؟!»

هێلسنکی-١٩٩٩/٦/١٠

# توانەوە

بە تۆ دەبینم.
بە تۆ دەبیسم.
بە تۆ دەپەیڤم.
کەچی، مخابن!
ناوبانگ هی منە و ئەتۆش بزری.
چەند لام ستەمە هەر وا دەزانن
کە تۆ من نیت و کەسێکی تری!

٢٠٠٠/١٢/٩ هێلسنکی

# بەرجەستەکردن

پێش بوونی من
ملیۆنەها ئافرەت هەبوون:
بە لەشولار، بە ڕەنگوڕوو - جیاجیا...
بە سەراپای پڕ هێما و کۆد،
بە گەرمایی و تامی تەزوو - جیاجیا...
دوای کشانی ئەستێرەشم
ملیۆنەها نازداری تر دێنە دنیا.

* * *

سەفەرێکی زۆر درێژم لەبەردایە،

شپرزەم و

بێ تۆشەم و

دڵم بۆتە مەکۆی خەمان...

چ حەسرەتە!

من نە بەوان ڕاگەیشتم،

نە دەستم دەگاتە ئەمان...

* * *

وەتی هەم سەرمابردەڵەم...

دە دامپۆشە بە هەناسەی پیرۆزی خۆت،

داگیرم کە و

گەرمم کەوە، ئەی گیانی من!

بەڵکو بشێ ئاوێتە بین

وەک تخووبی ژین و مردن.

من کێم هەیە؟!
تەنیا هەر تۆی بۆم خەفە کەی
گڕی هەزار خۆزگە و بریا -

دە بۆم ببە
بەو شۆخانەی هەبوون و هەن،
بەوانەی پاش ماڵئاواییم دێنە دنیا!

نیوەشەوی٩/١٢/٢٠٠٠ هێلسنکی

# لەبەر پەنجەرە

چ ئەستێرەبەندانێکە!
مانگ پڕ بە سی
وا سامالی شین هەڵدەمژێ...
وەرە، دەستم لە ئەستۆکە و هەست ڕاگرە،
بزانە چۆن
بێدەنگی زمانی دەپژێ!

* * *

وەرە دەستم لە ئەستۆ کە و
بۆ ساتێکیش جێم مەهێڵە -
ئەستێرەیەک لە من دیارە،
ڕووتوقووتە و هەڵدەلەرزێ،
زۆر ساوایە و دەشنێتەوە...
چەند دەترسم پێرەوکە بێ،
نووچێک بدا و بەربێتەوە!

٢٠٠٠/١٢/٩ هێلسنکی

# ئەلها

لەو شەوەوە سەرینێک
سەراپای نوقم کردم
لە گێژاوی شەوبۆدا -
وەکوو چرکەژمێرێک،
بیرم هەروا خول دەخوا
بە دەوری بەژنی تۆدا!

١٠/١٢/٢٠٠٠ـ هێلسنکی

# نامۆیی

له سەردەمێکدا
کە گمەی خەم و باڵەفڕکەی گیان،
ڕووبەری تاسە و قووڵایی گریان
له بانقەکاندا نمرەیان هەیە و
له کۆندۆمێکدا جێ دەکرێنەوە؛
له سەردەمێکدا
کە گوارە و ئەڵقە
بە ناوکی ڕووت و گوڵبەدەمەوە دەبریسکێنەوە؛

لە سەردەمێکدا
کە ڕازەکانی مووبەمووی بەدەن
ئاشکراترن
لە قوونەجۆڵەی باڕۆکەییێکی ئاوەڕووتکراو ـ
من چۆن دەربارەی عیشقی خۆم بدوێم،
کە ڕەوەکترە لە سوێسکەی شاخان،
بەخشندەترە لە تیشکی هەتاو!

٢٠٠١/٣/٢٥ هێلسنکی

# گیرفان

تا هەنووکە
وام دەزانی گیرفانی خۆم دەپارێزم:
زوو زوو پینەم لێیان دەدا و
قەت نەمدەهێشت کونیان تیا بێ.
بێهوودە بوو -
شەبەقی گیرفانی عومرم،
نەک سات و ڕۆژ، تا ساڵیشی تیا گیر نابێ!

۲۰۰۱/٦/۲۹ هێلسنکی

# هەشتخشتەکی

(هێوێنی ئەم هەشتخشتەکیانەم لە شاعیری داغستانی
ڕەسووڵ هەمزەتۆڤ وەرگرتووە).

کاتێ دووراودوور سەیری کێو دەکەی،
نێزیک دەنوێنێ لووتکەی بڵندی.
کە بە ناو بەفرا پێیدا هەڵدەزنێی،
دەڕۆی و دەڕۆی، ناگەیتە دوندی.

کە هۆنراوەیەک دەخوێنیتەوە،
دەڵێی چەند سووک و زەلال و ڕوونە.
بەڵام کە دێڕێک لێت بوو بە گێژاو،
دەڵێی ڕەقترین کاری گەردوونە!

## (٢)

تافەی جۆگەلە و هاڕەی تاڤگە دێ،
گوێم لە زەمزەمەی چەم و ڕووبارە.
هەروا مل دەنێن، گوڕ دەبەستن و
ناگەڕێنەوە ئەم جێ و هەوارە

ئەرێ کاتێ ئاو مەفتەن جێدێڵێ
بۆ قریوەی دێ و هەر پێدەکەنێ؟
ئەی بۆچی کە من بارگە تێک دەنێم
خەفەت سەراپای گیانم دەتەنێ؟!

(٣)

ئەرێ خەڵکینە! بۆ هێندە خاون؟
مەڵێن کیسەڵیش سست و تەمبەڵە!
چما نازانن ئەگەر هیچ نەبێ
سەد ساڵی ڕەبەق عومری کیسەڵە؟!

ئەرێ خەڵکینە! بۆ وا بە پەلەن؟
مەڵێن کەروێشکی دەشتیش ڕا دەکا
ئاخر کەروێشکی بەدبەخت و کڵۆڵ
ژینی زۆر کورتە، بۆیە وا دەکا!

(٤)

خەڵكی هیندستان پێیان وایە مار
یەكەم گیانداری سەر ڕووی زەمینە.
شاخنشینەكان سوورن لەسەر وەی
هەڵۆ كۆنترین زەوینشینە!

كەچی من دەڵێم: نەخێر! یەكەمجار
ئادەمیزاد بوو پێی نایە جیهان
پاشان هەندێكیان وەكوو مار خزین،
هەندێك وەك هەڵۆ فڕین بۆ ئاسمان!

(٥)

که جاران دوو سوار دەبوو بە شەڕیان
ژنێک دەسماڵی دەخستنە بەر پێ،
بە دەستووری شاخ چەک فڕێ دەدرا،
ئاشت دەبوونەوە هەردووک دەستبەجێ.

هاوار، ئافرەتان، بگەنە هیمداد!
ئەوا دوو برا شیر لە یەک دەسوون.
دە دەسماڵێکیان باوێنە بەر پێ،
تا دنیا نەبووە هەپروون بە هەپروون!

# پڕیسکەی عاشقێکی زگماک

چاپی یەکەم - کوردستان ـ 2006

# شایی #

کاتێ شایی دادەبەستین
یەک چەپکین و دەست لە دەستین؛
شلکەبەژن، ئەڵقە ئەڵقە،
شەپۆل دەدەن و شاخ دەکەن.
شان دەبێتە داڵدەی شان و
پێ پێکەوە ڕمبەیان دێ و خاک داخ دەکەن.

ئەی تێناگەم
بۆ لە شایی و زەماوەندی ئازادیدا
هەر چاوێک و خەمی سۆمای خۆی دەپێوێ،
هەر دەستێک و دەهۆڵی خۆی دەئەنگێوێ.
هەر پێیەک و
نیشتمانی دێتە بەر چاو بە پێلاوێ،
هەر سمێڵێک فیرعەونێکە و
لە عەرشی خوای کەمتر ناوێ!

١٩٨١/٧/١١ - مۆسکۆ

---

# یەکەمجار لە حوزێرانی ١٩٩٢دا لە هەولێر خوێندراوەتەوە و لە ( یەکگرتن )دا بڵاو کراوەتەوە. دەسکاریم کردووە.

# سەربردەی شیعر #

شیعر ـ شاخێکی ئەستەمە.
داوێنەکەی ئاپۆرەیە،
جەنگەڵ و بێشەی قەڵەمە.

کە دەگەیتە قەدپاڵەکەی ـ
پەنگانەوەی حەشاماتە،
ڕاکەڕاکەی ڕەوەئاسکی بەردەم گورگە.

ئەمان دەستیان لەسەر دڵە و
ئەوان دەستیان لەسەر ورگە.

کە هەورازتر هەڵدەڕوانیت -
تاکوتەرا،
لێرە و لەوێ،
چەند بەژنێکی خاچئاسایی دەشنێنەوە،
سەرتاپێیان شەلاڵی خوێن،
هەنگاویان پڕ هێمای خەمە.
هەر ئەمانەن هەورازبەزێن،
هەر ئەو چەندەن ڕێی لووتکەیان لە بەردەمە.

---

یەکەمجار لە بەهاری ١٩٩٤ دا لە هەولێر خوێندراوەتەوە.

# چوارینە

گەر سەرسپیبوون نیشانەی خەم با،
نیشانەی دیلی و لاتی و ستەم با،
هاوڕێ! دەبوایە، کە لە دایک بووم،
ئەوەی داوەمووی ڕەشە، من نەمبا!

# ماچەکانی بەهاری 1991 #

سالەهای سال

لە زیندانێکی تاردا بووین

شەشدەری قورقوشم و پۆلا .

گەلایەک بووین

دەچووین بە گژ ڕەشەبادا ،

جۆگەیەک بووین

هەلدەشاخاین بە دەریادا .

لە پڕ زیندان کونی تێبوو،
دیوار قەڵشی،
سەوزەڵانێک چەکەرەی کرد لەبن پێدا...
دنیا بۆمان گوێچکەی هەڵخست
ئێمەش... بە ماچ...
پڕ بە دنیا جرتمان لێدا!

١٩٩٣/١/١٥-مۆسکۆ

---

# مەبەست لە ماچەکانی سەرانی بەرەی کوردستانییە

# هەڵگێڕانەوەی سروشت

ئازیزەکەم!
دڵتەنگ مەبە گەر جاروبار
بووم بە هەنگ و فڕیم بەرەو چڵێکی تر...
چ دەبێ گەر
کەمۆکەیەک ڕازی جوانیت
بسرتێنمە گوێی تامەزرۆی گوڵێکی تر!

مۆسکۆ – ٢٠٠٢/٢/١٥

# بەندیخانە

باڵدارێک بووم،
بەسەر دەریای فێدارەوە
سەوڵی باڵم لێ دەدان و
سەرانسەرم بریندار بوو، ئەنگێورابوو.
ئەوەندەی چاو هەتەر بکا
سروشت هەمووی لەسەر پاشوو،
دەریا خجڵی کودەتا بوو.

له پڕێکا
دامڕوانی و تۆم بەدی کرد...
شاگەشکە بووم!
هەر وام زانی دوڕگەیەکی بچکۆلانەی،
بۆ ئارامی و فەرامۆشیم دالْدە و لانەی.
کە نیشتمەوە تێگەیشتم:
تۆ دالْدە نیت،
شیرینترین بەندیخانەی!

٣٠/٣/٢٠٠٢ هێلسنکی

# چارەدانی مەرگ

عەیامێکە
قەڵەمەکەم خۆڵەمێشە و
ئاگرێکم نەنووسیوە.

عەیامێکە
لەسەر بەفر ... ڕانەکشاوم،
لەبەر باران... جوانێکم ڕانەمووسیوە!

ئەوە منم
چیدی نەچمە بەرمەمکان و
بەرەو جێژوانان پێ نەگرم؟
ئەوە منم
کانیی سیحر
لە گەردنێک هەڵقوڵێت و گوێی لێ نەگرم؟!

* * *

ئەو ئاگرەی
لەگەڵ بوونما هەڵایسا و
ساتێک هێور نەدەبۆوە
چۆن دامرکا؟ کەی کوژاوە؟
ئەگەر شێتی و ئەڤین تەواو...
ئەدی بۆچی بێدەنگم و
مەرگی خۆمم جاڕنەداوە؟!

٢٠٠٢/٤/٢٩ هێلسنکی

# كۆڕی شیعر

لە هۆڵێکدا

سەدان ڕووبار قەتیس مابوون،

شەپۆل مات بوو بڕ و یاڵی...

ئەوەی هەبوو،

دەنگی بەنداوڕمێنم بوو -

کۆتی لە پێی شەپۆلەکان دادەماڵی.

ئێوارە بوو،
سەدان ئاسمانی ڕەهندە
لەسەر هەست بوون
بۆ ترووکەی ترووسکەیەک،
بۆ بازرەقەی لەناکاوی
تیرەماری برووسکەیەک،

ئەوەی هەبوو
ئەستێوبەردی دەنگی من بوو
ئەستێرەکانی پێ دەکرد،
پەیتاپەیتا سیسەکانی
فێری باڵەفڕکێ دەکرد!

* * *

لەو کۆڕەدا
پرێسکەیێکم کردەوە،
کەوا ڕۆژگار
عەیامێک بوو گرێی دابوو :

پڕاوپڕ بوو لە زەنگیانەی
ئەو ژوانانەی
هەر ماچێکیان کودەتا بوو.

هۆنراوەکە گێڕامیەوە بۆ ئەوینێ،
کە چیدی خۆر،
لە پشکەگۆشتێکی دڵدا،
تین و تەزووی وا نابینێ!

دەمخوێندەوە و لە بەرچاوم
دنیا دەبوو بە مێرگێکی تریفەجاڕ.
تاوناتاویش
ئەستێرەکان ڕادەچڵەکین
لەبەر هاڕە و خوڕەی ڕووبار!

* * *

کوڕ تەواو بوو...
ئادگارێکی بە گیان ئاشنا،
لێ ساڵەهای ساڵ دوورەدەست،
لە مەملەکەتی خەونەوە
بۆ بەردەمم بازرەقەی بەست.
دەستی گوشیم،
بە دەنگێکیش
کە سەردەمێ شەوێک نەبوو نێتە خەوم،
هەر هێندەی گوت:
- « شێوەم ناکەی؟ کچی ئەوم! »

تشرینی دووەمی ٢٠٠٢- کوردستان

# من و پنجێک گیا

هەموو جارێ،
کە بەهار دێ،
بەدیار پنجێک گیای سەوزەوە
بە ئەسپایی هەڵدەتروشکێم.
سەرنج دەدەم
گەڵاکانی پاراوترن لە ساڵی پار.
دەحەپەسێم!

چما منیش پنجێک گیا نیم؟
ئەدی بۆچی
ساڵە و ساڵ، بەهارە و بەهار،
سەوزاییەکەم دادەمرکێ و
زێتر دەکشێم بەرەو کەنار؟

٢٠٠٣/٨/٣١هێلسنکی

# بۆ ئەوەی نامەبارانی کردم

گیانی پەروازەی من و تۆ
دوو کۆلارەی سەراسیمەن بە هەواوە.
دەزوولەیەک لە ڕۆشنایی
بە یەکەوە گرێی داون.
پێکیش نەگەن،
لەناو فەزای ئەڵقەیەکدا،
بە تەمای ژوان، چەرخە دەدەن هەتا ماون!

٢٠٠٣/١١/٢٢ هێلسنکی

# یادی شەوێکی زستانی 1973 ـ 1974

بیستووتە بەفر
ئاگر بەرداتە شەوێکی خامۆش،
کراسی لە گوڵ بۆ شەو بدووریٚ،
بۆن و بەرامەی خوێن بێنێتە جۆش؟!

بەسەرهاتێکی ئاوام لە یادە:
شەوێکی ساردی چلەی زستان بوو،

لە کەنارێکدا،
کە ڕایەخ زەوی و بنمیچ ئاسمان بوو-
بە داگیرسانی
دەماری جووتێک جەستەی تێکئالاو
بەفری نیوەشەو
ببوو بە مێرگ و مەفتەنی هەتاو!

٢٠٠٣/١١/٢٦ هێلسنکی

# پەراوێزێک بۆ مێژوو

" بۆ عەزیز محەممەد "

ئەوەی هەور پەڕە دەکا و
دەیتارێنێ
قۆناخ قۆناخ، ئاقار ئاقار:
هەر خۆمانین!
ئەوەی کەوە و کەو ڕاو دەنێ
ڕەوەز ڕەوەز، زنار زنار:
هەر خۆمانین!

هەر تابووتێک بۆمان دەکرێ
تەختە و چەکوچ،
مێخ و بزمار: هەر خۆمانین

هەر شارێکمان
دوگمەی یەخەی دەترازێنرێ
دەستەدز و پاشەدز و
حەسحەسی شار: هەر خۆمانین

لە هەر باخێک
گڕ لە باڵی دارێک بەربێ،
لە هەر شاخێک
تاشەبەردێک بڕمێتە خوار: هەر خۆمانین!

هەر ڕۆژێکمان،
هەر مانگێکمان،
هەر ساڵێکمان هەڵدەواسرێ،
سێدارە و پەت: هەر خۆمانین.

دوو لەت بین و
چوار لەت بین و
هەزار لەت بین
تیخی نەفرەت: هەر خۆمانین.

پشت و قامچی، باڵدار و داو : هەر خۆمانین
پێ و بەرپێنە، ئاگر و ئاو : هەر خۆمانین

با کەس چیدی تف هەڵناوێ
بۆ ئەوانەی مێژووی مردوون،
با کەس چیدی سووچ نەخاتە
ئەستۆی دەریا و
قیسمەتی خوا و
کەچ گەڕانی چەرخی گەردوون.
گشت سەحراکان... بنارێکیان پێ ناگیرێ،
ئێمەخۆمان لووتکەکانمان پێشکەش کردوون !

۱۸/۳/۱۹۹۸ـ هێلسنکی

# تۆپانێ

کوردستانم بە گۆڕەپان دێتە بەر چاو
سەربەخۆییش بە تۆپێکی باش فوودراو
لەوەتی هەین
ڕاکەڕاکە قەدەرمانە،
چارەنووسە قەت نەسرەوین.
تۆپ باڵ بگرێ و
ئێمەش بەلەز وەدووی کەوین!

هەر جارێکیش تۆپەکەمان دێتە بەرپێ،
لێی دەبینە دوژمنێکی شێت و دڵڕەق،
هەتا هێزمان لەبەردایە
دەیدەینە بەر پێلەقە و شەق!

٢٠٠٤/٣/١٩ هێلسنکی

# ئەگەر دیسان...

ئەگەر دیسان
خوا لاویمان بداتەوە
وەک خەڵاتێکی ئاسمانی،
ئەگەر سروشت
پڕاوپڕمان بکاتەوە
لە کڵپە و گڕ، شێتی و جوانی:
ئەمجارەیان،

لە پێناوتا
کام بەر حەرامە ئەو دەخۆم،
کامە یاسا ئاسمانییە ئەو دەشکێنم.
ئەمجارەیان
لم و لیتەی بنی دەریاش حەشارت دا
وەک مرواری دەرت دێنم.
خۆم ڕادەستی قەدەر ناکەم،
دنیاش دەستم لێ بەربدا
هەرگیز دەستت لێ بەرنادەم.

ئەمجارەیان،
نیوەشەوێک،
کە تاریکی تیخ نەیبڕێ و
سرووشت هەمووی بە پێوە بێ،
بەفر تا چۆکان کەوتبێ،
با و بۆران و کڕێوە بێ،
بە هەسپێکی برووسکەیی هەڵت دەگرم.

کەژ بە کەژ و
یاڵ بە یاڵ و
نەوال دەتفڕێنم.
هەر شەوێک و لە کونجێکا قۆناخ دەگرین،
تا وڵاتێک بۆ خۆم و خۆت دەئەفرێنم.

لەوێندەرێ
قەت ناهێڵم
شوێنێک هەبێ لە لانەکەی ئێمە کرِتر.
قەت ناهێڵم کەسێک هەبێ
لە تۆ شاد و تەڕوبڕ تر،
لە من شێت و ئەڤیندار و بەرزەفڕتر.

هەموو ڕۆژێ
بە لوێچی دەست،
شیلەی هەورت لە دەم دەکەم،
شیعر لەسەر قەدی داران دەنەخشێنم،

هەر برووسکێک چەخماخە دا،
ڕێی لێ دەگرم،
گڕی پەتیی لێ دەستێنم.

هەزار خۆزگە
دیسان لاوی
ئارایشتی دەداینەوە
وەک خەڵاتێکی ئاسمانی،
هەزار بریا
دیسان تژی دەبووینەوە
لە کڵپە و گڕ، شێتی و جوانی...

هێلسنکی – ٢٠٠٤

# عەشقێکی درەنگوەخت

وا دانی پێدا دەنێم:
چەند هەنگاوێکم مابوو
خۆم بدەم بە دەستەوە،

لە هەورازان داگەڕێم،
لە کونجێکا هەڵکورمێم
بە زامی شکستەوە.

سوپاست دەکەم، ئازیز،
کە وەک ئایەتی پیرۆز
لەپڕ هاتی بە هانای ئەم دڵە پێخوستەوە،

لە ڕەشترین ڕۆژگاردا
چەتری نوورت بۆم هەڵدا،
لە جەنگەی خەزەڵوەردا
پیریت لێم دوور خستەوە!

١٠/٤/٢٠٠٤ هێلسنکی

# عاشقی زگماک

خۆ من سەنگم هەمان سەنگە،
لەشیشم هەر هەمان لەشە.
ئەی بۆ هەردەم وا هەست دەکەم
ئافرەتێکم لە باوەشە؟!

هێلسنکی ٢٠٠٤/١٢/٥

# بۆ خاهك

هاكا دیتت پێکگەیشتین،
هاكا دیتت ئاوێتە بووین وەک تانوپۆ،
ئەوسا هەموو زمانەكان لەبیر دەكەم،
لەگەڵ تۆدا
هەر بێدەنگی دەهێنمە گۆ!

١٥/١٢/٢٠٠٤ هێلسنکی

# هەڵبژاردن

سەرپشک بە و هەڵبژێرە:

دەوڵەمەندێک

گەنجینەت بخاتە بەر پێ،

شازادەیەک

چیت مەرام بێ

دەم و دەست بۆت جێبەجێ کا،

جەنگاوەرێک
لە پێناوتا شاران بگرێ، سەران ژێ کا،
یا شاعیرێک،
بە یەک وشە،
نێرگز لە بەژنت بپێچێ و
ئاگری گۆی مەمکت پێ کا!

٢٠٠٥/١١/١٢ کوردستان

# لێکدانەوەیەک لە بناری سەفین

ئەی بەردەنووسی عیشقی بەسەرچووم،
پاسەوانەکەی
هەزاران هەزار داستانی جاران:
کە من لێت دوور بووم، چ زۆرتر باری :
ئاگر و ئاسن، یا بەفر و باران؟

زستانی ٢٠٠٥ کوردستان

# #ڕەهبەر

«بۆ هاوڕێی هونەرمەندم ڕەهبەر جەلال کۆیی»

ـ «ماندووم... دەمەوێ بنووم»
بنوو، هاوڕێم!
بنوو، ئەی ئەو سوارە عەگیدەی
هەسپت ڕەشەبا و
زینت گەواڵە و
ڕکێفت ئەستێوبەرد بوو.

* * *

بنوو، هاوڕێم!
کێ دەڵێ تۆ لە سەرەمەرگای؟!
هەیبەت سوڵتان بێنە بەرچاوی خۆت...
ئەوا پێیدا هەڵدەگەڕێین.
سەر هەڵبڕە!
زۆرمان نەماوە... چەند هەنگاوێک!
ئەوا سەرکەوتین...
ئیدی لەوێ، لە نەرمانی نیسارێک،
لە پەنا ڕەوەزێک ، وچانێک دەدەین...
پاشان، دەست لە دەست و نەرمە نەرمە،
بەرەو چنارۆک شۆڕ دەبینەوە...

* * *

بنوو، هاوڕێم!
لە هیچ مەپرسە!
ڕەشانگ و تاپۆیەکانی ئەودیو پەنجەرە

ئەو دار و درەختانەن،
کە حاجی قادر
لە سێبەریان سەرخەوی دەشکاند.
ئەو ژاوەژاو و دەنگەدەنگانەش -
ئاریبابەی فەقێیەکانی مەلای گەورەن.

بنوو، هاوڕێم!
ئۆباڵت بە ئەستۆم،
ئەگەر کەس گەواهی نەدا،
من گەواهی دەدەم،
کە دوای ئەو هەموو مەیدانخوازی و
زەنگۆلێدان و هەڵمەتانە
برینەکانت سەختن،
برینەکانت بە سوێن.
ئۆباڵت بە ئەستۆم،
ئێستا نووستن هەقی خۆتە،
ئارامی شایانی ڕوخساری زەعفەرانیتە.

* * *

ئێستا تێدەگەم:
ئەوەی تۆ دەتزانی من نەمدەزانی.
ئەوەی تۆ دەتبینی من نەمدەبینی.
ئەوەی تۆدەتبیست من نەمدەبیستِ.
تۆ دەتزانی زوو تاریکیت بەسەردا دێ.
تۆ دەتبینی
کە کە کرێوە و با و بۆران
هەتا دێ هەر دژوار و دژوارتر دەبن.
هاشەهاشی باڵی
سیسارک و قەلەڕەشکەکانت دەبیست،
کە بەسەرتەوە لەنگەریان گرتبوو.
ئێستا تێ دەگەم...
ئێستا دەزانم،
چارەنووس بوو...
تۆ دەبوایە، وەک برووسکەیەکی ئاتەشی،
بازرەقە ببەستی و
شۆڕێک جێبهێڵی و
خێرا بە ناو تاریکیدا ڕەت بی.

* * *

برام، وریابە!
ئەو دیوارە دیواری چینە.
نارمێ، پەلە مەکە!
ـ «پەنجەکانم برووسکاوێژن: دەیڕووخێنم.»
برام، وریابە!
تەوژمی ئەو ڕووبارە لە هیچ ناپرینگێتەوە...
با نەتبا، پەلە مەکە!
ـ «خەونم بەنداوە: دەیوەستێنم!»

* * *

تۆ پەلەت بوو،
تۆ هەمیشە پەلەت بوو...
تۆ دەتزانی مەودا کورتە و پێڕاناگەی،
بۆیێ حەجمانت نەبوو.
وەک بازێکی زەردەشتی
شەووڕۆژ باڵە بلێسەییەکانی خۆت لێک دەدا،
دڕت بە ماوە و مەودا دەدا.

بنوو، هاوڕێم!
ئۆباڵت بە ئەستۆم...
ئێستا نووستن هەقی خۆتە،
ئارامی شایانی ڕوخساری زەعفەرانیتە.

* * *

سەعات سێ، چوار، پێنجی بەیانی..
زەنگی تەلەفۆنەکەم لێی دەدا.
هەر زوو دەمزانی خۆیەتی.
دەمزانی ئەوە!
دیسان نێرییە تخووب بەزێنەکەیە،
شوورە شاخەوانەکەیە،
مناڵە چاوڕەشە خەوزڕاوەکەیە.
« پەشێوچیک #،
لە پەنجەرەی ژوورەکەمەوە
ڕەوە باڵندەیەکی لانەواز و کەسیرە دەبینم...
سایەقە و زریان لە پەلوپۆی خستوون...
هاوارە! من دەمەوێ...
هەر ئەمشەو... دەمەوێ... »

ناتوانیت، ڕیبەکەم! #... ناتوانیت...
ئەو باڵندە شەکەتانە نووح تووکی لێکردوون.
پڕپۆڵەیان، تا تۆفانێکی تر،
هەر مێشک و دڵی یەکتر دەبێ و کۆنابنەوە.
نا، ڕیبەکەم، نا!
تا تۆفانێکی تر... کۆ نابنەوە
تۆش، تا ئەوسا، پشوو بدە...
بنوو، هاوڕێم!

هێلسنکی ١٩٩٨/٤/ ٤

---

# ڕەهبەری هونەرمەند، هاوڕێی ساڵانی دوایی غوربەتم بوو. بۆ من، مەرگی ئەو کۆستێکی گەورە بوو. ڕەهبەر تا سەر ئێسقان عاشقی کوردستان بوو، هەر ئەو عەشقەش کوشتی. ئەم پەخشانە شیعرە لە سەرەمەرگی ڕەهبەردا، لە نەخۆشخانەی شێرپەنجەی هێلسنکیدا نووسرا و لەسەر تەرمەکەی خوێنرایەوە. نەمویست دەسکاریی بکەم.
# پەشێوچیک : (چیک) باشگرێکە، لە زمانی ڕووسیدا بۆ کەسێکی نێزیک بەکار دێ. ڕەهبەر وای بانگ دەکردم.
#ڕیبە: لە ڕووسیدا واتە (ماسی). ڕەهبەرم وا بانگ دەکرد.

# هەولێر لە یەکی شوباتا

خۆ دەزانم
کەزی و بسکت زۆر لە پەمۆ سپیترە و
لۆچەکانی ڕووی نوورانیت
شیرمژەیی گاتاکانیان هەر لە بیرە.
خۆ دەزانم کە ئاورینگی چاوی زەردەشت
تا ئێستاش لێت نابێتەوە
تا هەنووکەش

له میحراب و نزرگەکان
شەوگاران دەبریسکێتەوە.

خۆ دەزانم کە هەزاران شاری دنیا
بە ڕەوڕەوەی قەڵاکەی تۆ پێرەوکە بوون.
ئەدی ناڵێم
گەردنبەرزیت هی سەفینە و
بەخشندەییشت هی قەراج؟!
ئەدی ناڵێم، وەتی تۆ هەی
هەر تاجبەخشی و
بۆ جارێکیش خۆت نەبوویتە خاوەنی تاج؟!

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا
ئەمرۆکە دێم،
ئاوێزانی بەژنت دەبم،
نەرمە نەرمە
دەست بە قژی خوێناویتا دەهێنم و

بە هەنیسکی گریانەوە
کەعبەی نێوان هەردوو چاوت ماچ دەکەم و
بەئاستەم دەسرتێنمە گوێت:
جگەرگۆشەم!

* * *

لەبەر چاومە و دەزانم
بە چ دەردەسەرییەک تۆ تەعجیلت فرچک دا،
بە چ شەونخوونییەک
قەیسەریت هەراش کرد و
خانەقات لە خەم ڕەخساند...

لەبەر چاومە و دەزانم
چۆن شەوێک، دوای خەوزڕان،
شانی منارەی چۆلیت بە ئاستەم ڕاتەکاند و
لە شەکرەخەوت هەڵساند.

پاشانیش، بە ئەسپایی،
بەترووکەیەکی چاو، هێمات بۆ عەنکاوە کرد.
هەر ئەوەندە و هیچی تر...
ئیدی ئەوا چەند ساڵە، چەند عەیامە لەوساوە
منارە نۆبەرەکەت، بە بەرۆکی والاوە،
گاردی خاچ و مەسیحە،
ڕووەو بارەش وەستاوە.

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا
ئەمڕۆکە دێم،
ئاوێزانی بەژنت دەبم
نەرمە نەرمە
دەست بە قژی خوێناویتا دەهێنم و
بە هەنیسکی گریانەوە
کەعبەی نێوان هەردوو چاوت ماچ دەکەم و
بەئاستەم دەسرتێنمە گوێت:
جگەرگۆشەم!

* * *

لەو پیاسە دووقۆڵییانەدا،
کە من و تۆ بە ئاقاری ڕۆژگاراندا کردوومانن،
کوا چی ماوە بۆم باس نەکەی؟!
نازانم، لەبیرتە یا نا؟
ئێوارەیەک، لای گردەکەی قالیچاغا،
ڕاتگرتم و دەستت لەسەر شانم دانا...
سەیرم کردی و سام گرتمی.
سەیرم کردی و لەو ساتەدا
هەموو مێژوو لە نیگاتا،
وەک دەریایەک، لەسەر گازی پشت ڕاکشا.
چاوت بڕیە چاوەکانم و
بە زمانێک
پڕ لە بۆنی هەزار ڕەنگی
تووتنی ناو قەلنەکەی مەم#
باسی جەنگی دەستەویەخەی
ئیسکەندەر و دارات بۆم کرد،
باسی خاکێک

چۆن لە لانەی گزنگەوە
بوو بە خانەی کۆیلەیی و خەم...
سەیرم کردی و
لەسەر شاشەی ناوچەوانت
شتێک نەما بەدیی نەکەم:
جێبرینی شیر و تیری
عەفلەقە سەر قانگەکانی سەدەی حەفتەم،
ئاین وئۆینی خوشکەکانی (إن) و (کان)،
تریاکی موعەللەقات و
بەنگی ئیعرابی ( لن) و (لم)،
نا هیچ نەما لەو ساتەدا بەدیی نەکەم:
ئەنفالەکانی هۆلاکۆ،
جێسمی هەسپی تیموورلەنگ،
سەفەربەرلکی سوڵتانان،
چنگوڕکی سووری شای عەجەم...
چوونە غەزای بێهاتنەوە،
جارێک بۆ ئەو، جارێک بۆ ئەم...

نا، هیچ نەما
لەو ساتەدا
لەسەر شاشەی ناوچەوانت بەدیی نەکەم.
لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا
ئەمڕۆکە دێم،
ئاوێزانی بەژنت دەبم،
نەرمە نەرمە
دەست بە قژی خوێناویتا دەهێنم و
بە هەنیسکی گریانەوە
کەعبەی نێوان هەردوو چاوت ماچ دەکەم و
بەئاستەم دەسرتێنمە گوێت:
جگەرگۆشەم!

* * *

لە بەدگومانیم ببوورە،
بەڵام هەرگیز باوەڕ ناکەم
ئەربائیللۆ ناوی تۆ بێت #

نەخێر نابێ،
نەخێر ناشێ
تۆ بارەگای نووری عەرشی چوار خودا بیت.
کەی ئەو هەموو برینانە،
جگەرگۆشەی شیرینی من،
بۆ بەدەنی شارێک دەشێن
کە چوار خودا چاودێری بن؟!
نا، سەدجار، نا!
ئەوەندەی من
بە منارەی مێژووی تۆدا هەڵدەڕوانم،
ئەوەندەی من
کتێبی زەرد و پەڕپووتی حوجرەکانت
دەخوێنمەوە،
دەبینم تۆ، لەوەتی هەی، یەک خوات هەبووە.
خوایەک و بەس.
ئەو خودایەش،
بەر لە ئەوەی شوورەی بەرلین
لە دێگەڵە هەڵبچنرێ #،

بەر لە ئەوەی
لەسەر کەپکی حەمەداغا#
زینا لەگەڵ خاکدا بکرێ،
ئەو خودایە،
هەموو ساڵێک،
فریشتەیەکی ڕادەسپارد
دابەزێت و
شەوان ئێشکی تیتلەوبیبلەکانت بگرێ.

هەموو ساڵێک،
لەگەڵ یەکەم هەورەتریشقەی بەهاریدا،
لەپڕ ئاسمان دادەقڵیشا،
فریشتەیەک،
وەک پارچەیەک نووری پەتی،
دادەپەڕییە سەر منارەکەی خانەقا و
دنیای هەموو
لە گەرمایی و ڕەنگ و سەدا هەڵدەکێشا.
جاروباریش،

که تارماییی نسکۆیەکی بەدی دەکرد،
که پێشبینیی سیل و سن و بەعس و تاعوون
یا لارەشە و ئەنفالێکی تازەی دەکرد،
هەرکە پەی بە هەڵکشانی بیابان و
داکشانی زۆزان دەبرد،
لە هەژمەتان
هەندێ جاران جەزبەی دەگرت،
هەندێ جاریش،
کڕ و بێدەنگ، سەری لەبن باڵی دەنا و
عەیامێک خەڵوەتی دەکێشا.
یا بە قیتی، لەسەر قاچێک،
لە حوزووری باری تەعالا دەوەستا.
لە سالانی قاتوقڕی و نەهاتیشدا،
بە دەنووکە درێژکۆڵە نوورانییەکەی
گەواڵ گەواڵ
ڕانەهەوری
بەرەو دەشتە بەدەن شەقارشەقارەکان
لێدەخوڕی.

لە قاپی خوا دەپاڕاوە
سەری پیرمەم قەت بێ بەفر و
کەندێناوە
بێ بارانی سەربەکڵاوە و گوپن نەبێ.
ئەو فریشتە نوورانییە، جگەرگۆشەم،
بۆ هەر جێیەک بچووبایە،
ئاخیرەکەی بەرەو هەوار دەهاتەوە.
هەرگیز ڕێگەی ون نەدەکرد.
بێ خانەقا،
بێ سەدای بانگ...
بێ جریوەی منالانت
دەژاکا، دەبنێسا، دەمرد.
تا ڕۆژێکیان،
هەر ئەوانەی لە دێگەڵە
شوورەی بەرلینیان هەڵدەچنی،
هەر ئەوانەی لەسەر کەپکی حەمەداغا
زینایان لەگەڵ خاک دەکرد،
تامی بەری حەرامترین داریان دەڕنی،

هەر ئەوانە، جگەرگۆشەم،
لە ساتێکی کەڕ و کوێرا
ئەو فریشتە لەسەر یەک پێ وەستاوەیان
وەک مانگ پێکا.
پێکایان و هەڵیاندێرا.

لەوساکەوە، جگەرگۆشەم،
کەسێک نییە
هەڵکشانی بیابان و
داکشانی زۆزانەکان سۆسە بکا.
کەسێک نییە
لە پێدزەی لمی سەحرا بەئاگا بێ.
لەوساکەوە
کەس بارانی سەربەکڵاوە دەنگ نادات و
کەس ئێشکچیی تیتلەوبیبلەکانت نابێ.

* * *

دەبا هەر پێت بڵێین پایتەخت!
تۆ بۆ من جگەرگۆشەیت و
هەر بەو ناوەش بانگت دەکەم.
ئەرێ بەڕاست، تۆ پایتەختی؟
ئەدی بۆچی
قەت پاشایەک،
شازادەیەک،
کەیبانوویەک،
سەرکردەیەک،
سکرتێرێک... یا سوڵتانێ -
خاک و خۆڵت بە شایانی کەوشەکانی و
بنئەستێرەت بە شایانی
تەخت و تاجی خۆی نازانێ ؟!

ئەرێ بەڕاست، جگەرگۆشەم، تۆ پایتەختی؟
چما پایتەختی بێ تەخت و
شانشینی بێ تاج هەیە؟

گەر هەبێ تۆی

تۆی:
ئەی ئەو پایتەختەی
تاریکوڕوونی بەیانیت بە شەڕەمنارە و
پاشیوت بە تەنەکەلێدان و
دێموکراسیت بە سەنگەری ناو شیراتۆن و
دیپلۆماسیت
بە هێنانی PMF دەست پێ دەکا # ؛

ئەی ئەو پایتەختەی
بازاڕی ئازادت بە ئاڕئاڕی بێخمە و #
سۆشیالیزمت
بە مەزرەعەی فیرعەونە دۆخینبەدەستەکان و
ئازادیی ڕادەربڕینت
بە خوتبەی ڕشکنی کفنپۆشان و
کۆمەڵگەی مەدەنیت
بە تیزابرێژکردنی پێ و بەلەکی پیرۆزی
خانزادەکانی سۆران دەست پێ دەکا.

* * *

ئەی پایتەختی خەمی دنیا،
ئەی بازاڕی
نانی لەنگە و ئاوی لەنگە و
هەوای لەنگە و شیعری لەنگە و حیزبی
لەنگە:
من نازانم،
چ لەو هەموو مەرەکەب و
میکرۆفۆن و شاشە و منارانە بکەم
کە بە دۆلار ئاوس بن و دەم واز نەکەن؟
چ لە داری سایەداری دارستان و پارکت بکەم،
کە دوو دڵدار،
دوو کارمامز
لە بنیا ڕاز و نیاز نەکەن؟

* * *

ده پێم بڵێ، جگەرگۆشەم،
چیت بۆ بکەم،
تا نەهێڵم بتکەن بە گەراجی
ئوتومبێلێکی چەپرەکی دووسوکانی بێ شفێر؟

چیت بۆ بکەم،
تا نەهێڵم بتکەن بە ئاخوڕی
وڵاغێکی قۆتڕی دووهەوساری بێ سوار؟

چیت بۆ بکەم
تا نەهێڵم
نابیناکان تاریکاییت بخوێننەوە؟
تێرنەخۆرە پارووی دەمت کۆنتڕۆڵ بکەن،
مێردەزمە
خەونەکانت داگیرسێنن و بکوژێننەوە؟

ده پێم بڵێ،
جگەرگۆشەم،

چیت بۆ بکەم تا نەهێڵم
چیتر کەوا و بنکراسی مێژووت ڕەش بێ؟
چیت بۆ بکەم
تا نەهێڵم
هەر ڕۆژێکی ساڵەکانت سیویەکی ئاب،
هەر ساڵێکی سەدەکانت شەستوشەش بێ؟!

* * *

بیرەوەری
هەموو گیانی داگیرکردووم.
بیرەوەری
لە بنپێوە تا تەوقیسەر داپۆشیوم.
بیرەوەری جەنگەڵێکە و
لە جەرگەیدا وەکوو کارگ هەڵتۆقیوم.
بیرەوەری...
جگەرگۆشەم، بیرەوەری...

ئەرێ بەڕاست،
تۆ لەبیرت ماوە یا نا؟
سۆڵەی سەرمای شەستوسێ بوو...
شەوێکی تاریک و پڕ سام،
لوورەی بەعس و
تاسەی نان و
تەنیابالی هەڵیانپێچام.
وەکوو کۆترەباریکەیەک،
نە عەرد دەیهێشت بنیشمەوە
نە ئاسمانیش بۆ هەڵفڕین بواری دەدام.
سەری گێژ و سەراسیمەم لارکردەوە،
ڕوومەتی خۆم بە کۆشت کرد،
هەنیسکم دا و بێدەنگ گریام.
تۆش سنگ و بەرۆکت ڕووت بوو...
دەندەکانت زەق زەق دیار بوون...
بەئاسانی دەمخوێندنەوە...
بەئاسانی دەمژماردن:
سێتاقان، سەیداوە، کووران...

تۆپخانه، باداوه، تەکیه...
دەمخوێندنەوه و دەمژماردن...
تۆش دەستە لاوازەکانت
هێدی هێدی بەسەری مندا دەهێنان،
دەتگوت:
« مەگری،
مەگری بەرخم،
ئارام بگرە کوڕیژگەکەم،
شەوی بەعس بەسەردەچێ.
بەعس چییه؟!
عەگالێکه و دزداشەیەک!
هاکا دیتت پێکایان و مرداریان کرد،
دایانپەڕاند وەک واشەیەک!»

نازانم بۆ، جگەرگۆشەم،
لەو ساتەدا لەبیرم چوو لێت بپرسم:
ئەدی چبکەم،
دە پێم بڵێ. ئەدی چبکەم،

ئەگەر بەعس لە پڕێکا
دزداشەکەی خۆی داکەند و
عەگالەکەی توورِ فڕێ دا؟

ئەدی چبکەم،
ئەگەر بەعس
ڕانکوچۆغەی کردە بەر و
وەک داڵ چاوی هەڵکۆڵیم و
وەک تەنافباز تەقڵەی لێدا؟!»

* * *

نازانم، بەم بەیانییە،
ئەو پۆلە قاز و قورینگە نووریژێنە
بۆ کوێ دەچن؟
بۆچی گەردن و شاباڵیان هێندە سووورە؟
لەوەتی هەم
قەت لە سەرەتای شوباتا
قەتارەی وا ڕەنگاورەنگم نەبینیوە.

تەماشاکە،
جگەرگۆشەم، تەماشاکە،
تۆ پیتۆڵ و دنیادیتەی،
کلیلی ڕاز و نهێنیی ئەو پۆلە قاز و قورینگە
هەبێ و نەبێ هەر لای تۆیە...
کەوابێ، توخوا، پێم ناڵێی
ئەوان هێما بۆ چی دەکەن
کە دەخزێنە بن شاپەڕی یەکترەوە و
وەک قۆزاخەپەمۆی تەقیو
کەرویشکە دەکەن و دەشنێنەوە؟
ئەی ڕاسپێری چییان پێیە
کاتێ بە دەوری یەکتردا
لەپڕ خەرمانە دەدەن و
وەک پوولەکەی ڕەنگاوڕەنگی چلچرایەک
بە بنمیچی ئاسمانەوە
دادەلکێن و دووراودوور دەبریسکێنەوە؟

* * *

تۆ گوێت لێیه؟
گوێت لێیه، جگەرگۆشەکەم؟!
دەنگ و سەدای ئەو پۆلە قازوقورینگە
هەر ساتە و لە شتێک دەچێ:
دەمێک لە خرینگەی بازن و بەربازنی
چەتیمەحەیرانی ڕەسووڵ،
وچانێک لە هانکە هانکی کارمامزی
ئەنگاوتەی قۆریاتی مشکۆ،
تاوێکی تر
لە تریشقە و نرکە و گۆڵەی برایمەفەندی #
چرکەساتێک
لە زەمزەمەی فەقێیانی حەوشی مزگەوت.
تۆزێکی تر
لە ئاهەنگی
سەدای زەنگی کڵێسەکانی عەنکاوە.

* * *

ئاڤێستا لێم دەپرسێ:
«بابە، کەسیان دەناسی؟»
لە پڕمەی گریان دەدەم:
یەک بە یەکیان دەناسم،
کچی خۆم، یەک بە یەکیان...
هەموویان، وەک دەنگی تۆ،
وەکوو بۆن و بەرامەی باخی ناولەپی دایکت،
وەک جێی هەر کتێبێکی
ژوورەکەی خۆم دەناسم.
جا کێ هەیە مژێکی لە هەوای هەولێر دابێ،
یا بەیانییەک چاوی... بە قەڵاکەی هەڵێنا بێ،
کزەی جەرگی من نەبێ؟

کچی خۆم، چما نازانیت،
تا هەنووکەش من هەر بەوێ
بێدەنگیم لێوڕێژی دەنگە و
بۆشاییم مووی پێوە ناچێ و
دیوەخانی گۆشەگیریم هەر جمەی دێ؟!

خۆ من و خەم لێک ناترازێین:
من کەسێکم
لەگەڵ خەمدا لە دایک بووم،
لەگەڵ خەمدا فراژی بووم،
سەرمام بووبێ، ئاگردانم هەر خەم بووە.
برسیم بووبێ،
هەر خەم سفرەی بۆ ڕاخستووم.
هەر جارێکیش چووبمە ژوانی خۆشەویستێک،
خەم بۆ جێژوان دەستی گرتووم.

بە پاسپۆرتە
سێکندهاندە شەرمنۆکە قەڵپەکانم
گەر ویستبم بۆ پەنایەک سەرهەڵگرم،
گەر ویستبم
بۆ هەر سووچ و کەنارێکی دنیا بفڕم،
قەت لە یادم نەکردووە
لەگەڵ بیلێتەکەی خۆمدا
بیلێتێکیش بۆ خەم ببڕم.

هەموو عومر
بە یەک جەنتای شەقوشڕی سەر شانەوە،
بە یەک کەشتی،
بە یەک قیتار،
بە یەک باس و یەک فڕۆکە
پێکڕا سەفەرمان کردووە.
بەڵام، کچم، ئەمجارە خەم
تامێکی تر، ڕەنگێکی تر، بۆنێکی تر،
باڵایەکی تری هەیە.
بە خەمی وا
تا سەفینیش قەڵەمی دەست و پێی دەشکێ،
قەرەچووخیش سەنگینیی خۆی لە بیر دەکا.

ئەم خەمەی من
خەمی تیری ئیقلیمگیری لەشکرێکە،
بە یەک چرکە،
سەنگەرەکانی پێشەوەی پێخوست بکرێن.
بە یەک چرکە، یەک چرکە و بەس.

ئەم خەمە خەمی شاخێکە،
بەیانییەک،
بە یەک چرکە، یەک چرکە و بەس،
پۆلێک ئاسکی گوڵبژێری
بکەوێتە بنپێی هەرەس.
بە یەک چرکە، یەک چرکە و بەس.

---

# **ئەریائیللۆ:** چوار خودا. ناوی هەولێر بوو لە دێرزەماندا
# **مەم**: هاوڕێی خوالێخۆشبووم، چیرۆکنووسی پێشەنگ و کەسایەتیی نیشتمانپەروەر محەمەد مەولوود مەم.
# **pmf**: هێزێکی سەربازیی تورکیا بوو، لە کاتی شەڕی کوردکوژیدا، حیزبەکان بانگهێشتی باشووری کوردستانیان کرد بۆ ناوبژیکردن!
# **دێگەڵە**: گوندێکە لە نێوان هەولێر و کۆیێ، لەسالانی براکوژیدا سنووری نێوان دوو بەرەبابەکە بوو.
# **کەپکی حەمەداغا** شاخێکی باشووری کوردستانە، بۆ دوو حیزب ـ عەشیرەتەکە وەک ستالینگراد بوو بۆ سۆڤیەت و ئەلمانیا! بۆ گرتنی سەتان کوڕێ کورد کوژران.
# **ئارئار**: دوو پیتی یەکەمی وشەی ڕاووڕووتە، کە خەڵکی کوردستان بۆ کورتکردنەوە بەکاری دێنن.
# **برایمەفەندی**: ئەفسەرێکی پۆلیس، خۆشەویستی خەڵکی هەولێر بوو. لە پێشمەرگایەتیشدا، تا شەهیدبوونی، وەک قارەمانێکی دوژمنتۆقێن ناوی دەرکردبوو.

# دیوانی براکوژی

چاپی یەکەم ١٩٩٤ ـ هەولێر

# بەرگولی چاپی نوێ

چارەنووسی « دیوانی براکوژی » زۆر لە چارەنووسی « دوانزە وانە بۆ منالان» نێزیکە، ئەگەرچی مەودایەکی زەمانیی دوورودرێژیشیان لە نێواندایە: هەردووکیان لە بارودۆخێکی سیاسیی لەڕادەبەدەر ئالۆزدا لەدایک بوون و لە تاقەکۆڕێکی شیعرخوێندنەوەدا فرچکدران. پاشتریش، بێ ئەوەی دەسەڵاتێک نازیان بکێشێ و گیرفانێک شەکروشیریان بداتێ ، هەر خۆیان پێڕەوکە بوون و لە خەم ڕەخسین و بە نان و نمەکی خەڵکی کوردستان ڕسکان. بۆیە، ئەم دوو هۆنراوە درێژە

چەند هی منن، هێندەش هی ئەو سەدان هەزار کەسەن کە تا ئەمڕۆ ئەم دەست و ئەو دەست، ئەم باخەڵ و ئەو باخەڵیان پێ کردوون و نەیانهێشتووە ڕوخساری ڕاونراویان چرچولۆچی تێ بکەوێ و گەردی فەرامۆشیی لێ بنیشێ.
خوێندنەوەی «دوانزە وانە» لە کەرکووکی ١٩٧٢ ی کانگای تەعریب و «دیوانی براکوژی» ش لە هەولێری مەڵبەندی شەڕی خۆکوژیی١٩٩٤دا، ناڵێم ئازایەتی، بەڵام هێزێکی مەعنەوی و بڵێسەیەکی پەتی و بڕوایەکی ڕەهای دەویست بە سەرکەوتنی ئازادی و جوانی و شیعر. خەڵکی کوردستانیش، بە سەلیقەی خۆڕسکی خۆیان، لەمە گەیشتن و ئەرکی بڵاوکردنەوەیان لە کۆڵ کردمەوە.

* * *

پریشکی نەگریسی دووبەرەکییەکەی ١٩٦٤ لە سەرەتادا لە باشووری کوردستان وەک قارچی ژەهراوی هەڵتۆقی، بەڵام هێندەی نەبرد، وەک گەرای شێرپەنجە، دەمار بە دەمار، جۆمگە بە جۆمگە، شانە بە شانە سەرتاپای بەدەنی لەخۆڕا کەنەفت و بنێسی نیشتمانەکەمانی تەنییەوە.
براکوژی چەند وەچەیەکی نائومێد کرد و بووە

لەمپەری بەردەم بڵاوبوونەوەی هەستی سەربەخۆییخوازی.
حیزبحیزبانێی خێڵەکییانە نەیهێشت ئەو وزەیەی لە توێیەکانی گیانی کوردستانییاندا خۆی مەڵاس دابوو کۆبکرێتەوە و بخرێتە گەڕ بۆ خۆڕاپسکاندن لە کۆت و بەندی کۆیلەیی.

* * *

براکوژی ئەنجامی نەبوونی بەرنامە و ستراتیژ و پرۆژەی سەربەخۆیی و مەسەلەیەکی سێنتراله.
تا کۆمەڵێک ڕەمز و بەهای هاوبەش زەینی نەتەوەییمان پێک نەهێنن، مێشکمان هەر خانەخانە دەبێ و هەر خانەیەکیش حیزب ـ عەشیرەتێک داگیری دەکا.

* * *

کاتی ئەوە هاتووە لەوە بگەین و دانی پێدا بنێین، کە ئێمە ، نەک هەر گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتین، بەڵکوو گەورەترین نەتەوەی بێ پرۆژەی دەوڵەتیشین.

* * *

لە کاتێکدا ئەم پێشەکییە دەنووسم، ئەنجامەکانی براکوژی لە بەر چاون و هۆیەکانیشی، بەتایبەتی سامانی مفت و دەسەڵاتی بێسنوور، وەک شیری لە کالان دەرکێشراو هێشتا هەڕەشە لە گەلی کوردستان و یەکێتیی وڵاتەکەی دەکەن.

* * *

براکوژی تاوانێکی هەرە گەورەیە بەرامبەر بە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان ئەنجام دراوە. دڵنیام، نەوەکانی داهاتوو پاکانە بۆ هەڵوێستی توندم دەکەن، کە ساڵانێکی دوور و درێژە باجەکەی بە زێدەوە دەدەم.
با ئەم دیوانۆکەیە، دادگەیەکی مەعنەوی بێ بۆ بازرگانانی براکوژی، کە هیچ دادگەیەکی تریان نەبینی و پێشبینیش ناکرێ لەمەولا بیبینن.

عەبدوڵڵا پەشێو
٢٠٠٥/٥/٥ هێلسنکی

هەتا وەک ئاگری بن کان لەگەڵ یەک،
ئەگەر تۆفان بێ لەشکرتان، بە پووشەک!

**حاجی**

# چەند پەیڤێک #

«پێشەکیی چاپی یەکەم ١٩٩٤»

ئازیزم،

ئەوەی بەردەستت پێش ئەوەی شیعر بێ - هەڵوێستە.

ئەوەی لە کاتی نووسیندا لە بەر چاوی خەیاڵم بووە هەژارێکی شێخەڵڵابووە، نەک خوێندەوارێکی بە شیعر تێر و تەسەل. بۆ میکرۆفۆن نووسراوە، نەک بۆ خوێندنەوەی بێدەنگ. زیرەیە، نەک چرپە. ڕاکردنە، نەک ڕۆیشتن. لە بابەڕۆدانە، نەک هەنیسک.

ئەوەی لەسەر خنکان بێ... بیر لەوە ناکاتەوە چۆن بقیژێنێ... گرینگ ئەوەیە تا دەنگی تێدایە بقیژێنێ.

ئەمەی بەر دەستت: زریکەیە... قیژەیە...

* * *

بۆ ئەوەی لەم شیعرانە و شیعرەکانی تری «دیوانی براکوژی » بگەیت، پێویستە نەخشەی براکوژی لە ساڵی ١٩٦٤ – وە تا ڕۆژی ئەمڕۆ لەبەر چاوی خۆت دانێیت و ئەو ڕووبەرە پانوپۆڕە دەستنیشان بکەیت کەبراکوژیی تێدا کراوە. ڕووبەرەکە، موبالەغە ناکەم ئەگەر بڵێم، هەموو خاکی کوردستان، بە پانایی و درێژایی، دەگرێتەوە.

کوا ئەو جێیەی براکوژی ئاوەگڵی نەکردووە؟

کام تاقم لەگەڵ کام تاقمدا، کام بەرەباب لەگەڵ کام بەرەبابدا نەیکردووە؟

شۆڕەسوارەکانی براکوژیش هەمان شۆڕەسوارن، هەمان شوانی گورگزادەن.

* * *

من هەر باسی براکوژیی ئەم چەند ساڵەی دواییم کرد، ئەگەر نا، ئەوەندەی مێژوومان لە بەرچاو بێ، دەبینین هەر جارێک ئەم نەتەوەیە سەری خۆی ڕاست کردبێتەوە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی، یا تەنانەت داوای فشەمافێکی خۆی کردبێ، تووشی تاعوونی شەڕی خۆکوژی بووە...

* * *

من دوژمنێکی بابەکوشتەی براکوژیم.
لە ساڵانی دووروڵاتیمدا، چەند خۆم بە پەڕاگەندەی سیاسەتی شۆفێنیستانەی داگیرکەرانی کوردستان زانیوە، زێتریش خۆم بە پەڕاگەندەی سیاسەتی کوردکوژانەی حیزبەکانی کوردستان زانیوە. بۆیە، ئەوەی لە دەستم بێ و پێم بکرێ دژی براکوژی دەیکەم و دەیڵێم.
هیچ شتێک لای من پاکانە بۆ براکوژی ناکا.
گەمارترین، نامەردانەترین، بێشەرەفانەترین شەڕ-
شەڕی براکوژییە.
ئەوەشی باوێ سەرێ، کە کوردستان خۆی لەخۆیدا، وڵاتێکی داگیرکراوی، پێشێلکراوی، دابەشکراوی، خێر و بێر دزراوە. شەڕی براکوژی، لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا، لە خۆکوژی بەولاوە چی دی نییە.

* * *

کە شیعرەکانم دەخوێنیتەوە، پێت وایە زماندرێژیم کردووە؟ زێدەڕۆییم کردووە؟ توندم؟
بریا...سەد بریا ... زێتر شارەزای فەرهەنگی زمانی کوردی بام و لەم وشە و تەعبیرانە مزرترم زانیبا!

* * *

زۆر لەم شیعرانەی بەردەستت لە شەکرەشاری
هەولێر نووسراون.
کام هەولێر؟
ئەوەی مانگێک تێیدا لەماڵچوونەدەر ئازایەتی بوو...
دیتم... بە چاوی خۆم براکوژیم دیت...
دیتم چۆن بە سەربانان دەکەون و ماڵ و منداڵی ئەو
خەڵکە برسییە دەکەنە سەنگەر.
لە کۆڵانە ئاوەڕووتکراوەکاندا گوێم لە زرمەزرمی تۆپ
و شەستیر و ئارپیجی و قازیفە بوو.
لە دەوروبەری شارە خۆشەویستەکەمدا، بینیم چۆن
دووکەڵی دەغڵودانی هەژارانی کوردستان بە ڕۆژ
بەری ئاسمانی تاریک دەکرد و بەشەویش بڵێسەی
ئاگر دڕی بە شەوەزەنگ دەدا

* * *

ڕۆژ نییە دەنگوباسی ئەم شار و ئەو شار، ئەم گوند
و ئەو گوندی نیشتمانەکەم ئارامم لێ هەڵنەگرێ:
هەر دیلە و دەکوژرێ...
هەر بەرائەتە و وەردەگیرێ...
هەر ماڵە و دەرگەی دەشکێنرێ...
هەر پاتاڵ و بزگوڕە و بە تاڵان دەبردرێ
هەر لاوی کوردە، لەسەر بیروباوەڕ، یا تەنانەت

لەسەر ڕەنگی پەڕۆ، لە ماڵی خۆی وەدەردەنرێ و
شوێنبزر دەکرێ...
هەر نامووسە و هەتک دەکرێ...
هەر خانووە و بە گوللە بوە بە بێژینگ، یا بە قازیفە
شەبەقی تێبووە.
کوردستانی ئەنفالکراوم ئەنفال دەکرێتەوە.
مێژوو، بنووسە: من بێدەنگ نەبووم!
شیعر، بببوورە، تۆم زۆر شەکەت کرد!
پەخشان، زۆر سوپاس، بە هانام هاتی!

عەبدوڵڵا پەشێو
١٩٩٤/٦/٢٠هەولێر

# ئەم پێشەکییە هی چاپی یەکەمە، کە بریتی بوو لەو چەند دانەیەی بە خەتی خۆم و لەبەرگرتنەوەی دڵسۆزان، لە هەولێر، لە ڕۆژانی براکوژیدا، بڵاو کرانەوە.

# ( ١ )

با کەس ڕەخنەیان لێ نەگرێ!
هەرچی دەیکەن پاکە وەک نوێژ،
هەرچی دەیڵێن وەک گەوهەرە!
دیالێکتیک... « سەرمایە» ی مارکس
فەرموودەی « ماو » یان لەبەرە!

ئەوروپایان هەموو دیوە
کە دێنە گۆ بۆ ڕۆژنامان،
پەیڤێک زێڕە، یەکێک زیوە!

لەندەن، پاریس، ئەنقەرە، شام...
یەکە یەکە پایتەختەکانی هەندەران
شارەزاترن لە شێخەڵڵا و سابوونکەران #
چاک دەزانن،
کە ئەوروپا بۆیاخچیی پسپۆڕی دەوێ؛
بۆ مەیخانان
پیاڵە و هیربارشۆزی دەوێ؛
بۆ کۆڵکێشی
بازووی زۆر بەتینی دەوێ؛
کوردی چیایی ناولەپ زبر و
شان و پیل بەردینی دەوێ!

* * *

با کەس ڕەخنەیان لێ نەگرێ!
دەیانناسم:
لە پاکیدا ـ چاک و پیرن...
لە ژیریدا ـ
ئەنیشتاین شاگردیانە، هێندە ژیرن!
شارەزای مێژووی جیهانن،
کون بە کون، کەلێن بە کەلێن...
ستراتیژی دوژمن تەقەی بێ،
جبەخانەی تاکتیک پڕە،
مەخزەنێکی پێوەدەنێن!

* * *

دەیانناسم:
لە پاکیدا چاک و پیرن...
لە ژیریدا
ئەنیشتاین شاگردیانە، هێندە ژیرن!

بیانبینن!
بزانن لە پێناو ئێمە چەند بێتووکن؛
چەند پەڕپووت و ڕووت و گەدان؛
چۆن شەو و ڕۆژ تەنیا لە بیری ئێمەدان!

* * *

باوەڕ بکەن،
هەرچی دەیکەن - بۆ ئێمەیە!
هەرچی دەیڵێن - بۆ ئێمەیە!
هەر بۆ ئەوەی لەم ئازارە ڕزگارمان بێ و
خۆشاوی شەهادەت فڕکەین،
هەر بۆ ئەوەی
خوێن وەکوو نان گران نەبێ و
هەموو جێیەکی لێ پڕکەین:
یەکێک دێنن قڕمان بکا.
ئەگەر نەهات؟
فێرمان دەکەن یەکتر قڕکەین!

با کەس ڕەخنەیان لێ نەگرێ!
شوان هەر شوانە...
پەز هەر پەزە... هەتا دەمرێ!
با کەس ڕەخنەیان لێ نەگرێ!

( ٢ )

لەم نیشتمانە چارەڕەشەدا
چیتان هێشتووە
دابەشی نەکەن وەک ڕەزی خۆتان؟
هەر بەشەهیدان سەرمان بڵند بوو،
ئەوانیشتان کرد بە پەزی خۆتان!

* * *

ناوێرم قەڵەمێک هەڵگرم.
ناوێرم کراسێک لەبەر کەم.
ڕووتان ڕەش بێ!
خۆ ڕەنگەکانیشتان بەش کرد.

بڵێم: خوێندکار یا قوتابی؟
ژن یا ئافرەت؟
ڕووتان ڕەش بێ،
تا وشەی ناو فەرهەنگەکانیشتان بەش کرد!
دوو کەناری زێی جاویدانی -
خانی و حاجی قادرتان بەش کرد.
خاک و ئاو و ئاگرتان بەش کرد.
کوا چیتان هێشت؟
کوا کێتان هێشت؟
بگرە...
قەحپە و دز و ڕێگرتان بەش کرد.

وەک زرتەکی گاکوژبەدەست
نیشتمانێکتان کرد بە دوو...
شار بە شار، گوند بە گوند گەڕان،
لە هەر ماڵێک
ئاگردانێکتان کرد بە دوو!

* * *

خەڵک مێژوویەکی هەیە،

ئێمە دوو مێژوومان هەیە.

هەموو دنیا

یەک سەرکردەی لێ بەڵایە،

ئێمە لەویش دوومان هەیە!

( ٣ )

گەورەینە! لە سایەتان
بەعس لەناو دەممماندا... زمانێکە و دەگەڕێ.
بەعس: کەڵەگایەکە،
سبەینە و ئێواران... لە ئاوەزمان دەپەڕێ!

* * *

کێ بێ بەعس نەناسێ؟
تا دوێنێ هەتیوێک بوو
زەلامکوژ، زلحۆرت، جرپن.
لە سای سەرتان هاتەوە...
هاتەوە و کەس نایبینێ
وەکوو تارمایی مردن.

لێمان بوو بە « تی ئێن تی »،
چووە ناو سەفتەی دینار،
لەگەڵمان دێتە سەر خوان،
جێمان لەگەڵ بەش دەکا و
لەگەڵمان دەچێتە ژوان!

لە ناو مانشێتی ڕۆژنامەکاندا ـ
بەعس دەبینم.
لە ناو مەوکیبی سەرکردەکاندا ـ
بەعس دەبینم.
لە فیفتی فیفتیی ناو پەرلەماندا ـ
بەعس دەبینم.
لە دیل کوشتن و بەرائەت پێدان،
لە زەنگلێدانی نیوەشەواندا ـ
بەعس دەبینم.

* * *

له سایەی ئێوە
ئەوا چاوێکم شایی دەگێڕێ،
چونکە چاوەکەی ترم ڕژاوە.
وا دەمارێکم شاگەشکە بووە،
چونکە دەماری برای بڕاوە.

له سایەتان
ئەمڕۆ له شارە دیلەکەم
جەمەدانیی پێشمەرگەیەک،
ساڵەهای ساڵ تاج له سەرێک،
زۆر نەماوە له بەرچاوم
ببێ به خوودەی عەسکەرێک!

( ٤ )

ئەوەی دەیبینین چما تازەیە؟!
کاتژمێرێکە سی ساڵی خشتە قورمیش کراوە.
بێ کەڵکە سەد جار پێش و پاش خرێ.
چرکەچرکەکەی -
شیفرەی مردنە، لەعنەتژمێرە،
ناوەستێ، مەگەر ورد و خاش کرێ!

## ( ٥ )

زەنگ لێ دەدەم.
کاستان دەکەم.
پڕ بە گەروو دەقیژێنم.
لە زۆنگاوان
شەپۆل دەخەمە سەر پاشوو.
هەوای مەییو دەوڕووژێنم.

دڕک لە چاوتان ڕادەکەم
تا خەو لە چاوتان بتارێ.
خوێ دەکەمە ناو برینتان
هەتا بێتە سوێ بە جارێ.

لێ ناگەڕێم...
لێ ناگەڕێم...
لێ ناگەڕێم ئەو زامانەش هەدا بدەن
کە سارێژن، یا بێئێشن.
هەستن...
مەنوون...
ئێمە لە ناو پەیتوونێکین،
دوو هەسپی کوێر ڕایدەکێشن

(٦)

خۆ بەهاری نەوەتویەک،
تا گەورەکان نەهاتنەوە،
زیرە و قیژەشمان چڕین بوو.
تا گەورەکان نەهاتنەوە،
هەڵدێرانیشمان فڕین بوو.

( ٧ )

له پەراسووی شەهیدانی
هەر سی ساڵەی براکوژی
جەنگەڵێکی چڕ و تژی
ڕاست کەنەوە لە بەردەمیان.
با ڕۆندک بێ خواردنەوەیان،
تۆزی خوێن بێ هەرسێ ژەمیان.
بە دووکەڵی ئاهی دایکان قانگیان بدەن،
چاوی سووریان پڕ چقڵ کەن...
لێ نەگەڕێن
کوردکوژەکان
بگەنە سەدەی داهاتوو،
نەوەک ئەویش ئاوەگڵ کەن!

(٨)

شەکرەشارە خامۆشەکەم،
چۆپیکێشە ڕەشپۆشەکەم،
داگیرکراوە ئازادەکەم،
دایکەکەم، جگەرگۆشەکەم:
وریا بە! ئەوەی دەتدەنێ
ژەهراوە... ژەهراوە... ژەهراو.

وریابە! ئەوەی دەتدەنێ
ژەهراوە... ژەهراوێکی خەست.
بادەکە هەمان بادەیە،
چ ئەم دەست بیدا، چ ئەو دەست!

( ٩ )

ئەمڕۆ ڕۆژی شیعر نییە.
بۆیە، من بۆتان دێمە گۆ
بە زمانێکی یەکجار سادە.
پێتان دەڵێم:
ئەوەی کورد بێ و کورد بکوژێ
زۆڵە، تەرەسە، گەووادە!

( ١٠ )

که براکوژێک دەبینم،
باوەڕکەن ڕشانەوەم دێ...
تا بەیانی هەدا نادەم،
دایم ئەمدیو ئەودیو دەکەم.
سەد قۆناغیش دوور کەومەوە،
بۆنی لاکی ماکەرێکی تۆپیو دەکەم!

( ١١ )

مژدە، ئیتر نامرین!
لە سای سەری بێسەران
هەر کوردێک نمرەیەکە
لە یادی کەمپیوتەری
بانکەکانی هەندەران!

( ١٢ )

باشوور - نۆبەرەی مێژووە،
پیرەداری سنەوبەرە.
شەقەمشار بەدەستەکان
لە ناوقەدڕا دەیبڕنەوە،
یەک لەم بەرە، یەک لەو بەرە!

( ١٣ )

دوو تەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا .
دوو خەونی وەک یەک، دوو ڕەنگی جیا .

* * *

دوو تەرم کەوتوون، تەرمی دوو برا .
مەودای نێوانیان هاڵاوی جەرگی دایک و بابە
گەورەکانیشیان وا بسکەیان دێ،
مەودای نێوانیان
مێزی دوژمن و پیاڵەی شەرابە!#

---

# ئیشارەتە بۆ ناوبژیوانیی تورکیا و دانیشتنی سەرانی کورد لە سلۆپی (مایسی ١٩٩٤)

ئادەم سمیت و مەندێلا #
بێنە خاکی چارەڕەشان،
یەکەم دەکەن بە چایچییەک
لە وەزارەتی ئابووری؛
ئەوەی دوەم، لای پەرلەمان،
بڕنۆیەکی دەکەنە شان!

---

# ئادەم سمیت(١٧٢٣-١٧٩٠) : ئابووریناس و ئەندازیاری ئابووریی سەرمایەداری.

# ( ١٥ )

بالندەیەک بووم شەکەت و تەنیا.
بالێکم کۆچ بوو، بالێک ڕاپەڕین.
نەمردم، جارێک گەیشتمە قۆناخ،
دوای هەزاران جار کەوتن و فڕین.
بالێکم دا بەم... بالێکم دا بەو...
دوای سەفەری دوور بردمیەوە خەو.
بەیانی هەلسام،
دەست شەتەکدراو، پێ شەتەکدراو،
دەم شەتەکدراو...
بە زیندوویەتی ئاوەڕووتکراو...
چەمی ئومێدم بوو بە ئاوەڕۆ
ئالای شەکاوەم بوو بە دوو پەڕۆ!

## (١٦)

تێناگەم! گەر تفەنگێک
هەزار گوللەی تێدابێ،
بە دەست کوردێکەوە بێ و
ڕووی لە کوردێک کرابێ،
چۆن دڵی دێ بیپێکێ،
با ئاگریش درابێ!

( ١٩ )

دەستت بڕزێ. چاوت کوێر بێ.
ڕێگەی ڕاستت کێوی قافی پڕ هەڵدێر بێ.
هەی کرم لە گۆشتت بدا،
شێرپەنجە بە خوێنت فێر بێ...
تۆ دەزانی، ئەوەی کوشتت چبوو، کێ بوو؟
پێشمەرگە بوو...
پشت و پەنا، تێشووی ڕێ بوو.

مایسی ١٩٩٤ ـ هەولێر

## شەوێک دوژمن... #

شەوێک دوژمن دەستێکی کرمنی کڕی.
بۆ شنۆی برد،
مەزاری شای هەڵۆیانی پێ هەڵدڕی.
ئەمەی کرد و وەک ڕێژسیۆر خۆی پەنا دا،
بە فیکەیەک پەردەی لەسەر شانۆ لادا...
ئیتر هەڵۆ لە هێلانەی شێواو دەربوون:

(٢)

له غەیبەوه هاتوومەوه.
هاتوومەوه پێتان بڵێم:
ئەم وڵاته
قەت بێ خرمەخرمی ناڵ و
زرمەزرمی پۆستاڵ نابێ
تاکوو ئێوه ئەو پردە بن...
هەر دیل بوون و هەر دیل دەبن،
تا چەرچی و دز سەرکردەبن!

٢٣/٦/١٩٨٤ - مۆسکۆ

(٣)

نەگبەتی بەرۆکی گرتووین:
لەملاوە دێ
گێژەڵووکەی لمی ئاران؛
لەولاوە دێ
تەزرە و برووسک، بەفر و باران؛
دانەوەختێک بارۆڤەیە... ڕەشەبایە:
دانەوەختێک گەرداوی تەڕی دەریایە؛
کەچی ئێمەی سڕ هەتا ناخ،
ئێمەی ڕووتتر لە تیشەشاخ،
خوێنی یەکتر دەخۆینەوە
لەسەر کورتی و درێژیی مووی کلکی وڵاخ!

تەرابلوس - ١٩٨٧/٦/٣٠

# یەکەمجار ڕۆژی ١٩٩٢/٤/١٣ لە گۆڕەپانی گڵکەند، لە شاری هەولێر بۆ جەماوەر خوێندرانەوە.

ئێوارانیش ڕێی ژوانم گوڵڕێژ دەکرد
بۆ کوڕگەل و کیژوکاڵی دڵداری کورد

گوتم: ئۆخەی! خۆ لۆتییەکەی بەغدای ڕاونا
خڕکەبەرد و خوترەداری هەژاری کورد؛

ئۆخەی ڕێگەی گەڕانەوەم، ئۆخەی بێرکۆت،
ئۆخەی بێشە و چەم و کێڵگە و بەیاری کورد؛

ئۆخەی ئاسمان،
ئۆخەی زەوی، ئەستێرە و مانگ،
ئۆخەی هاوین، پایز، زستان، بەهاری کورد؛

ئۆخەی ماچی ئازیزانی ڕووهەتاوگاز،
ئەشکی عومرێک چاوەنواڕی دیداری کورد،

ئۆخەی ئاوی زنە و کانی، دۆی کوندەڵان؛
ئۆخەی خەوی بن سابات و دەواری کورد؛

ئۆخەی مەرگی ناو ئازیزان،
چوونە ژوانی تاهەتایەی
خاک و خۆڵی بۆنداری کورد...

لەو خەوەدا هاوارم کرد: «خەونە، مەڕۆ!»
لە خەویشدا خوا نەهاتە هاواری کورد!

کاتێ هەستام، چ ببینم؟! تەراتێنە!
تەراتێنی گۆڕهەڵکەنە و کەمتیاری کورد!

* * *

نە کرمم بچمە ژێر زەوی،
نە باڵدارم بچمە ئاسمان،
ئەدی چبکەم، کردگاری کورد؟

دەکشێمەوە - تەوری تکریت چاوەڕێمە،
دەڕۆمە پێش - ڕەببانی و حیکمەتیاری کورد#

له دایک بن! کوڕانی سەدەی ئایندە،
هەڵۆیانی گەردنبەرزی کۆساری کورد.

له دایک بن! هەڵگرانی چرای زەردەشت،
پەریزادە و شۆڕەسواری دێ و شاری کورد.

له دایک بن! ژەنگی مێژوو دابشۆرن،
با گوێی دنیا بئەنگێوێ بڕیاری کورد.

١٩٩٤- هەولێر - مۆسکۆ

---

#**ڕەببانی و حیکمەتیار:** جووتێک سەرکردەی بەخوێنی سەری یەک تینووی ئەفغانستانن.
#**هوتۆ و توچچی:** دوو هۆزن له ڕواندە و بوروندی. دوژمنی سەرسەختی یەک و هۆی ماڵوێرانیی ئەو دوو وڵاتەن.
#**بۆکاسە:** سەرۆکی کۆلکەخوێندەوار و دواتر ئیمپراتۆری خوێنمژی ئەفریقای سێنترال( ١٩٦٦ - ١٩٧٩ )
#**پۆڵ پۆت:** سەرۆکی کەمبۆدیا کە لە (١٩٧٥-١٩٧٩) بە ناوی کۆمۆنیزم دوو - سێ ملیۆن کەسی « شارنشینی «تەمبەڵ » و « بورژوا » ی حەواڵەی ئەو دنیا کرد.

# چما من چۆرِە خوێنە...

چما من چۆرِە خوێنە داگیرساوەکەتان نیم؟
من خەنجەرە هەمیشە هەڵکێشراوەکەتان نیم؟
ئەی من مەلی تیژباڵی داودۆزی رِەوەکتان نیم؟
لە خەوبارااندا... زەنگ و
لە تۆفاندا... کەڵەک و
لە رِۆژی بەستەڵەکدا
ئاورگ و گەرمەکتان نیم؟

چ زوو پێم گوتن
کوندەبۆیانی کەلاوەنشین
چاویان هەڵنایە بە ڕۆژی ڕووناک...
چ زوو پێم گوتن
ئەو خەرتەلانە ئارام ناگرن
تا زێدەکەمان نەکەن بەکەلاک!
ئێستاش تێم ناگەن؟
لێم بەدگومانن؟
دە چاک بزانن:
ئەو وانەکانە
سبەینان... بازی
دەسندەخۆری نەوەی حەجاجن #.
نیوەڕۆیانیش
چاوساغی ئۆردووی دمدمشکێنن.
عەسران تاژیلەی چوارپەل بە خەنەی
عورووبەی شامن.
لە حەرەمسەرای ئالی عوسمانیش
شەوان بە نۆرە هەتیوخەسێنن.

هێشتا تێم ناگەن؟
لێم بەدگومانن؟
دە چاک بزانن:
هەر کانییەک
ئەوان ئاوی بخۆنەوە هیشکاو دێنێ.
هەر درەختێک
لە سایەیدا ئەوان بنوون بێبەر دەبێ.
تاعوونن... تاعوونن... تاعوون...
لە هەر جێیەک گەرا بخەن
تۆوی مەرگی پێ وەردەبێ.

دۆبڕن...دۆبڕن... دۆبڕ!
بڵێ: هانێ،
ئەمە ئاڵای سەرفرازی!
ئەوان کفنت بۆ هەڵدەکەن.
بڵێ: هانێ،
ئەمە کەوسەری سەرکەوتن!
ئەوان ژەهری تێشکانی تێکەڵ دەکەن

ئەو هینانە:
شەنگەبەرەی داری ژەهری بەربینگمانن...
ئەو هینانە:
دوو لاگونی سەدباتمانیی
دێوەزمەی سەر سینگمانن

هێشتا تێم ناگەن؟
لێم بەدگومانن؟
دە چاک بزانن:
تا سێبەری ئەوان مابێ
نە بایەزید خانیی دەبێ #
نە گۆڕقەرەج حاجی قادر#
تا سێبەری ئەوان مابێ
کوردستانمان وەک دێلەیەک
دەبێ جێگەی بەردەرگابێ...
هەر بترەکێ و هەتاکو دنیا دنیا بێ،
دەرزەن دەرزەن... تەغار تەغار...
توتکەبەعسی و براکوژی لێ پەیدابێ!

تا سێبەری ئەوان مابێ،
هەر بە شکست
تۆڵەی شکست دەکەینەوە.
وەڵامی گشت ئەنفالەکان
بە ماچوموچ دەدەینەوە.
بە تریاکی هەڵەبجەیەک
هەڵەبجەیەک لە بیر خۆمان دەبەینەوە.

تا سێبەری ئەوان مابێ
دەبێ... هەروا...
بە ئومێدی فرۆی چەوری بەرخەنێر بین.
چاو لە هێلکەی دووزەردێنەی کەڵەشێر بین!

هێشتا تێم ناگەن؟
لێم بەدگومانن؟
دە چاک بزانن:

کوردستانی ئێمە ئاشە و
سەرکردەکانیش ئاشەوان.
کورد باراشە و لێکردنیان
بە قۆنتەرات داوە بە وان!

١٩٩٤ - ١٩٩٥ هەولێر - مۆسکۆ

---

#**حەجاج**: مەبەست لە حەجاجی سەقەفییە. (٧١٤ز) بە یەکێک لە خوێنرێژەکانی مێژوو ناسراوە.
# **بایەزید**: زێدی پیرۆزی ئەحمەدی خانییە.
# **گۆڕقەرەج**: زێدی پیرۆزی حاجی قادری کۆییە.

# زەنگ

بۆ بێدەنگی،
ئەی قەڵەمە دەنووکسوورە ئاتەشیەکەم؟!
ئامان! پەنام هێنا بەرت...
قیژەیێ، تەکانێ، گوڕێ...
با زەردەشتمان لە خەو ڕابێ،
ئاهورامان سەر هەڵبڕێ...
ئەمانە چین لەسەر ملمان هەڵتۆقیون؟
سەری مرۆن؟
یا ملیۆنان گۆی بەر قاشۆی چەند سیخوڕێ؟!

١٩٩٧/٦/٩ - ستۆکهۆڵم

# کوردستانیان هێند خۆشدەوێ...

کوردستانیان هێند خۆشدەوێ،
ئەوا دەیکەن بە مەزارێک
تاکی نەبێ لە جیهانا.
ئێمەشیان هێندە خۆشدەوێ،
شادمان دەکەن بە فیدراڵی
لە چوارچێوەی گۆڕستانا!

خۆشیان، وەکو دوو پاڵەوان،
کە کەس نەما،
نەفرەت دەکەن لە خەنجەر و تیر و کەوان...
بەیانی ئاشتی مۆر دەکەن:
یەکیان دەبێ بە مجێور،
ئەوی تریان بە زێدەوان!

١٩٩٥ کۆرسۆ ( فینلاند)

# تاوان

تاوان دیارە:
نێرکی ملی لە هی بەراز ئەستوورترە.
مانگایەکە بە ئاشکرا دەبۆڕێنێ.
گورگەبۆری ئەنادۆلە،
مانگ ببینێ یا نەبینێ،
کەڵبەی دیارە و دەلوورێنێ.

تاوان دیارە:
ڕووی لە شام بێ،
کەوڵی شێری لەبەردایە،
نەعرەی عورووبە لێدەدا و دەگرمێنێ.
ڕووی لە قوم بێ،
زولفەققاری عەلیی پێیە و
سەری یەزید دەپەڕێنێ.

تاوان دیارە:
وەک دووپشکی کەلاوەکانی گەرمەسێر
قەفی کلکی لەسەر پشتە.
وەکوو کۆبرا
لەسەر پاشەڵ ڕادەوەستێ،
گینگل دەدا و دەفیشکێنێ.
وەک مارسیدسی فایلداران
هاشەی دێت و
ترافیکی سووری شاران دەبەزێنێ.

وەک هۆڕنی لاندکرۆزەری سەردزەکان
خەو لە چاوی عومەر خاوەر دەتارێنێ.

تاوان دیارە و من دەیبینم:
وەک شۆفەلی ئاودیوکراو،
وەک شیشی پەنجەرەی دزراو،
وەک کەرکووکی
بە قەنارەی حەویجەوە دالەقێنراو
من دەیبینم!

تاوان دیارە
وا بۆنی دێ
وەکوو وێسکیی شەوی بەغدا و
هەزارویەک موفاوەزات،
وەک خۆراکی گەندی یوئێن،
وەکوو زارکی هەڵزڕاوی
هەمبانەی باوبژی بەڵێن.

تاوان دیارە:
پەڕۆیەکی بێنوێژە
لە سنووری باجستان و بەرتیلستان
فڕکە دەکا و دەشنێتەوە.
وەکوو قرشە هارەکانی دەریای ئیجە
هەر بە دەوری خوێنی کوردا دەخولێتەوە.

* * *

هێشتا بەس نییە؟!
بۆ خاتری چاویان
کتێبە سوورەی ماوم ئەزبەر کرد.
لێنینم کردە کوێخای جڕتاوە...
شینی حەسەن و حوسێنم گێڕا
چەندان زوحاکم لێ بوون بە کاوە

بۆ خاتری چاویان
چل ساڵی خشتە هەر وام بەڕێوە
هەر دێموکراسی بۆ بەغدا دەبەم
هەر ئۆتۆنۆمیش دێنم لەوێوە...

* * *

چی ما نەیکەم؟!
پێیان گوتم:
شین بە ! شین بووم
زەرد بە - زەرد بووم
پان بە - پان بووم
خڕ بە - خڕ بووم
خاو بە - خاو بووم
دڕ بە - دڕ بووم
بقیڕێنە - قیڕڕڕڕڕڕ... قیڕاندم
کڕ بە - کڕ بووم!

* * *

هێشتا بەس نییە؟!
ئەم نمایشە هێڵنجاوەرە کۆتایی نەهات؟
شەڕەزرِتانێی هابیل و قابیل هەر نەبڕایەوە؟
پەردەی وەهمکرد لەسەر عەورەتیان
تڵیشی نەبرد؟ هەڵنەدرایەوە؟!

* * *

گوێتان لێیە؟!
کرچوهۆڕی گازەرام دێ!
تاکەی پشتم
گۆڕەپانی قارەمان و قەیتەران بێ؟ #
لە کۆزەوە مرەی گورگ و ملّچەی خوێن دێ،
هەتا کەنگی
گوێم لە زرمەی شەڕەقۆچی دوو بەران بێ؟

* * *

لەبەر ئاوێنە سەیری خۆم دەکەم:
چ دەعبایەکی سەیر و سەمەرەم!
پەرکەم دەمگرێ
کاتێ دەبینم یەکتر ڕاو دەنێن
ئەندامەکانی جەستەی سەراپا وێران و نغرۆم.
هێڵنجم دێتێ
کە چاو دەبڕمە گلۆڵە کرمی
زارکی برینی گیان و جەستەی خۆم.

* * *

چ دەعبایەکی سەیر و سەمەرەم!
ئەستۆم نایەوێ سەرم ڕاگرێ.
خوێنم دەمەیێ، تا فڕکە نەکا بەرەو پەلوپۆم.
گلێنەی چاوم تف لە یەک دەکەن.
لەیەک نەبانن ڕەفیسک و ئەژنۆم.

* * *

ئەم نمایشە هێڵنجاوەرە کۆتایی نەهات؟
شەڕەزرِتانێی هابیل و قابیل هەر نەبڕایەوە؟
نەخێر، ئەمجارە
ئاوێنەی کووڕی جادووگەرەکان
وردوخاش دەکەم.

لەبن قورسایی خەوی سەدەکان
پشت هەڵدێنمەوە.

لەبەر ئاوێنەی باڵانمای یاد
قیت دەوەستم و
لە پەنجەی پێوە هەتا تەوقی سەر
خۆم دەخوێنمەوە.

* * *

چما نابینن؟!
هەسپی بەلەسەم بە تالووکەیە،
باڵی لێم دەوێ.

شەو تا بەیانی
نالّی زرمەی دێ و چەخماخە دەدا،
نە من دەسرەوم، نە ئەو دەسرەوێ.

وا دەچمە سەر زین، ڕکێف لێ دەدەم.
کفن و کاژی خۆم توورِ فڕێ دەدەم.
قەڵەمم هەسپە، سەرم شەپپوورە!
بەسە! من جارِی چاخی نوێ دەدەم.

٢٠٠٤ - ٢٠٠٥

---

# قارەمان و قەیتەران : دوو پاڵەوانی ئەفسانەیی چیرۆکی کوردین.

# خۆڕا عەیامێك...

خۆڕا عەیامێک چەنەی خۆم شل کرد!
لەگەڵ تاپۆدا جاڕی جەنگم دا و
تیغی مووکاری زمانم کول کرد.
مخابن عومری گوڵم بەبا دا.
مخابن هێندەم خەنجەر لە کا دا.

جێم ئێرە نییە:
ئێستا تێدەگەم، بێهوودە ماندووم...
من مەتەڵێکم،
ئەستێرەکانی گەردوونێکی تر
دایانپەڕاندووم.

* * *

ئێستا حاڵیم،
ئەو گەورانەی لە گەڵیاندا شەرم جارِ دا
دەیان ساڵە
فیرعەونی مۆمیاکراوی... تابووتزێڕن،
گورگی دووپێی نێزیک و دوور
چواردەستەکی بە شاراندا دەیانگێڕن.

ئیدی تەواو!
نیازم وایە
خەنجەرەکەم فڕێ بدەم...

زرێیەکەم دابماڵم...
ڕمبەکەی خۆم بە دیواردا هەڵپەسێرم.
ئەوان مردوون،
کەس بە مردوو نەوێراوە
هەتاکوو من پێی بوێرم!

١٩٩٨/٢/١٨ - هێلسنکی

# کۆبوونەوە

تا پرتەقاڵ و مۆز و سێو مابن
کۆبوونەوەکان قەت تەواو نابن
گەر دەتانەوێ
ئەو سیسارکانە، وەک کەو، کەوی کەن،
لە بەغدا چۆنن،
لە کوردستانیش
کوولەکەی سەریان وا پێ نەوی کەن:

ترخوا ئەمجارە کە کۆبوونەوە
چەرەز و میوەی سەر مێزەکانیان
هەموو وەلا نێن،
هێسکوپرووسکی ئەنفالەکانیان
لە بەردەم دانێن!

هێلسنکی ٢٠٠٣

# گرنگ و گرنگتر

سەربەخۆیی گرنگ نییە!
هەر هەشت پیتی ناوی وڵات - بە عانەیەک.
قەڵای هێسکی ئەنفالەکان -
بە مەرحەبای بێگانەیەک.
گرنگ نییە!
خودا دەیکرد (قودس) دەبوو بە ئۆرشەلیم،
(دڵ)یش دەچووە ناو پەراسووی یەکانەیەک.

گرنگ نییه، با بەعسی و جاش
بورووکێنە ناو دەرپێشمان
وەکوو شارە مۆرانەیەک،

گرنگ نییە! دەبا وڵات سەروخواری
ببێتە کەللەخانەیەک،

بەڵام گرنگ
کورسییەکی سارد وسڕی
وەک تابووتی بن مردووە،
گرنگتریش:
ئەو دۆلارە چاوسەوزانەن
کە بۆ غوربەت سەری خۆیان هەڵگرتووە!

٢٠٠٣/١١/٢٢ - هێلسنکی

# فەرهەنگۆک

## ئـ

**ئاپۆرە**: قەرەباڵغی، هەزارەزیلە، کەرەسیسەی خەڵک

**ئاتەشگـە** : : ئاتەشگەدە، ئاتەشخانە، ئاورگە، شوێنی ئاگری پیرۆزی زەردەشتییان.

**ئاتەشی**: : ڕەنگی سووری تێر، چەشنێکی گوڵەباخە

**ئادگار**: : سیما، چەهرە، بچم ( ملامح )

**ئاژانس** ( لاتینی ): وەکالەت/ ئاژانسی دەنگوباس: وەکالەتی دەنگوباس ڕاگەیاندن

**ئاگرپارە** : بزێو، نائارام، زیتەڵ، زیت، سەرهار، بزۆز

**ئالارم** (فەرەنسی ): کاتژمێری زەنگدار، سەعاتی زەنگلدار

**ئاڵۆش** : خارشت، خورشت، خوروو، شپلپرە

**ئاورگ** : ئاگردان، کوانوو

**ئاوەز**: هۆش، عەقڵ

**ئاورینگ**: ئاورنگ، چریسک، پڕیشکی وردی ئاگر.

**ئاوەگڵ**: کڵاو

**ئاوێزان** : داڵەقاو، هەڵواسراو، شۆڕەوەبوو

**ئیدیا** ( گریکی ): بیرۆکە، هزرۆکە،( فکرە)

**ئەستێرەبەندان** : تەنرانی ئاسمان بە ئەستێران، ئەستێرەڕێژبوونی ئاسمان(«سەهۆڵبەندان، خەنەبەندان ).

**ئەلها**: ئارەزوو، کەڵکەڵە، مگێز، حەز

**ئەنگاوتن**:هنگافتن، پێکان / **بئەنگێوە**: بپێکە

**ئیکسیر** (عەرەبی): کیمیا، مایە، دەرمانێکە گوایە کانزا دەکاتە زێڕ.

**ئێکسپرێس** ( لاتینی): پۆستەی خێرا

## ب

**بابوێر** : کونەبا، لۆنکە، بادرز، دەرەزێک بای لێوە بێ

**باپشکێو** : سیچکەسڵاوە، قینچکەسڵاوە، بیتک

**باراندیتە**: : دنیادیدە، خاوەن ئەزموون. (دەگوترێ: فلان کەس گورگی باراندیدەیە)

**بارۆڤە** : باهۆز، ڕەشەبا

**بازرەقە** : دەرپەڕینی لەپڕی گیانداران یا فیچقە و فڕکەکردنی شلەمەنی

**باڵئەنگێوراو** : باڵئەنگاوتە، باڵپێکراو، باڵشکاو

**بالۆره** : جۆره سترانێکی میللیی کوردیی تایبەت بە ژنانە

**باڵین**: سەرین، بالیف، باڵگە

**برووسکاوێژ** : برووسکەهاوێژ، برووسکەوەشێن، چەخماخەدەر، ئەوەی دەبرووسکێنێ

**بزرکاندن** : قسەپەڕاندن، وڕێنەکردن

**بزگوڕ** : جل و جینگوڕ، پاتاڵ، پەڵاس، سیپاڵ

**بژوێن** : سەوزەڵان، مێرگ، دەڤەری پڕ گیا و لەوەڕ

**بسکە** : بزەی خۆشی

**بنزەویگەڕ** : ئەوەی لەبن عەرد بە دوای شتێکدا دەگەڕێ

**بنەوشیلە** : بنەوشۆکە، بنەوشە، قەزوانێکی وردی مەیلەو نەرمی کەسکە

**بنێس** : لەڕ و لاواز، بێشنگ و تاقەت، سیس و دەردەدار

**بوودڕ** : ڕەهۆڵ، گەوەڕ، جێی دادڕاو لە زەوی

**بۆڕخواردن**: تێشکان، بەزین، دۆڕاندن لە ململانێدا

**بولێڵ** : بولێڵە، گورگومێش، تاریگەور، تاریکولێڵ، شەوەکی، تاریک و ڕوونی بەیانی یا ئێوارە

**بوولەرزە**: بوومەلەرزە، عەردهەژ، عەردلەرزین، زەلزەلە

**بەدووم** : بەدیۆم، شووم، نەحس، پێوقدووم ڕەش

**بەرچنە** : بەرچن، سەلک، قەرتاڵەی گچکەی میوە.

**بەرینگ** : خوار قوڕگ، بینەقاقا

**بەرزەفتکردن** : گرتن، کۆنترۆڵکردن، خستنە ژێر ڕکێف

**بەرۆك**: یەخە، پێسیر، بەرچێڵ، زی

**بەلەسە** : گیانداری یاخی و نائارام ( بەتایبەتی ولاخ )

**بەلەك**: پووز، باق، لە کۆزینگەوە تا ئەژنۆ

**بەندەخوێن** : دۆخین

**بەندەن** : شاخوداخ

**بەهێ**: بەی، بێ، هێوە

**بێتووك**: سیس و خەفەتبار، داماو، بێهەوەس

**بێخولیا**: خەمسارد و بێهەوەس

**بیستۆك** : گوێچکەی تەلەفۆن

**بێسەوادی**: نەخوێندەواری، نەزانی، جەهالەت

**بێشەڵان**: لێڕ، دارستان، لێڕەوار، مێشە، جەنگەڵ، بڕ

**پێکراو**: ئەنگاوتە، ئەنگێوراو

**بێن**: پشوو، وچان، هەدا/ **بێنێك**: وچانێک، کەمێک

## پ

**پاتاڵ** : بزگوڕ، جل و پەڕۆی کۆن

**پاساری**: سواندۆکە، سواندولکە، جۆرێکە لەچۆلەکە،

**پامفلێت** ( ئینگلیزی ): تێکستێکی بچووکی ئەدەبیی ڕسواکەر، کە ئامانجێکی کۆمەلایەتی و سیاسیی هەبێ.

**پرشنگەجاڕ** : مەڵبەندێک تیشک و ڕۆناهیی تێدا بڕوێ (نێرگزەجاڕ، مەرەزەجاڕ ... )

**پرێسکە** : پریاسکە، بوخچۆکە بۆ شت تیا هەڵگرتن

**پژان** : پرژان، پشکووتن، بوونەوە/زمانپژان: زمانبوونەوە

**پلوورە**: خلێف، خەلێف، کوورەی هەنگ، کەندووی مێشەهەنگ، ئەو شوێنەی هەنگ شانەی تێدا هەڵدەبەستێ

**پۆرترێت** (فەرەنسی): وێنەی کەسێک یا چەند کەسێک

**پەتا**: : درم، ئاهۆ، قڕان، نەخۆشیی گیرۆ

**پەتۆ**: هەناسە، بێهن، پشوو

**پەڕووت** : شڕ و شپڕێو، چرمسی و زەردهەڵگەڕاو

**پەرجۆ**: پەرجوو، موعجیزە

**پەروانە**: پەپوولەی ڕووناکیپەرست

**پەرەنگ** : پشکۆ، سکڵ، پۆلوو، پۆلی، پەنگر. گۆی گوارە،

**پەژمردە** : چەرمسی، سیس، ژاکاو

**پەسار** : پەنا، پەسێو، نوا، ئەنوا

**پەنجەشێر**: شێرپەنجە، تیراوێ، سەرەتان

**پەنگر** : پەرەنگ، پشکۆ، سکڵ. پۆلوو، پەل

**پەیك**: تەتەر، چەپەر، نامەبەر، قاسید

**پێت** : بڵێسە، بلیز، کلە، گڕی ئاگر

**پێل**: شەپۆل/ **پێلدان**: شەپۆلدان

## ت

**تاپۆ**: تارمایی، ڕەشانگ، سامۆتک

**تاتا**: هەوداهەودا، تاڵ تاڵ، داو داو

**تاتەشۆر** : ئەو بەردە پانەی مردووی لەسەر دەشۆن

**تافتە** : دیوا، پارچە قوماشێکی ئاوریشمینی جوانی ژنانە

**تاقچکە** : تاقی بچووک، دەلاقە، تاقە، ڕەفکەی ناو دیوار

**تالووکە** : پەلە، لەزوبەز، هەشتاو، دەستوبرد، جەخت

**تامیسکە** : تامیسک، تێمیسک، زیپکەی لچ و لێو

**ترۆپك** : قولله، كۆپ، كومت، لووتكه، تۆقەڵە

**ترووسـكـانـدن** : بریسكانەوە، چرسكان، تەیسین

**ترووكـان** : ترەكان، جووقانی تۆكڵی هێلكە و شتی

**ترووكـە** : شنەی ترووسكە ورشەوگرشەی تیشكی كز

**ترووكـانـدن** : شكاندنی تۆكڵی هێلكە و شتی تر بە دەنووك

**تژی**: پڕ، مشت، كەیل

**توورِدان**: فڕێدان، تێهەڵدان

**تۆشـە**: تێشوو، توێشە، خۆراكی ڕێگە

**تۆقـین**: زراوچوون، زەندەقرِژان، زۆر ترسان، هەترەشچوون

**تۆمار** : كاغەزێكی بە خەتی خۆش نووسراوی لوولدراوە

**توون** : كولخان، توونخانی حەمام

**تونێـل**: ڕەهەند، نەفەق، ڕێگەی ژێرزەمینی

**توێ**: توێژ، قەد، چین، لۆ

**تەپكـە**: دەفكە، دامە، جۆرە داوێكە بۆ ڕاوە مەل

**تەپـونم** : مژ و تومان، تەمومژ و بارانێكی لەسەرخۆ

**تەرز**: تووڵە، لكی ساوای پێچپێچی بڕكی بێستان و ڕەز

**تەلان** : هەوراز، زوورگ و هەڵەت، گرد

**تەوێـڵ**: ناوچەوان، ئەنی ، هەنیە، پێشانی

**تەیمان**: چەپەر، پەرژین، تانۆك، چیلە

**تێشـوو** : توێشە، تۆشە، خۆراكی ڕێگە

**تێرِووبـوون** : تێرِووهاتن، پرِپێداكردن

**تیرێژ** : تیرۆژ، تیشكی خۆر

**تیـژباڵ** : مەلی خێرا لە فرِینا

## ج

**جاویدانی** : نەمر، ئەبەدی، هەمیشە زیندوو

**جرپن** : بزۆز و هەدانەدەر، مرۆی بێ ئۆقرە و سەرشێت

**جریواندن** : زریواندن، شنینەوە، شنەشنکردن، چکدان، تەیسین، چرسان، درەوشانەوە و ترووکەترووکی ئەستێرە

**جزووبەندکردن** : لە بەرگگرتنی کتێب بە لێکدروونی بەندەکانی.

**جێژوان**: ژوانگە، جێی پێکگەیشتن

## چ

**چاخ**: سەردەم.

**چاومار** : چاوتیژ

**چاونماوی** : چاوتەڕ( بە فرمێسک)

**چرکەژمێر** : سیکوندژمێر، ساتژمێر(هی سەعات)

**چرووت** : سیگارێکی گرانبەهایە، کووبا پێی بەناویانگە

**چڕین** : گۆرانی گوتن، ستراندن

**چریسکانەوە** : بریسکانەوە، بریقانەوە

**چلچرا**: ئاوێزە (ثریا)

**چڵۆپك** : چڵۆک، چڵووک، چڵەپۆپە، ترۆپک، کۆپێ داریٚ، سەرکەلی درەختان، بڵندترین چڵی درەخت

**چەپاڵەدان** : چەپارەدان، پەنادان، داڵدەدان

**چەپەك** : جێی پەنا، شوێنێک هاتوچۆی بە سەرەوە نەبێ.

**چەکەرە**: چەقەرە، چووزەرە، نێرتکی تازەدەرچووی ڕوەک

**چەمبەر**: چەمەر، ئەلقە، بازنە، خەلەک
**چەوتوچەوێل**: خوار و خێچ

## خ

**خاترجەم** : ئەرخەیان، تەنا، دڵئاسوودە، دڵنیا،
**خاسەڕەنگ** : ئەو رەنگەی ناچێتەوە.
**خاڵۆزە** : خەلووزە، نەخۆشییەکە تووشی پێستان دەبێ.
**خجڵ** : خەریک، سەرقاڵ،سەرگەرم، لەزک، لەگژ
**خڕ** : هەموو، هەمی، تەڤ، گشت
**خرینگە** : خرنگە، زرینگە و زرەی پێککەوتنی کانزا
**خزۆك**: خزندە، خشۆک، ئەو گیانەوەرەی بە خشین دەڕو
**خوان**: سفرە
**خوودە**: : زرێی سەرپارێز، کڵاوی ئاسنی سەربازان
**خورت**: سەرکێش، بزۆز و غلوور (بەتایبەتیش هەسپ)
**خوڕین** : شانازی کردن /**پێت دەخوڕم**: پێت دەنازم
**خۆشاو** : : شەربەت، کەمپۆت، ئاوی مێوەی وشک (نەخاسمە هی مێوژ)
**خۆڵەکەوە** : خۆڵەمێش، خۆڵەمڕ، خولی، بووڵ، مشکی
**خولیا** : مەراق،کەڵکەڵە، سەودا
**خوناوکە** : نەرمە بارانی پشک ورد
**خەپەتۆڵە** :مناڵ یا بێچووی گیانداری گۆشتن و خڕکەڵە
**خەرەند**: هەڵدێر، یا زەندۆڵ و قەڵشێکی قووڵ و ڕک و هەراو لە زەویدا ( وەک هی ڕواندز)

**خەزان** : گەڵاڕێزان، وەختی خەزەڵوەر

**خەزەڵ**: گەڵای زەردی پاییزان

**خەفەکردن** : خنکاندن، فەتساندن، تاساندن

**خەملاندن** : ئارایشدان، ڕازاندنەوە، جوانکردن،

**خەملیو**: ڕازاوە

**خەمەگرو**: خمخموک، قمقموک، سەرمازەلە،

**خەمیزگە**: سووکەخەم، وردەخەم، تەنکەخەم

**خەوزڕان**: خەوڕەوینەوە، دژخەو بوون

**خێو** : خاوەن، ماخو، خودان

**د**

**دابینبوون** : ئارامبوون، داسەکنان، هەدادان، هێورین

**داپەڕین** : کەوتن لە بەرزاییەوە بۆ خواری بەخێرایی

**دارەبەن**: دارقەزوان، داری بنێشتەتاڵ

**داشەهارە**: دوابەردی دامە

**داکردن** : بەخورپارین/**داکە**: بباره

**داودۆز** : ئەو مەلەی لە داو سڵ دەکا

**داوەڵ** : داهۆڵ، داڵەهۆ، داڵۆ، داوڵ، قەیلۆک، دارێکە لە ناو شینایيدا پەڕۆی تێوە دەئاڵێنن بۆ ڕەواندنەوەی باڵداران

**دلۆڤان** : میهرەبان

**دڵیژگە**: دڵی بچکۆلانە ( کوڕ- کوڕیژگە،ماڵ- ماڵیژگە... )

**دوڕگە** : گراف، جەزیرە

**دۆبڕ** : شووم، دومۆر، نەحس، قەدەمشەڕ، کوچکرەش

**دووره‌ده‌ست**: دووردەست، عاسێ ، زۆر دوور

**دوند**: ترۆپکی چیا، قوتکه‌، قووله‌، تۆقەڵە

**ده‌ڵب**: فشوفۆڵ

**ده‌وار**: چادر، خێوەت، ڕەشماڵ

**ده‌نده**: پەراسوو

**ده‌راو**: ئاوی دەرەوەی ئاوایی

**ده‌ربردن** :: تەحەممولکردن، دەرۆستهاتن،/ **ده‌رنابه‌م**: تەحەممول ناکەم، دەرۆست نایێم، هەڵناکەم

**ده‌رزیئاژن** : دەرزیکوت، بە دەرزی کون کون

**ده‌سته‌چیله**:دەستەچیلکە،بنئاگر،چاوئاگر،چاوڕەشکەنە، دەساگر، دەساور، چیلکە و پووش و پەڵاش بۆ ئاگر کردنەوە

**ده‌سنێژ** : دەستچێن، دانەخۆرە و پەروەردەی کەسێک

**ده‌سنده‌خۆر** : دەستندەخۆر، چاولەدەست

**دیرۆك**: مێژوو

**دێوجامه**: دیجامە، پارچەیەکی ڕەنگاوڕەنگە بۆ ڕاوەکەو

**دێوه‌ره** : دەسگێڕ، چەرچی، دەسفرۆشی گەڕۆکی لادێ

**ر**

**ڕاداشتن** : دەست یا پەنجە هەڵبڕین بۆ نیشاندانی شتێک یا کەسێک. **په‌نجه‌ڕاداشتن**/ئیشارەت کردن

**ڕازان** : نووستن، خەوتن

**ڕام بوون** : ماڵی بوون، کەوی بوون

**ڕچە** : باریکەڕێ،ڕێچکە، بزنەڕێ /**ڕچەشکاندن**: کردنەوەی ڕێیەکی تازە بۆ پێداڕۆیشتن

**ڕسکان** : گەشەکردن، ڕوان و فراژی بوون و نەشونماکردنی ڕوەک و گیانداران

**ڕنۆك**: جینجڕۆک، چنگوڕک، چنگی دڕندە و باڵندە

**ڕووتەن** : ڕەقەن، زەویی قاقڕ، تەمتەم، تەمتەمان

**ڕۆحئەنگێو**: ئەوەی گیان دەپێکێ

**ڕۆندك** : ڕۆنتک، فرمێسک، ئەسر، ئەسرین، هێستر، ئەشک

**ڕەخش** : هەسپە بەناوبانگەکەی ڕۆستەمی زاڵە

**ڕەشمە**: ڕێشمە، هەوسار

**ڕەشمیری** : جۆرەترێیەکی ڕەشی تاموبۆخۆشە، خۆشناوەتی پێی بەناوبانگە

**ڕەمیا** : تەرە، ڕاونراو، هەڵەتە بوو، سەرادوونراو

**ڕەوەز** : کەپکەشاخ، گابەردی زۆر گەورەی چینچینی کێو

**ڕەوەك** : سرک، سڵ، قوشقی، تۆڕ.

**ڕەهندە** : عەوداڵ، تەرە، تەرکەدنیا، مشەخت، ماڵبەکۆڵ

**ڕێژسیۆر** : دەرهێنەری شانۆ و سینەما، موخریج

**ڕێنما**: : ڕێنوێن، ڕێبەر، ڕێنیشاندەر، چاوساغ

**ڕێنوێن** : : ڕێنما، چاوساغ، ڕێبەر، ڕێنیشاندەر

## ز

**زات وەبەرنان** : هاندان، غیرەت وەبەرنان

**زراوڕژان**: زۆر ترسان، هەترەش چوون، زەندەق چوون

**زراڤ** : باریک (زێتر بۆ بەژنی ڕێک و شووش بە کار دێ)

**زڕتەك**: فشەکەر، خۆهەڵکێش، فسفسپاڵەوان

**زڤرین**: گەڕانەوە، ڤەگەڕ

**زلحۆرت**: : زڕتەزەلام، تەژە، لەندەهۆر، مرۆی کەتە و ناقۆلا

**زمانەگا** : : ئەستووركی منداڵان، جۆرە كولێرەیەكی درێژکۆڵەی زمانئاسایە بۆ زارۆیان دەبرژێندرێ .

**زنار** : تاشەبەرد، گابەرد، کەڤری گەلەک مەزن

**زنە** : کانیلەی زۆر بچووک

**زۆزان** : کوێستان، لەیلاخ

**زۆنگاو**: زۆنگ، زۆنگاو، زەلکاو، زەنەک

**زەردەچێوە**: زەردەچەو، زەردەچوو

**زەرنەقووتە** : ساقەسۆرە، بێچووی ساوای باڵدار

**زەریا** : دەریا

**زەل** : پووش یا گیای وشک. قامیش

**زەلال** : زولاڵ، ڕوون( بۆ ئاو )، ساف( بۆ دەنگ ) ...هتد

**زەمزەمە** : لەبەرخۆ گۆرانی گوتن، ورینگە ورینگ

**زەنا**: ژاوە، دەنگەدەنگ، قیژەقیژ، هەراوهۆریا

**زەندەقچوو** : زراوچوو، ترساو، تۆقیو

**زەندۆڵ**: قڵێش و درزی زەوی

**زەنگۆ** :زەنگوو، ڕکێف، ئاوزەنگی/زەنگۆ لێدە: ڕکێف لێدە،

**زەنگوڵ** : تنۆک، دڵۆپ، پشک

**زەویزادە** : لە تۆرەمەی خاک،لە زەوی پەیدابوو، زادەی خاک

**زێد**: : مەفتەن، نیشتمان، وڵات، شوێنی لەداکبوون

**زێدەوان** : زێوان، پاسەوانی گۆڕستان

**زێروو**: زەروو، زێلوو، هەزاپێ ومارەزیوی خوێنمژ

**زیوان**: زیڤان، زیزانە، دەنکێکی ڕەش و تاڵە لەناو گەنمدا

## ژ

**ژاوە**: زەنا، دەنگەدەنگ، قیژەقیژ، هەراوهۆریا

**ژێ**: ژەه، تەل، وەتەری ئامێری موزیک

**ژێکردن**: بڕین / **سەرژێکردن**/ سەربڕین، کوشتنەوە

**ژیلە** : ژیلەمۆ، زیلەمۆ، چریسک

**ژیلەمۆ** : ژیلە، زیلەمۆ، چریسک

## س

**ستێر**: ئەستێرە، هەسارە، ئەختەر

**سرك**: ڕەوەک، سڵ، قوشقی، تۆڕ

**سریواندن** : جریواندن، زریواندن، درەوشانەوە، شنەشنکردنی ئەستێرە و چرا و شتی تر.جریواندنی تەیروتوار

**سفرە**: خوان

**سمین** : کونکردن

**سواڵەت**: ئەشکەلک، پارچەی دیزە و گۆزەی شکاو

**سووتمان** : شەوات، ئاگربەربوونەوە، ئاگرکەوتنەوە

**سۆتەك**: سووتوو، سووتەک، خۆڵەمێش، خولی( سیگار )

**سوپەر** : قەلغان، مەتاڵ. سپێر

**سووزەنەك**: سوزاک، نەخۆشیی سەیەلان، گۆنۆری

**سووسەکردن** : هەستکردن و پەیبردن بە ڕاز و نهێنی

**سۆل** : سۆلە، نەعل، کەوش

**سونگی**: نێزە، قەمە

**سەربەمۆر** : سەرمۆر، نەکراوە، دەست لێ نەدراو

**سەرپشك**: سەربەش، خاوەن بڕیار لە هەڵبژاردندا

**سەرپێوەنان** : ڕەوکردن، پێکەوە، مل بەڕێوەنان بە کۆمەڵ / **گیاوگۆڵ سەری پێوە ناوە**: گیا باڵای کردووە و لەبەر با کەروێشکە دەکا، بەدەم ڕەوکردنەوە شەپۆلان دەدا

**سەربەکڵاوە** : سەربەقەپووچکە، بارانی پشک درشت

**سەروبەرکردن** : هەتەر کـردن، نیشـانە نەپێکان، وە ئامانج نەکەوتن، سەرچیغچوونی تیر و گوللە و شتی تر

**سەنگرانەوە**: پرینگانەوە، سڵەمینەوە، ڕەوینەوە

**سیپەلك** : سی، سەپەلیک، شووشوو، پیلاسیی

**سێرە**: : بازنۆکە ی سەر لوولەی تفەنگ بۆ نیشانەلێگرتن

**سینگ** : سنگ، داری نووکتیژ بۆ داکوتان

## ش

**شابسك**: بسکی سەرتۆپ، ئەگریجەی جوان،زوڵفی بەدەو

**شاخکردن** : چوونە سەر پاشوو، چەپۆکانەکردنی ئەسپ

**شارۆچکە**: شارەمێروو

**شاقـەل**: داوێن، دامـەن، تەشک، پەراوێزی خـوارەوەی کراس و کەوا و شتی تر / **شاقەلشۆڕ**: داوێنشۆڕ، ژنێک پۆشاکی ئاودامانی لەبەردا بێ ( لە کوردەواریدا پەسندە)

بوورانەوە لە خۆشییان

**شاگەشکەبوون** : بوورانەوە لە خۆشییان

**شلك**: ناسک، نەرموشل

**شلێوە**: شلۆقە، بەرخورک، دوودانک، بارانی بە بەفرەوە

**شنەشن** : ترووکەترووکی ڕووناکی، لەرەی دار و درەخت

**شوار گرتن** : نەبز گرتن ، نزڵەگرتن

**شۆر**: ئەڤین، دڵداری، عیشق، سەودا

**شۆڕابە**: : هەورێکی زۆر تیر، کە زگی دادابێ و لە ڕاستی ئاسۆ داوێنی بگاتە زەوی

**شەبەق** : شەباقە، کونی گەورە. شەفەق، گەردوگوڵی بەیان، زەردەی بەراییی ئاسۆ

**شەپاڵ**: بەچکەشێر

**شەفەق**: شەبەق، یەکەم ڕووناکیی هەتاو، گزنگی نۆبەرەی خۆر، ڕۆناهیی زووی لێواری ئاسۆ

**شەقزن** : شەقەی لەهیکرای باڵی مەل و چەپڵە و شتی تر

**شەقڵ کردن**: : نیشانکردن، مۆرکردنی خەرمان یا هەر شتێکی تر بۆ ئەوەی دەسکاریکردنی دیار بێ

**شەقەمشار** : مشاری دووکەسی، هەڕەی دووکەسی

**شەلاڵ** : سەراپا تەڕ ( شەلاڵی خوێن و ئارەقە و ...هتد)

**شەمچە**: دەنکەشقارتە. شقارتە، نەفتک، گرتەک

**شەنگەبەرە** : شەنگڵەبەرەکەت، شەنگڵە، جووتێک بەری داری پێکەوەنووساو

**شەیپوور** : ئامرازێکی مۆسیقاییی زورنائاسای لەشکرە

**شینکە** : چیمەن، سەوزەلان، گیاجاڕ، شینایی، زرچک

## ف

**فڕگە** : فڕۆکەخانە، باڵافڕخانە، تەیارەخانە

**فەڕەنگی**: نەخۆشیی سفلس

**فێبڵ** (لاتینی): نەزیرە، نەزیلە، نەزیرۆکە، کورتەچیرۆکێک کە مانایەکی کۆمەڵایەتیی هەبێ. پاڵەوانانی فێبڵ زێتر گیانەوەرن.

## ڤ

**ڤەکردن**: کردنەوە، واز کردن

## ق

**قاشۆ** : چەوگان، دارشەق، گۆیاڵ، بۆ لێدانی گۆ لە گەمەی قاشۆیانێ( هۆڵێن، شەقێن)دا

**قامك**: پەنجە، ئەنگوست، تلی، پل، تیلک

**قانگدان** : دەرپەڕاندنی گیاندار بە دووکەڵ

**قنیات**: تەسەلا، قەناعەت/ **قنیات کردن**: قایل بوون، دابین بوونی کەسێک بەو بەشەی پێی بڕاوە

**قۆپەن**: : قانەگیا، کۆمەگیای بڵند و یاراو لەناو شینایییدا

**قورینگ** :: قولنگ، باڵندەیەکی ئاژئاسانی گەرمێن و کوێستانکەرە

**قوو**: : باڵندەیەکی سپیی مەلەوانی ئاژئاسایە

**قەتاربەستن** : قەتارەبەستن، ڕیزبەستنی لەدوو یەک

**قەتیس** : گیرۆدە، گیرخواردوو، حاسێ

**قەتیسمان** : گیرمان، حاسێبوون، بەندبوون

**قەف قەف** : ئاڵقەئاڵقە، کەوکەو

**قەمتەر کردن** : بەستنی دەمی حەیوان

**قەندەهاری** : جۆرە گەنمێکی پەسندی کوردستانە

**قەوزە** : کرێژ، خوریەجنە، کەوز، کەوژ، کەز

**قیتەڵ** : گیانداری زیتەڵ، گیانداری بچکۆلانە و قنج و وریا

## ک

**کارگ** : کوارگ، قارچک

**کازێوە** : کازیوە، گورگومێش، شەوەکی، بەرەبەیان، گەردوگوڵی بەیان، تاریکوڕوونی بەیان

**کاژەڵە** : کاژەرە، کاسەسەر، قەحف، کاپێل، کاپێلک

**کاژێڕ** : شەویلاک، شەویلە

**کاڵەک**: کڵاش، پێڵاوی چەرم

**کام** : ئاوات، ئارەزوو،مراز، ئامانج

**کاولی** :خێڵێکی کۆچەرە، زێتر لەسەر بەزم و ڕەزم دەژی

**کتکەکۆرە**: پشیلەکوێرە

**کژ** : وەرز، فەسڵی ساڵ

**کرێت** : ناشیرین، دزێو، بەدفەساڵ

**کشان** : خوشیان، خوشین، ڕاکشانی ئەستێرە، خزینی لەپڕ و بەلەزی ئەستێرە یا هەر چاوگەیەکی تری ڕۆشنایی

**کوان** : قونێر، دومەڵ، کولک

**کوتاڵ**: کاڵا، قوماشی فرۆشتەنی

**کۆتك** : کاسە، یا دەفرێکی دارینە لە لادێ بۆ دۆ و ماستاو و شتی وا بەکار دێ/ **کۆتکەدۆ**: کاسەی لە دۆ تژی

**کۆتەرە** : کۆلکەدار، قەدی دارێکی براوە

**کۆتەڵ** : کۆتڵ، هەسپێکە لە کاتی شیندا بە ئەسبابی مردووەوە دەیگێڕن

**کوچك** : بەردێکی لە خڕکە گەورەترە، کەڤرێک هێندە مەزن بێ، کە بۆ هاوێشتن بشێ

**کۆد** : شیفرە، ڕەمز یا سیمبۆلێک کە دوو تەرەف لە نێوان خۆیاندا لەسەر ماناکەی ڕێک کەوتبن

**کۆز** : هۆڵێکە کار و بەرخی تێ دەکرێ

**کولیلك** : کوڵووک، شکۆفە یا گوڵی گژوگیا و دارودرەخت

**کۆمە** : کۆما، کۆمەڵەشتێکی کەڵەکەکراو

**کونبڕکردن** : نەفەسبڕکردنی دەرودیوار، گرتنی کون و کەلەبەری جێیەک

**کۆنتراکت**: قۆنتەرات

**کورك** : باڵداری لەسەر هێلکە کڕکەوتوو

**کونچە** : کونچک،کونی زێدە وردیلەی پێست، مەسامات

**کووژەکە** : مورا، لەپکە، مووروویەکی شینە بۆ چاوەزار

**کەڕەنا**: شەیپووری مەزن، ئامرازێکی بۆرییئاسای موزیکە

**کەڤر** : بەرد

**کەڤنار**: دێرین، زۆر کۆن

**کەلاك** : لاشەی حەیوانی مردوو، لاک

**کەڵکەڵە**: خولیا، خەیاڵ، مەراق

**کەڵەك** : کەڵەس، بەلەمێکە لە کوندەی پفدراو و دار دروست دەکرێ بۆ پەڕینەوە لە ئاو

**کەندڕ** : گەوەڕ، لەغەم، کەندالێک بنەوەی ئاو دایدڕیبێ

**کەوشەن** : سنوور، سەرحەد

**کەوێڵ** : کوختە، کۆخ، زنج، خانووچکەی یەکچاوە (بەتایبەتی لەناو ڕەز و باخدا ). ئەشکەوت

**کەیل**: پڕ، مشت، تژی

**کێردەڵان** : زەویی چەقۆڕێژ، عەردی بە کێرد و چەقۆ داچێندراو ( بەردەڵان، زیخەڵان، بێشەڵان، قامیشەڵان ... )

## گ

**گاتا** : :بریتییە لە سروودی زەردەشت ، کە بە شیعر دانراوە. گاتاکان بەشێکن لە یەسنا (کە بەشێکی ئاڤێستایە)

**گازاندە** : گلەیی، گلە، گازن

**گازکردن** : بانگ کردن

**گازەرا** : کاریتەی پشت، گازی پشت، موورەغەی پشت، بڕبڕەی پشت، ناوەڕاستی پشت

**گازی پشت** : کاریتەی پشت، تیرەقەی پشت، بڕبڕە

**گاکوژ** : سیکاردی زل، کێردی فرەگەورە

**گرامەر** (گریکی): ڕێزمان، دەستووری زمان

**گڕان** : پێبوون، داگیرسان. شەوقدانەوەی چرا و مۆم و شتی وا / **دەگڕێ**: پێ دەبێ، دادەگیرسێ. شەوقدەداتەوە

**گڕکان** : بورکان، ئاگرپژێن، ئاگری

**گرفه** : کڵپه، نیڵه، لرفه، دەنگی بڵێسەی ئاگر

**گزره** : ئێزینگ، دەستەوار، چینەداری ئامادە بۆ سووتاندن

**گۆپکە** : پشکۆ، چرۆ؛ گۆی مەمک

**گۆشکردن**: فرچک دان، بەخێوکردن

**گۆل**: دەریاچە، زرێبار

**گوڵبانگ** : بانگ و خوێندنی جوان

**گوڵبەدەم** : زۆر ناسک ( بەتایبەتی بۆ بەری بێستان بەکار دێ، کە هێشتا کوریکی پێوە مابێ)

**گوڵبەژن** : گوڵەندام، بەژنزراو، بەژنباریک

**گوڵگوڵی**: ڕەنگین، ڕەنگاوڕەنگ

**گوللەبەند** : بازیبەند، نووشتەیەکە لە قۆڵ دەبەسترێ بۆ ئەوەی گوللە کار لە هەڵگرەکەی نەکا

**گوڵەستێره** : ئەستێرۆک، گوڵەئەستێره، گووئەستێره، گۆساره، گۆستێر، گیاندارێکی بچووکە شەوان دەدرەوشێتەوە

**گۆڵەی هەور** : هەورەتریشقە، گرمەی هەور

**گولی** : خۆره، دووزامی، گەڕی، پیسکی، گوڕییەتی

**گوێلەمست** : گوێڕایەڵ، بەقسەکەر، گوێدێر

**گەرداو** : گەڕاف، گەرداف، ڕەشەبای دەریا

**گەردنکێل** : گەردن بڵند، گەردن جوان و شوش

**گەردوگولی بەیانی** : کازێوە، بەیانی زوو

**گەرمەك** : گەرمک، کانی یا سەرچاوەیەک .. زستانان ئاوی گەرم بێ

**گەمار** : پیس، چەپەڵ

**گەمبۆڵ** : گۆڵەسەگی پیر

**گەمیە** : کەشتی، پاپۆڕ

**گەو**: ئەڵقە، بازنە

**گەوز** : تل /**گەوزدان**: تلدان، تلخواردن، گەوزین

**گێژخواردن** : گێجخواردن، خولخواردن بە دەوری خۆدا

**گێژاو** : گێژەن، گەڕی ئاو، شوێنی خولخواردنەوەی ئاو بە دەوری خۆیدا

**گێژەن** : گێژاو، شوێنی خولخواردنەوەی ئاو لە ڕووباران

## ل

**لاپاڵ** : قەدی شاخوداخ و گرد و زورگ و هەڵەت

**لاك** : کەلاک، لاشەی مردار، جەندەکی چوارپێی مردار

**لەگۆچوون**: سڕبوون، تەزین، ڕچان، ڕچین، بەستن

**لەنگەرگرتن**: داوەستان و مەیینی مەل بە هەواوە

**لێ**: بەڵام، ئەمما

**لێڕ** : دارستان، جەنگەڵ، لێڕەوار، مێشە

**لێوانلێو** : لێواولێو، لێوڕێژ ، پڕاوپڕ، تەواو تژی، کەیل

**لێوڕێژ** : لێوانلێو، لێواولێو، پڕاوپڕ، تەواو تژی، کەیل

**لێوە** : شێت، دین، دێوانە، ئاپتەر

## م

**ماخۆ** : خاوەن، خودان، خێو، ساحێب

**ماڵیژگە** : ماڵێکی خنجیلە و بچووک

**مجرۆ** : نابینا، کوێر، کۆرە

**مز** : دەستهەق، کرێ

**ملومۆکردن** : مڕومووش کردن، ملوموش و بۆن پێوەکردن

**ملەقوتە** : سەرەتاتکێکردنی گیاندار

**مۆتە** : مۆتەکە، مێردەزمە، سرنجک، کابووس

**مۆرد** : مۆرتک، مورتک

**مۆری**: موورروو

**مووکار** : تیغی زۆر تیژ

**موزێ**: مۆزەخانە، ئەنتیکەخانە

**مەخمەری**: مەخمەلی، قەدیفەیی

**مەزدە**: ناوی گەورەخوای ڕووناکییە لە ئاینی زەردەشتیدا

**مەکۆ** : حەشارگە، ڕوانگە؛ مەلبەند؛ کۆگە

**مەفتەن** : زێد؛ نیشتمان

**مەودابەزێن** : ئەوی بە سەر مەودا(مەسافە)دا زاڵە

**مەوکیب** ( عەرەبی ): کۆڕەوێکی شکۆدار  کە پێکهاتبێ لە پیادە یا سوارانی یاوەری گەورەپیاوێک

**مەیتەر** : سەیز، خزمەتکاری ئەسپ و وڵاغان

**مێردەزمە** :مێردەزمووکە، دێوەزمە، مۆتە، مۆتەکە، کابووس

**میرغەزەب** : سەربڕ، جەللا

## ن

**ناشنا** : نابەڵەد، غەریب، کەسنەناس، ناشناس

**نژدە** : ملەزەن، کۆران، ڕێگر، چەتە. دەستەی ڕێگران

**نووچە** : دەنگوباس

**نووچدان** : ڕەتبردن، ساتمەکردن، هەڵەنگووتن

**نووسکە**: نووزە، نووزانەوە، کڕووزانەوە؛ قرووسکە

**نۆما** : جوانووی دووساڵە، جوانەهەسپ و ماینی دووساڵە

**نەخشبەند** : نیگارکێش، هونەرمەندی شێوەکار

**نەرمەپێل** : شەپۆلی ئارام و گچکە

**نەستەلژی** ( گریکی ): تاسەی نیشتمان، سۆزی غوربەت

**نەوا**: پەنا، داڵدە، نووا، ئارامگە، جێی حەوانەوە

**نەواڵ**: نەواڵ، نوهاڵ، دۆڵ، شیڤ، دەرەی ناو شاخوداخان

**نەوخیزە** : گیای تازە شینبوو. گوڵی تازەپشکووتوو

**نیر** : نیل، نێلە، ئەو دارەی دەخرێتە سەر ملی گاجووت

**نێسکەنێسك**: لەنجەولاری ئەسپ، سەمای ئەسپ

**نێڵەنێڵ**:گرفەگرف، کڵپەکڵپ، لرفەلرفی هاڵاوی ئاگر

## و

**وانەك**: هین، هەرامە

**ورشە**: گرشە، درەوشانەوە، بریقە

**وردەپێل**: وردە شەپۆل

**ورینگە** : زەمزەمە، گۆرانیی سەبرۆکەی لەبەرخۆوە

**وەپاشکەوتن** ( لە کەسێک ): بەوەلەدبوون/ لەکێ وەپاش کەوتوون: لە پشتی کێ کەوتوونەتەوە.

**وەگیرهێنان** : دەستگیرکردن، گرتن، بەرزەفت کردن

**وەلانان**: بەلاوەنان، لادان؛ پشتگوێخستن

## ه

**هاتەهات**: دەنگۆ، قسەوقسەلۆك

**هاتوهەو** : قریوەقریو و هەوهەوی سواران

**هاوێرکردن**: لێکجووداکردنەوە(بەتایبەتی کارویەرخ لە پەز)

**هزر** : بیر

**هۆبە** : ئۆبە، هۆب، کۆمار، زۆم، کۆمەڵەڕەشماڵ

**هوندوڕ** : ناو، نێو، دوڕ، ژوورەوە

**هەتاوگاز** : هەتاوبردوو

**هەدادان** : ئۆقرەگرتن، دابین بوون، ئارام گرتن، داسەکنان،

**هەڕمێن** : ڕمێن، برەو، ڕەواج

**هەژمەت** : سوێ، داخ، حەسرەت

**هەش** : خم، خوم / **هەشبەسەر**: بەدبەخت، کلۆڵ

**هەلاج** : پەڕەکەر

**هەڵزنین** : سەرکەوتن، هەڵگەڕان ( بە بەرزاییدا)

**هەڵکورمان**: : خۆگرمۆڵەکردن، خۆگلۆڵەکردن

**هەنووکانە**: ئێستا، هەنووکە، نهۆ، نها، ئەلعان، نووکە

**هەنیە**: ئەنی، هەنی، ناوچەوان، تەوێڵ

**هەودا**: دەزوو، داو

**هەوك**: : ئەوک، قوڕگ، قڕگ، هەفک، گەروو، قوڕقوڕاگە.

**هەوینگ**: زەل و قامیشەلانی زۆنگاوان

**هەیوەشەو** : هەیڤەشەو، مانگەشەو

**هیریار** : ئامان، قاپوقاچاخ

**هێما**: ئاماژە، ئیشارە